سەیر بکەن چۆن پێشەوا ئەلبانی رحمە اللە ئەڵێ : لەبەر ئەوە بە کورتی دەڵێم : ئەو موزاهەرانەی ڕوو دەدات لە هەندێ وڵاتی ئیسلامی ئەسڵەن ئەوە دەرچوونە لە ڕێگای موسڵمانان وە خۆچواندنە بە کافران وە پەروەردگاری جیهانیان ئەفەرموێ : وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ **–لە هەموو شتێك-** نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا.

**لینکەکە**

http://www.alathar.net/home/esound/index.php?op=stit&cntid=79691

**فەتوای پێشەوا مقبل بن هادی رحمە اللە**

لە کتابی الحاد الخميني في ارض الحرمين ئەفەرموێ: ينبغي أن يعلم أن التظاهر بهذ الكيفية ليس إسلاميا فلا نعلمه ورد عن النبي -صلى الله عليه وعلى آله وسلم- أن يخرج جماعة يهتفون بشعار واحد، وليس إلا تقليدا لأعداء الإسلام وتشبه بهم والرسول -صلى الله عليه وعلى آله وسلم- يقول: «من تشبه بقوم فهو منهم».

أما مقاصده فمنها: التباهي على أهل السنة بالكثرة، وهذا منهي عنه، قال الله سبحانه وتعالى: (ولا تكونوا كالذين خرجوا من ديارهم بطرا ورئاء الناس ويصدون عن سبيل الله والله بما يعملون محيط).

**ئەڵێ: ئەوە ئیسلامی نیەو تەقلیدی دوژمنانی ئیسلامە !**

**ئەوەش لینکەکەی برۆنەسەر مەوقیعەکەی ئەو کتێبەو شتی تریشی تێدا بیخوێننەوە**

http://www.muqbel.net/files.php?file_id=7&item_index=5

## وه شێخێكی تر جەزائیریه شێخ محمد علي فركوس
## في حكم عموم الإضرابات والاعتصامات والمظاهرات

**السؤال:** شيخنا الفاضل إنّي أستاذ في قطاع التربية وفي الأيام المقبلة سيدخل عماله في إضراب من أجل مطالب موضوعية، فما حكم الشرع في الإضراب؟

**الجواب:** الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على من أرسله الله رحمة للعالمين، وعلى آله وصحبه وإخوانه إلى يوم الدين، أمّا بعد:

فالإضرابات بمختلف أنواعها من أساليب النظم الديمقراطية التي يمارس فيها الشعب مظاهر سيادته المطلقة، وتعد الإضرابات في عرف الديمقراطيين على الأوضاع القائمة ظاهرة صحة، يصحح بها الوضع السياسي أو الاجتماعي أو المهني من السيئ إلى الحسن، أو من الحسن إلى الأحسن، أما المنظور الشرعي للنظم الديمقراطية بمختلف أساليبها فهي معدودة من أحد صور الشرك في التشريع، حيث تقوم هذه النظم بإلغاء سيادة الخالق سبحانه وحقه في التشريع المطلق لتجعله من حقوق المخلوقين، وهذا المنهج سارت عليه العلمانية الحديثة في فصل الدين عن الدولة والحياة، والتي نقلت مصدرية الأحكام والتشريعات إلى الأمة بلا سلطان عليها ولا رقابة والله المستعان.

وهذا بخلاف سلطة الأمة في الإسلام فإن السيادة فيها للشرع، وليس للأمة أن تشرع شيئًا من الدين لم يأذن به الله تعالى، قال سبحانه: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ﴾ [الشورى: 21].

وعليه، فإن الإضرابات والاعتصامات والمظاهرات وسائر أساليب الديمقراطية هي من عادات الكفار وطرق تعاملهم مع حكوماتهم، وليست من الدين الإسلامي في شيء، وليس من أعمال أهل الإيمان المطالبة

بالحقوق ولو كانت مشروعة بسلوك طريق ترك العمل ونشر الفوضى وتأييدها وإثارة الفتن والطعن في أعراض غير المشاركين فيها وغيرها مما ترفضه النصوص الشرعية ويأباه خلق المسلم تربيةً ومنهجًا وسلوكًا، وإنما يتوصل إلى الحقوق المطلوبة بالطرق المشروعة، وذلك بمراجعة المسؤولين وولاة الأمر، فإن تحققت المطالب فذلك من فضل الله سبحانه، وإن كانت الأخرى وجب الصبر والاحتساب والمطالبة من جديد حتى يفتح الله وهو خير الفاتحين، فقد صحَّ من حديث عبادة بن الصامت رضي الله عنه ما يؤيد ذلك، حيث يقول فيه: «دَعَانَا رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وآله وسلم فَبَايَعْنَاهُ فَكَانَ فِيمَا أَخَذَ عَلَيْنَا أَنْ بَايَعَنَا عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ فِي مَنْشَطِنَا وَمَكْرَهِنَا وَعُسْرِنَا وَيُسْرِنَا وَأَثَرَةٍ عَلَيْنَا وَأَنْ لاَ نُنَازِعَ الأَمْرَ أَهْلَهُ، إِلاَّ أَنْ تَرَوْا كُفْرًا بَوَاحًا عِنْدَكُمْ مِنَ اللَّهِ فِيهِ بُرْهَانٌ»(١) وزاد أحمد: «وَإِنْ رَأَيْتَ أَنَّ لَكَ»(٢) أي: "وإن اعتقدت أنّ لك في الأمر حقًّا، فلا تعمل بذلك الظن، بل اسمع وأطع إلى أن يصل إليك بغير خروج عن الطاعة"(٣) وفي رواية ابن حبان وأحمد: «وَإِنْ أَكَلُوا مَالَكَ، وَضَرَبُوا ظَهْرَكَ»(٤)، وفي حديث ابن مسعود رضي الله عنه أن النبي صلى الله عليه وآله وسلم قال؟: «إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ بَعْدِي أَثَرَةً وَأُمُورًا تُنْكِرُونَهَا، قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا يَا رَسُولَ الله؟ قَالَ: أَدُّوا إِلَيْهِمْ حَقَّهُمْ، وَسَلُوا اللهَ حَقَّكُمْ»(٥).

وأخيرًا، نسأل الله أن يرينا الحق حقا ويرزقنا اتباعه، ويرينا الباطل باطلاً ويرزقنا اجتنابه، وآخر دعوانا أن الحمد لله ربِّ العالمين وصل الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وإخوانه إلى يوم الدين وسلم تسليما .

الجزائر في: 16 ذي الحجة 1426هـ

الموافق لـ: 16 جانفي 2006م

---

١ - أخرجه البخاري في الفتن 7056، ومسلم في الإمارة 4877، وأحمد 23347، والبيهقي 16994، من حديث عبادة بن الصامت رضي الله عنه.

٢- أخرجه أحمد برقم **(23405)**. وصححه الألباني في "ظلال الجنة": **(1028)**، وروى هذه الزيادة البيهقي في سننه كتاب القسم والنشوز من حديث أم أيمن رضي الله عنها **(15174)**

٣- فتح الباري لابن حجر: **(10/13)**.

٤- أخرجه ابن حبان **(4645)**، كتاب السير باب طاعة الأئمة، وابن أبي عاصم في السنة **(857)**، وصححه الألباني في تخريج السنة **(1026)**. أمّا رواية أحمد **(24140)** فهي بلفظ: "وإن نهك ظهرك وأخذ مالك" من حديث حذيفة رضي الله عنه.

٥- أخرجه البخاري في الفتن **(7052)**، والترمذي في الفتن **(2349)**، وأحمد **(3713)**، من حديث عبد الله بن مسعود رضي الله عنه.

**دەڵێ موزاهەرە لە ئەسالیبی ئیسلامی نیە بەڵكو هی كافرانە و دیموكراتی خوازەكانە كە دیموكراتیش شیركە لە تەشریع!**

**ئەوە لینكەكەی لە مەوقیعی خۆی**

http://www.ferkous.com/rep/Bb9.php

**ووتەو فەتوای تر زۆرن بەڵام ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی كەسەو تێئەگات و لەسەر مەنهەجی سەلەف لانادات!**

## ڕەددی گومانێكی حیزبیەكان (ئەوانەی خۆپێشاندان بە دروست ئەزانن):

**دیارە ئەم حیزبیانە هیچ بەڵگەیان نیە بەڵام لەبەر نەبوونی بیروباوەڕی دروست لە لایان دێن تەحریفی قورئان و سوننەت ئەكەن بۆ مەرامەكانیان! وە بەڵگەی لاوازو نا دروست ئەهێننەوە بۆ كارەكانیان، لە مەسەلەی خۆپێشاندان بەڵگەیەك ئەهێننەوە كە گوایە لە سەر دەمی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم كاتێ عمر كوڕی خطاب رضي الله عنه موسڵمان بووە موسڵمانەكان دەرچوونە بە كۆمەڵ! ئەو فەرموودە زۆر لاوازە ئەتوانن لە (سلسلة الاحاديث الضعيفة 6531) سەیری بكەن وە هەر لەوێ ببینن كە**

پێشەوا محمد ناصر الدين الالباني رحمه الله ئاماژە بەوە ئەکات حافظ ابن حجر رحمه الله بێدەنگ بووە لەسەر سەنەدەکەی –له فتح الباري– وە لەوە باشی نەکردووەو ڕوونی ئەکاتەوە کە لاوازە ئەوجا ئەڵێ :

ولعل ذلك كان السبب أو من أسباب استدلال بعض إخواننا الدعاة على شرعية ( المظاهرات ) المعروفة اليوم، وأنها كانت من أساليب النبي صلى الله عليه وسلم في الدعوة! ولا تزال بعض الجماعات الإسلامية تتظاهر بها، غافلين عن كونها من عادات الكفار وأساليبهم التي تتناسب مع زعمهم أن الحكم للشعب، وتتنافى مع قوله صلى الله عليه وسلم : "خير الهدى هدى محمد صلى الله عليه وسلم ".

واتە : وە لەوانەیە ئەوە هۆ بێ یان لە هۆیەکانی کردنە بەڵگەی هەندێ لە برا بانگخوازەکانمان بێ لەسەر شەرعیەتی خۆ پێشاندانەکانی کە ناسراوە لەم ڕۆژگارەمان، وە ئەوە ئەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەوە لە ئوسلوبەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بووە لە بانگەواز! وە بەردەوام هەندێ لە جەماعەتە ئیسلامیەکان خۆ پێشاندانی پێ ئەکات، **بێئاگا لەوەی کە ئەوە لە عاداتی کافرانە وە لەو ئوسلوبانەیە کە ڕێك ئەکەوێ لەگەڵ ئەو گومانەیان کە دەڵێن حوکم بۆ گەلە، وە ئەوە دژایەتی ئەکا لەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم : چاکترین هیدایەت و ڕێباز هیدایەت و ڕێبازی محمد یە صلى الله عليه وسلم.**

وە ئاگاداریەکیش لەلایەنی برای بچوکتان: باوکی حارث:

ئەگەر بێت و ئەو فەرموودە ڕاستیش بوا ئەوە الحمد لله نەدەبووە بەڵگە بۆ خۆ پێشاندان لە بەر ئەوەی بەو شێوەیە دەقەکە : (... فأخرجناه في صفين، حمزة في أحدهما وأنا في الآخر ولي كديد ككديد الطحين حتى دخلنا المسجد...) ئەوە چۆن ئەکرێتە بەڵگە بۆ خۆ پێشاندان و مان گرتن کە تەنها

ئەوەی تێدا دەرچوین بە دوو سەف دوو پۆل بەرەو مزگەوت تا چوونەتە مزگەوت !

ئەوە ئەگەر ئەو فەرموودە ڕاست بوایە نەدەبووە بەڵگە بۆ خۆپێشاندان بەڵام زۆر لاوازیشەو دروست نیە بیكەین بە بەڵگە یان بیگێڕینەوە !

## ووتەی شێخ صالح الفوزان لەسەر ئەوانەی تەكفیری حاكمەكان ئەكەن و دەرئەچن لەسەریان :

سؤال: من يكفر الحكام ويطلب من المسلمين الخروج على حكامهم هل هو من الخوارج؟

الجواب: هذا هو مذهب الخوارج إذا رأى الخروج على ولاة أمور المسلمين وأشد من ذلك إذا كفرهم فهذا من مذهب الخوارج.

واتە : پرسیار: ئەوەی حاكمەكان كافر بكات وە داوا لە موسڵمانان بكات كە دەربچن لەسەر حاكمەكانیان ئەوە ئەو كەسە لە خەواریجانە؟

وەڵام: ئەوە مەزهەبی خەواریجەكانە ئەگەر بڕوای بوو بە دەرچوون لەسەر وەلی ئەمرەكانی موسڵمانان وە لەوە توندتر و خراپتر ئەگەر كافریان بكات ئەوە لە مەزهەبی خەواریجەكانە.

سؤال: ما موقفنا من الذين يكفرون حكام المسلمين اليوم جملة وتفصيلا ؟ هل هم من الخوارج ؟ أفيدونا بارك الله فيكم وجزاكم خيرا ؟

جواب: الذين يكفرون حكام المسلمين هؤلاء من الخوارج.

واتە: هەڵوێستمان چۆن بێت بەرامبەری ئەوانەی حاكمەكانی موسڵمانان كافر ئەكەن ئەمڕۆ بە جوملەو تەفسیل –هەموویان– ئایا ئەوانە لە خەواریجەكانن؟ سوودمان پێ بگەینن بە وەڵامەكەتان خوا بەرەكەتتان بخاتە سەرو پاداشتی خێرتان بداتەوە؟

وەڵام: ئەوانەی حاكمەكانی موسڵمانان كافر ئەكەن ئەوانە لە خەواریجەكانن.

(دروس في شرح نواقض الاسلام صفحة 174– الطبعة الثالثة مكتبة الرشد–

لە كۆتایی : مـن داوا دەكـەم لـە هـەموو موسـڵمانان چـیتر بـەو حیزبـە بـەناو ئیسلامیانەو تەكفیریانـەو ئـەو خەڵكـەی كـە لادەرن لـەدین نەخەڵـەتێن ئێمـە لەسەرمان واجبە شوێنی ئەوە بكەوین كە خوا عز وجل بۆ پێغەمبـەری صـلى الله علیه وعلى الـه وسـلم دابەزانـدووە نـابێ شـوێنی هـیچ شـتێك بكـەوین كـە پێچەوانەی ئەوەیە خوا دایبەزاندووە وەك خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلَـا تَتَّبِعُـوا مِـنْ دُونِـهِ أَوْلِيَـاءَ قَلِيلًـا مَـا تَـذَكَّرُونَ (3)﴾ الاعراف.

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ الحشر(7) واتە : ( وە ئەوەی نێردراوی خوا =پێغەمبەر= بۆی هێناون و فەرمانتان پێ دەكـات وەری بگـرن و ملكـەچ بـن بۆی وە ئەوەی كە نێردراوی خوا نەهیتان لێ ئەكا لـە سـەری ئـەوە وازی لـێ بێنن دوور كەونەوە لێی وە لە خوا بترسن خۆتان بپارێزن لـە سـزای خـوا بـێ گومان خوا سزایەكەی وە تۆڵەی توندو بە هێزە ) .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ النـور 63 واتـە : ( بـا بترسـن ئەوانـەی پێـچەوانەی فەرمانەكانی پێغەمبەری خوا ئەكەن لەوەی توشی فیتنە بن _توشی گومڕایی و هاوبەش دانان بن_ وە توشی سزایەكی توند بن _لە دونیاو دواڕۆژ_ ) .

ئەوجا ئاگادار بە دینی خۆت وێران مەكە بۆ قـازانجی دونیـای ئـەو حیزبانـە ! مەهێڵە بتكەنە سوتەمەنی بەرژەوەندی شەخسی و حیزبی بەناوی موعارەزەو داوا كردنی مافی خەڵكی ! ! ! وە ئـەو بەڵگانـە بخوێنـەوەو دوای حـەق بكـەوە نەك هیچ شەخسێك یان حیزبێك كە پێچەوانەی حەق بكات جـا لـە هـەر پلـەو پایەیەك بێت، داوا لە خوا عز وجل ئەكەم كە ڕاگیرمان بكـات لەسـەر حـەق و

بمان پارێزێ لە فێڵی چەواشەکاران تەنها خوا عز وجل شایانی ئەوەیە داوای لێ بکەین بمان پارێزێ.

## ئیسلام بەریە لە حیزبایەتی و تەفرەقە کردن و بیدعەی حیزبایەتی

ئیسلام دینێکی تەواوەو کاملە هیچ نەقسێکی تێدا نیە، هەر بەوەش دەوترێ ئیسلام کە بەوەحی بۆ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دابەزیوە، ئەوەی لەکاتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دین نەبوبێ ئەوە ئێستا نابێتە دین! وەك پێشەوا شاطبي لە کتابی الاعتصام لە ابن الماجشون گێڕاویەتیەوە کە بیستویەتی لە پێشەوا مالك رحمهم الله ئەفەرموێ : (من ابتدع في الإسلام بدعة يراها حسنة زعم أن محمدا صلى الله عليه و سلم خان الرسالة لأن الله يقول : { اليوم أكملت لكم دينكم } فما لم يكن يومئذ دينا فلا يكون اليوم دينا) واتە : (ئەوەی بیدعەیەك شتیکی تازە لە ئیسلام دابهێنێ وە بە چاکیشی بزانێ ئەوە وا گومان ئەبات کە محمد صلى الله عليه وعلى اله وسلم خیانەتی لە پەیامەکەی کردووە چونکە خوا ئەفەرموێ { اليوم أكملت لكم دينكم } {واتە : ئەمڕۆ دینەکەم بۆ تەواو کردوون} جا ئەوەی ئەو ڕۆژە دین نەبوبێ ئەوە ئەمڕۆ نابێتە دین ) .

یانی شتێ لەسەردەمی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دین نەبێ چۆن ئەمڕۆ دەبێتە دین یانی ئەوکەسەی بیدعەیەك دابێنی و بیکاتە دین وبەباشی بزانێ وا گومانی بردووە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دینەکەی شاردۆتەوەو خیانەتی کردووە! چونکە ئەو دینە تەواو بووە چۆن ئەبێ شتێ لەدین بێ و پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە ئێمەی ڕانەگەیاندبێ!؟ بەڕاستی بیدعەو بیدعەچیەکان شتێکی ناشیرن و قەڵپن بونەتە ماڵ بەسەر ئیسلامەوە! بەڵام هەر خۆیان ناشیرین ئەکەن و

ئیسلام بەپاکی ئەمێنێ، کەسانێکیش هەر ئەمێنن چەواشەو بیدعەیان ئاشکرا بکەن! بۆ ئەوەی زیاتر خەتەری بیدعە بزانن با بچینە سەر چەند ئایەت و فەرمودەیەك کە لە بیدعە ئاگادارمان ئەکەنەوە:

خوای بەر ئەفەرموێ : ﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا . الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا﴾ الکهف 103و104 واته : (ئەی پێغەمبەری خوا پێیان بڵێ ئایا پێتان بڵێم و هەواڵتان پێبدەم بەوانەی کە کردەوەکانیان بەتاڵەو سودی لێنابینن و مایەی زەرەرە بۆیان ئەوانە کە هەوڵ و تێکۆشانیان و کردەوەیان لە ژیانی دونیا بە فیڕۆ ئەچێ و وەرناگیرێ وە ئەوان واش ئەزانن کە کردەوەی چاکیش ئەکەن و پاداشتی لەسەر وەر دەگرن) .

ئەو ئایەتە بۆ موشریك و بۆ موسڵمانی بیدعە چیشە دەتوانن سەیری تەفسیری ابن کثیر بکەن یانی موسڵمان بیدعە ئەکات خۆی ماندوو ئەکات واش ئەزانێ پاداشتی لەسەر وەردەگری کەچی لای خوا کردەوەکەی بەتاڵە ! ! !

ئەوجا دیاریشە تەمەنی حیزبایەتی زۆر کورتەو شتێکی تازە داهێنراوەو پێشتر لە سەردەمی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم و سەردەمی صەحابەکان رضي الله عنهم نەبووە ! پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئێمەی ئاگادار کردووەتەوە لە هەموو شتێکی تازە داهێنراو لە دین و بە گومڕایی و سەر لێشێواوی داناوەو بۆی ڕوون کردوینەوە کە بەرەو ئاگرمان ئەبات وە ئاگاداری کردوینەوە کە لەکەس وەرناگیرێ و پێی لە خوا نزیك نابینەوە وەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لە کاتی وتار خوێندنەوەی هەموو جارێك ئەمەی دووبارە ئەکردەوە ئەیفەرموو : (فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَخَيْرُ الْهُدَى هُدَى مُحَمَّدٍ وَشَرُّ الْأُمُورِ

مُحْدَثَاتُهَا وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ) رواه مسلم واتە : (بە تەئكید باشترین قسە بكرێ و بگێڕدرێتەوە كتابی خوایە وە باشترین ڕێی نیشاندراو و بانگ بۆ كراو ئەو ڕێیەیە كە پێغەمبەری خوا محمد صلى الله علیە وعلى الە وسلم نیشانی خەڵكی داوەو بانگیان ئەكا بۆی وە خراپترین شتانێك شتە داهێنراوەكانن كە لەو ڕێگەیە نیە كە پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم نیشانی خەڵكی داوەو بانگەوازی بۆ كردووە وە هەموو بیدعەیەك شتێكی تازە داهێنراو لەدین گومڕایی و سەرلێشێواویە) .

وە لای نسائي ئەو زیادەش بە صەحیحی هاتیە : (وكل ضلالة في النار) صححه الالباني في صحيح النسائي واتە : (وە هەموو گومڕایی و سەرلێشێواویەك كە لەدین نیەو زیاد كراوە بۆی لەناو ئاگرە) .

وە هاتووە لە العرباض بن سارية رضي الله عنه دەفەرموێ : (وعظنا رسول الله صلى الله عليه وسلم موعظة وجلت منها القلوب وذرفت منها العيون فقلنا يا رسول الله كأنها موعظة مودع فأوصنا قال : أوصيكم بتقوى الله والسمع والطاعة وإن تأمر عليكم عبد وإنه من يعش منكم فسيرى اختلافا كثيرا فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين عضوا عليها بالنواجذ وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل بدعة ضلالة) رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وابن حبان في صحيحه وقال الترمذي حديث حسن صحيح (صحيح الترغيب والترهيب) واتە : (پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم ئامۆژگاریەكی كردین ئامۆژگاریەكی وا چاوەكان لەگەڵی فرمێسكیان لێ هاتە خوارو دڵەكان لەگەڵی ترسان و ڕاچلەكین جا ووتمان : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم ئەو ئامۆژگاریە ئەڵێی ئامۆژگاری كەسێكە كە ماڵ ئاوایی ئەكات و ئاخیر ئامۆژگاریەتی لەبەر ئەوە وەسیەتمان بكە فەرمانمان پێ بكە چی بكەین پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم فەرمووی : وەسیەتتان

فەرمانتان پیَ ئەكەم بە گوێڕایەڵی كردن و لەفەرمان دەرنەچونی سەرۆكتان ئەگەر عەبدێكش بوو بە سەرۆكتان وە ئەوەی بژی لەئێوە خیلافێك و لێك جیا بونەوەیەكی زۆر دەبینیَ جا دەست بگرن بە ڕێبازی من وە ڕێبازی خەلیفەكانی كە لەسەر حەقن و خەڵكی بۆ حەق بانگ ئەكەن و ڕێی حەقیان نیشان ئەدەن ئەو ڕێبازە بە ددانی كاچیلكەكان بگرن و بیگەزن بەتوندی بیگرن وە ئاگادارتان ئەكەمەوە لە شتە تازەكان و زیاد كراوەكان بزانن بەتەئكید هەموو شتێكی بیدعە تازە داهێنراو گومڕایی و سەرلێشێواویە ) .

وە ئەفەرمویَ : (من عمل عملا ليس عليه امرنا فهو رد) رواه مسلم واتە : (هەر كەسێك كردەوەیەك بكات كە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوە ڕەد ئەكرێتەوەو وەرناگیریَ) .

لەم فەرموودانە ئەبینین چۆن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئوممەتەكەی ئاگادار كردۆتەوە تەنانەت لە هەموو وتارەكانی ئاگاداری كردوینەوە لەو شتانەی لەدین زیاد ئەكریَ كە لە ڕێبازی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم و خەلیفەكانی رضي الله عنهم نیە وە بەسەر لێشێواوی داناوەو پێی ڕاگەیاندوین كە بۆ ناو ئاگرە ئیتر شتێك بۆ ناو ئاگر بێت و بیدعەو سەرلێشێواوی بێت بە چ عەقڵێك كەسێك دیَ بەناوی ئیسلام بە ئێمەی ئەفرۆشیَ و بەهۆی سەركەوتنی ئیسلامی ئەزانیَ اف لكم بەڕاستی هەر ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویَ : (اذا لم تستحي فاصنع ما شئت) رواه البخاري واتە : (ئەگەر شەرمت نەكرد چی ئەكەی بیكە =چونكە ئەوەی شەرمی نەما لەهیچ ناگەڕێتەوە=) .

وە لەگەڵ ئەوەی حیزبایەتی بیدعەیەو شتێكی بۆ دین زیاد كراوە سەبەبی تەفرەقەو لێك ترازانی موسڵمانانە وەك ئەبینین چۆن موسڵمانان پارچە پارچە بوون و بوونەتە حیزب و فیرقەی لە یەك جوداو دژ بەیەك! جا پێویست

بەنمونەش ناكا بینیوتانە چۆن لەیەكتر جودا ئەبنەوەو دژایەتی یەكیش ئەكەن و پاشقولْ لەیەكتر ئەگرن و یەكتر ئەفرۆشن! هەندێكیش بەخەون بوونەتە حیزبی و لەوەشە بەخەون جودا بوونەتەوە! پرسیارێكی زۆر سادەشیان لیْ بكە لەسەر چی دژایەتی یەك ئەكەن و لەبەر چی لەیەك جودا بونەوە وە كە لەناو یەك حیزبیشن لەسەر چی دژایەتی یەك ئەكەن ئەگەر وەلامیان نەدانەوە ئەوە من ئەلێم شەرم ئەكەن وەلام دەنەوە چونكە لەسەر دونیاو مەنسەبە هەشە بۆی هەیە لەبەر خەون بینینی بێت!!!

بەهەرحالْ دەزانین لە قورئان و سوننەتیش نەهیمان لێكراوە لە تەفرەقەو لێك جودا بوونەوەو ئەوە بە هۆی لاوازی و ژێردەستەییمان داندراوەو دەبێتە هۆی توشبوونی سزای خوا لە قیامەت! من لە خزمەتتانا چەند ئایەت و فەرموودەیەكتان بیر ئەخەمەوە تا بزانن حیزبایەتی بە ناوی ئیسلام چەند جێی دەبێتەوە لە ئیسلام!

خوای بەرز ئەفەرمویْ : ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ ال عمران 103 واتە : (دەست بگرن بەدینی خوا هەمووتان لەسەری كۆبن وەنەكەن لێی جودا ببنەوەو تەفرەقە بكەن) .

لەو ئایەتە ئاشكرایە كەنەهیمان لیْ كرایە لەتەفرەقەو فەرمانمان پێكرایە لەسەر دین كۆ ببینەوە نەك لەسەر هیچ شتێكی تر!

وەخوای بەرز ئەفەرمویْ : ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ الانعام 159 واتە : (ئەوانەی دینی خۆیان پارچە پارچە كردووەو بوونەتە كۆمەڵی لێك جودا تۆ لەوان بەری ئەی پێغەمبەری خوا حوكمی وان لەو تەفرەقەیە بۆ لای خوایە لە قیامەت ئەوەیان پیْ ڕادەگەیەنیْ كە لە دونیا كردویانە توشی سزای خۆیان ئەبن) .

ئەو ئایەتە هەڕەشەیەكی زۆر توندە بۆ ئەهلی تەفرەقەو ئەهلی بیدەع بۆ هەموو ئەوانەی پێچەوانەی قورئان و سوننەت ئەكەن و تەفرەقە ئەكەن بەوەی كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لێیان بەریە ! ئایەتەكەش عامە بۆ ئەهلی كتاب و بۆ ئەو ئوممەتەشە بۆ هەموو ئەهلی بیدەع دەتوانن سەیری تەفسیری ابن كثیر بكەن رحمه الله .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ ال عمران 105 واتە : (وە ئێوە وەك ئەو ئوممەتانەی پێش خۆتان مەبن كە تەفرەقەیان كردو جیاوازی كەوتە نێویان و لەحەق لایاندا پاش ئەوەی لەلایەن خوا ئایەتی ئاشكراو ڕوونكەرەوەیان بۆ دابەزی وە ئەوانە سزایەكی گەورەیان بۆ هەیە) .

لەو ئایەتە ئەبینن تەفرەقە سیفەتی جولوكەو دیانەكان بووە ئێمە نەهیمان لێكراوە وەكو ئەوان بین وە دیارە بەئاشكرا لە ئایەتەكە هەڕەشە هەیە بۆ ئەهلی تەفرەقە بەوەی سزای توندیان بۆ ئامادە كراوە .

وە لەدوای ئەو ئایەتە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ (106) وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِي رَحْمَةِ اللَّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (107)﴾ آل عمران واتە: (ڕۆژێك كە قیامەتە هەندێ ڕوو سپی ئەبن وە هەندێ ڕوو ڕەش ئەبن جا ئەوانەی ڕویان ڕەش بووە پێیان ئەوترێ ئەوە دوای ئیمانتان كوفرتان كرد دە سزا نۆش كەن بە هۆی ئەوەی كوفرتان ئەكرد . بەڵام ئەوانەی ڕوویان سپی بووە ئەوان لە ڕەحمەتی خوا دان تێیدا ئەمێنن هەتا هەتایی).

جا ئەو ئایەتانە دەربارەی كافرانە بەڵام بۆ موسڵمانی موبتەدیعیشە بەقەدر بیدعەكەی ڕووی ڕەش ئەبێ موبتەدیع ابن كثیر رحمه الله لە تەفسیرەكەی

ئەفەرموێ : (وَقَوْلُهُ تَعَالَى: {يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ} يَعْنِي: يَوْمَ الْقِيَامَةِ، حِينَ تَبْيَضُّ وُجُوهُ أَهْلِ السُّنَّةِ وَالْجَمَاعَةِ، وَتَسْوَدُّ وُجُوهُ أَهْلِ الْبِدْعَةِ وَالْفُرْقَةِ، قَالَهُ ابْنُ عَبَّاسٍ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) یانی ڕووی ئەهلی سوننەو جەماعەت سپی ئەبێ وە ڕوی ئەهلی بیدعەو تەفرەقە ڕەش ئەبێ ئەوە ابن عباس رضي الله عنهما وای فەرمووە.

لێرە شتێكی گرنگ هەیە لە ووتەی ئەو صەحابە بەڕێزە رضي الله عنه بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، ئەویش ئەبینین ناوی ئەهلی سوننەو جامەعەتە كە ئەهلی سوننە جەماعەتیشن وە ئەبینین ئەهلی بیدعە ئەهلی تەفرەقەشن ئەهلی بیدعەو تەفرەقە، لەبەر ئەوەشە شێخی ئیسلام ابن تیمیة رحمە الله ئەڵێت : (والبدعة مقرونة بالفرقة كَمَا ان السّنة مقرونة بِالْجَمَاعَة فَيُقَال أهل السّنة وَالْجَمَاعَة كَمَا يُقَال أهل الْبِدْعَة والفرقة) الاستقامة 42/1 واتە : (وە بیدعە لكێندراوە بە فیرقە چۆن سوننەت لكێندراوە بە جەماعەت دەوترێ ئەهلی سوننەت و جەماعەت هەر وەك دەوترێ ئەهلی بیدعەو تەفرەقە).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (31) مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ (32)﴾ الروم واتە : (حاڵتان وابێ بگەڕێنەوە بۆ لای خوا وە خۆتان بپارێزن لەسزای خواو لێی بترسن وە نوێژتان بكەن بە ڕێكی وە لە هاوبەش دانەران مەبن . لەوانەی دینی خۆیان پشت گوێ خستووەو پارچە پارچەیان كردووە دوای ئارەزوو كەوتوون وە بوونەتە كۆمەڵ كۆمەڵی لێك جودا هەر حیزبەو بەوەی خۆی دڵ خۆشەو خۆی بەحەق ئەزانێ) .

لەو ئایەتە خوای بەرز ئەمانترسێنێ، وە نەهیمان لێ دەكات لەوەی وەك هاوبەش دانەران بین، لەوەی وەك ئەوان دین بەش بەش بكەین، وە ببینە كۆمەڵی لەیەك جودا، ئەوەش ئەبینن كە هاوبەش دانەران كافرەكان چۆن

تەفرەقە هەیە لەناویان، وە بەناوی دیموكراتی بونەتە حیزبی لێك جودا و مونافەسەی یەك ئەكەن، بەڵام لەوە سەیر تر موسڵمانان شوێنیان ئەكەون، وەكو وان دەكەن، بەڵام پێتان سەیر نەبێ! ئەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم هەواڵی پێداوین كە بەردەوام كەسانێك ئەبن چاو لە جولەكەو دیانەكان ئەكەنەوە لە هەموو شتێك، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (لتتبعن سنن من قبلكم شبرا بشبر وذراعا بذراع حتى لو دخلوا جحر ضب تبعتموهم قيل : يا رسول الله اليهود والنصارى ؟ قال : فمن) متفق علیه واتە : (شوێنی ڕێگای ئەوانەی پێش خۆتان ئەكەون بست بە بست وە باسك بە باسك هەتا ئەگەر بچنە نێو كونی بزن مژەوە ئێوەش لە دوایان ئەچن ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم مەبەستت جولەكەو دیانە؟ فەرمووی : ئەی كێ) .

جا بەداخەوە كە ئەبینین جولەكەو دیان و كافرەكان حیزبایەتیان داناوە كەسانێك بەناوی ئیسلام ڕێك لە چاویان ئەكەنەوە! سەیرو سەمەرەیەكی زۆر سەیر ئەندامی مەكتەبی سیاسی حیزبێكی بەناو ئیسلامی لە نوسینێكی بە حیساب ڕەخنەی لەخۆیان ئەگرێ ئەڵێ حیزبە ئیسلامیەكان لەشێوەی ڕێك خستنیان چاویان لە حیزبی شیوعی كردۆتەوە تا ئێستاش! اف لكم بەڕاستی شتێكی ناشیرنە بەناوی ئیسلام چاو لە شیوعی بكەیتەوە ئاخر من خەمی ئەو كەسانە ئەخۆم كە بەو حیزبیانە خەڵەتاون! خوا پەنامان بدات پێغەمبەریش صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (من تشبه بقوم فهو منهم) رواه احمد وابو داود واتە : (ئەوەی خۆی بەقەومێك بچوێنێ ئەوە لەوانە) .

باشە ئێوە چۆن ئەو جورئەتە ئەكەن شتێك لە شیوعی و كافران وەرتان گرتبێ ناوی ئیسلامی لێ بنێن! ؟ وە ئامۆژگاری ئەوانە ئەكەم كە دین ئەكەنە پەردەیەك و چەواشەی پێئەكەن لە خوا بترسن ئەو ئایەتە بخەنە بەرچاوتان

كە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا يَكْسِبُونَ﴾ البقرة 79 واتە : (سزایەكی توند بۆ ئەو كەسانەیە كە كتاب ئەنوسنەوە بەدەستی خۆیان پاشان ئەڵێن ئەوە لە لایەن خواوەیە بۆ ئەوەی پاداشتێكی كەم بەدەست بێنن پێی دونیایان دەست بكەوێ بەناوی ئەو كتابە كە بەدرۆ ئەڵێن لە لایەن خواوەیە سزای توند بۆ ئەوانە لە سەر ئەوەی بە درۆ بەدەست نوسیویانەو وە سزایەكی توند بۆ ئەوان لەسەر ئەوەی بە دەستیان دەكەوێ لە سەر ئەو كارە) .

بەڕاستی گەورەترین تاوان ئەوەیە ئیفتیراو بوختان بكەیت بۆ دین خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا لِيُضِلَّ النَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ الانعام 144 واتە : (جا كێ هەیە لەو كەسە ستەم كارتر بێت كە درۆ ئەكات و بۆختان بەناوی خوا ئەكات بۆ ئەوەی خەڵك لە ڕێی هیدایەت لادات و گومڕایان بكات بە نەفامی و نەزانی خۆی بە تەئكید خوا هیدایەتی قەومی ستەم كاران نادات) .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ الانفال 46 واتە : (وە گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی بكەن وە نەكەن تەفرەقە بكەن و لێك جودا بنەوە وابكەن فەشەل ئەهێنن و هێزو تواناتان نامێنێ لاواز ئەبن وە ئارام بگرن بە تەئكید خوا لەگەڵ ئەو كەسانەیە كە ئارام گرن).

لەو ئایەتە دەبینن خوای بەرز ئاگاداری كردوینەتەوەو ڕوونی كردۆتەوە بۆمان كە تەفرەقە هۆی لاواز بوونە، كەچی حیزبیەكان ئەڵێن نا حیزبایەتی ئێمەو تەفرەقەو لێك جودا بونمان بۆ سەركەوتنی ئیسلامە ! ئیتر پەنا بگرین بە خوا لەو گومانە خراپانەی ئەو حیزبیانە، كە وەك چۆن ڕۆژ لە ئاسمان دیارە

ئەویش دیارە كە باتڵە بەڵام هێشتا خەڵكێكی زۆریان بۆ خەڵەتاوە لەبەر ئەوە دائیمەن لە خوا بپاڕێوە بت پارێزێ لەو گومانانە .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (118) إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ (119)﴾ هود واتە : (ئەگەر پەروەردگارت ویستبای خەڵكی هەموو ئەكردە یەك ئوممەت لەسەر یەك دین كۆی ئەكردنەوە وە بەردەوام خیلاف ئەبێت لە بەینی خەڵك و لەحەق جودا ئەبنەوە ئیللا ئەوانە نەبن كە پەروەردگارت ڕەحمی پێ كردوون وە بۆ ئەوەش دروستی كردوون وە قسەی بڕیاری پەروەردگارت تەواو بووە بەوەی بڕیاری داوە كە جەهەننەم پڕ بكات لە جن و مرۆڤەكان ئەوانەی كە دوای باتڵ ئەكەون و خیلافی حەق ئەكەن).

لەو ئایەتە خوای بەرز بۆی ڕوون كردوینەتەوە كە ئەوانەی ڕەحمی خوا ئەیانگرێتەوە ئەو كەسانەن كە خیلاف و تەفرەقە ناكەن وە ئەوەش لە ئایەتەكە تێدەگەین كە ئەهلی ئیختیلاف و تەفرەقە ئەهلی ڕەحمەت نین!

لێرە دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم كە زۆر جار ئەهلی بیدعە ئەهلی تەفرەقە لە حیزبیەكان و غەیری وان هەندێ گومان ئەهێنن بۆ ئەوەی باتڵەكەو حیزبایەتی و تەفرەقەیان بە حەق نیشان بدەن! یەكێك لەو گومانانە فەرمودەیەكی هەڵبەستراو (موضوع) ئەهێنن دەڵێن پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرموویەتی : (اختلاف امتي رحمة) موضوع لا اصل له واتە : (بونی خیلاف لە بەینی ئوممەتی من ڕەحمەتە) ئەو فەرموودە هیچ سەنەدێكی نیە پێشەوا الباني رحمه الله لە سلسلة الاحاديث الضعيفة ژمارە 57 ئەفەرموێ (لا اصل لە) وەلە ضعيف الجامع ژمارە 230 ئەڵێ : (موضوع) یانی ئەو فەرموودە درۆو هەڵبەستراوە بەناوی پێغەمبەری خوا

صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەوە بۆتان نابێتە بەڵگە وە ئایەتەکەش ڕوونـە لەوەی کە ئیختیلاف زەم کراوەو خوای بەرز پێی ڕازی نیە بەڵام حیزبیەکان و ئەهلی بیدەع بە گشتی بەڵگەیان نیە ئیتر هەر شـتێکیان دەسـت کـەوێ پـڕی ئەدەنێ نازانن دوایی زەرەریشی بۆ خۆیان هەیە ئەبێتە بەڵگە بەسـەریانەوەو دەبێتە نیشانەیەکی تر بۆ ئەوەی بناسرێنەوە کە دوای بەڵگەی ڕاست ناکەون تەنها دوای تەم و مژ کەوتون!

وە هەروەها ئـەو فەرموودەیـە کـە ئـەوەی تیایـە : (واخـتلاف أصـحابي لكـم رحمة) هەڵبەسـتراوەو درۆیـە سـەیری سلـسلة الاحاديـث الـضعيفة ژمـارە 59 بکەن کە پێشەوا البانی رحمه الله ئەڵێ (موضوع).

وە زۆر جاران حیزبیەکان کە پێیان بڵێی بۆ لەیەك جودا ئەبنـەوەو تەفرەقـە ئەکەن کە ئەو هـەموو دەقـەی قورئـان و سـوننەتیش ئـەبینن لـەوەی زەمـی تەفرەقە ئەکەن!؟ لە جیاتی بەخۆدا بچنەوە، دێن دەڵـێن ڕا جیـایی شـتێکی ئاساییە، دەڵێن صـەحابەش رضـي الله عـنهم خـیلاف هـەبووە لەبـەینیان! وە پێشەوای مەزهەبەکان و تا ئێستاش زانایان هەر خیلاف هەبووە لە بەینیان! لەوەڵامیان ئەڵێین : بەڕاستی ئەوە تەعنێکی زۆر گەورەیە لە صەحابە رضـي الله عنهم، وە لە پێشەواو زانایانی ئیسلام، چونکە قەت خیلافی وان لەسەر ئەو شتانە نەبووە کە ئێوە لەسەرین، ئەوان دوای بیدعـە نەکـەوتبون، وە کاتێـك بەڵگەیان ببیستبا یەکسەر ملکەچ ئەبوون، ئەوان لەو شتانە خیلافیان هەبووە کـە بەڵگـەیان نەبیـستووە تیایـدا یـان بۆیـان سـابت نـەبووە لـە مەسـەلە ئیجتیهادیـەکان! نـەك ئـەوان دوای هـەواو ئـارەزوو کـەوتبن، مەبەسـتیان وەدەست هێنانی کورسی و مەنسەب و بودجـە بـوبێ، یـان دەسـتیان نابێتـە دەسـتی شـیوعی و عـەلمانیان و ڕیکلامیـان بۆیـان کردبـێ تـا خـەڵك هـەڵیان بژێرێ! ئاخر ئێوەی حیزبی چۆن خۆتان دێننە ڕیزی ئەوان!؟ بەڕاستی ئەوە

شەرمە ئەوە تەعنێکی گەورەیە لە صەحابە کە ئێوە نەك وەکو ئەوانیش نین بەڵکو تەعنیان لێئەدەن ئەوە نیە سید قطب تەعن ئەدا لێیان، وە ئـەوە نیـە علی باپیر تەعن ئەدا لە معاویە رضي الله عنه وە لەچەند صەحابەیەکی تر کە دەڵێ پێیان ناڵێین رضي الله عنهم دەڵێین غفر الله لهم! کە حوکمی تەعنـەدان لە صەحابە لای ئەهلی سوننە مەشهورەو دیارە! دوایش باسی ئەکەین.

ئەوجا ئەوەی اخـوان المـسلمين ی دامەرزانـدووە حـسن بنـا کەسـێکی سـۆفی بووەو لەسەر تەریقەی سۆفی بـووە ئـەهلی مـەولود خوێندنـەوەو چـونە سـەر قەبری پیاو چاکان بووە! ئیتر بزانم چۆن حیزبیـەکان دەتـوانن بڵـێن خـیلاف ئێمەش وەك هی صەحابەیە رضي الله عنهم؟! وە ئەوە نیە علـی بـاپیریش و هەموو حیزبـە ئیـسلامیەکان بیدعـەی مـەولود و غـەیری ویـش ئەشـەرعێنن و تەپڵ و زوڕنای حەڵاڵ ئەکەن و لە هەمووی گەورە تر ئەو قسە ناشیرنەی علی باپیر کە ووتویەتی لەگەڵ مەلائیکەت شەڕ ئەکا ئەگەڕ شەڕی کـورد بکـەن تـا ئێـستاش نـەم زانیـە لێـی پەشـیمان بوبێتـەوە! خـۆ ڕەددیـشی دراوەتـەوە لەسەری ئاخر چۆن ئێوە خیلافی خۆتان ئەخەنە ڕیزی ئەو خیلافـەی لەبـەینی صەحابە رضي الله عنهم ڕووی داوە کەی ئەوان حیزبایەتیان کردووەو حەزیان بە تەفرەقە بووە!؟ کەی ئەوان دوای ئەوانە کـەوتوون کـە بـیری خـەواریج و تەکفیریان هەبوبێ و تەعن لە سوننەت بدەن!؟ کەی صەحابە رضي الله عنهم بێدەنگیان لەیەك بیدعە کردووە کە ئێوە ئێستا بیدعە ڕەواج پێدەدەن وە لە جیاتی قورئان و سوننەت گۆرانی و مۆسیقای بۆ خەڵکی لێـدەدەن و حـەڵاڵی ئەکەن! ئاخر پەنا بەخوا لە چەواشـەکانتان هیـچمان لەدەسـت نایـە دەڵـێین خوا هیدایەتتان بدات ئەوە باسی ئەوەش ماوە کە ناوی خواتـان کـردووە بـە ڕیکلام و بوونەتە سەبەبی ئەوەی سوکایەتی پێ بکرێ و بخرێتە ژێر پێ! زۆر شتی تریش هەیە بیڵێم بەڵام لکل مقام مقال!

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ الانعام 153

واتە : (وە ئەوە ڕێگای ڕاستی منە خواری و پێچ و پەنای تیا نیە جا دوای ئەو ڕێگایە ڕاستە بکەون وە نەکەن دوای ئەو ڕێگایانە بکەون کە پێچەوانەی ئەو ڕێگا ڕاستەیە چونکە لەو ڕێگا ڕاستەتان جیا ئەکەنەوەو بە لای چەپ و ڕاستان ئەبەن بەرەو جەهەننەم ئەوە فەرمان و وەسیەتی خوایە بۆ ئێوە ئامۆژگاری پێ کردوون بەڵکو خۆتان لەسزای خوا بپارێزن بە جێ بەجێ کردنی ئەو فەرمانەی) .

لەو ئایەتەش ڕوونە کە ڕێگای ڕاستی خوای بەرز یەك ڕێگایە وە ڕێگای جەهەننەم زۆرن!

وە هاتووە لە عبد الله ی کوڕی مسعود رضي الله عنە ئەفەرموێ : ( خَطَّ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَطًّا بِيَدِهِ ثُمَّ قَالَ هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ مُسْتَقِيمًا قَالَ ثُمَّ خَطَّ عَنْ يَمِينِهِ وَشِمَالِهِ ثُمَّ قَالَ هَذِهِ السُّبُلُ وَلَيْسَ مِنْهَا سَبِيلٌ إِلَّا عَلَيْهِ شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيْهِ ثُمَّ قَرَأَ { وَأنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ }) رواه احمد والنسائي والدارمي وصححه الالباني في تحقيقه على شرح الطحاوية واتە : (پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم خەتێکی کێشا بەدەستی پاشان فەرمووی : ئەوە ڕێگای خوایە ڕاست و بێ پێچ و پەنایە وە عبدالله رضي الله عنە ئەفەرموێ : ئەوجا پاشان خەتی کێشا لە لای ڕاست و چەپی ئەو خەتە پاشان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەوانە ڕێچکەکانن وە هیچ ڕێگایەکیان نیە ئیللا شەیتانێکی لەسەرە بانگەوازی بۆ ئەکاتن پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە{ وَأنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ) .

ئیتر لەوە ڕوونتر هەیە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە شێوەیەك بۆی ڕوون كردوینەتەوە سوێند بەخوا هیچ بەڵگەیەكمان بەدەستەوە نابێ لە قیامەت ئەگەر تەفرەقە بكەین و لە ڕێگای ڕاست لابدەین! ئەوە ئیسلام یەك ڕێگایە ئەوەی ڕاست بكات شوێنی ئەكەوێ یەك ئیسلام هەیە بۆ دەبێ حزبی جۆراو جۆرو دژ بەیەك هەر یەكەی جۆرە ئیسلامێكی لابێ! ؟ والله هەر ئەوە ڕاست ئەكات كە لەسەر ئەو ڕێگا ڕاستەی خوا عز وجل ناردویەتی بمێنێتەوە، ئەوانی تر دوای ڕێگاكانی شەیتان كەوتوون.

وە هاتووە لە أبي ثعلبة الخشني رضي الله عنه ئەفەرموێ : ( كان الناس إذا نزلوا تفرقوا في الشعاب والأودية فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم إن تفرقكم في الشعاب والأودية إنما ذلكم من الشيطان فلم ينزلوا بعد ذلك منزلا إلا انضم بعضهم إلى بعض حتى يقال : لو بسط عليهم ثوب لعمهم) رواه أبو داود وصححه الالباني واتە : (خەڵكی كە دا ئەبەزین لە ناو دۆڵ و كێوەكان لێك جودا ئەبونەوە جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : ئەو لێك جوداییەتان و لێك دوور بوونەتان لەو كێوو دۆڵانە لە شەیتانەوەیە جاوای لێهات صەحابەكان رضي الله عنهم كە دابەزیبانا لە شوێنێك ئیللا ئەهاتنە پاڵ یەكتری هەتا ئەوترا ئەگەر جلێك بخەیتە سەریان هەمویان دائەپۆشێ ) .

سەیر كەن لێرە ئەگەر لەو لێك جودا بونەوە نەهیمان لێكرابێ و لە شەیتانەوە بێ ئەی ئەو شەڕو فیتنەی بەینی حیزبیەكان! ! ! ؟ وە لێرە چۆن ئەبینی فەرقی صەحابە رضي الله عنهم چەندە زۆرە لەگەڵ حیزبیەكان! پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی لێ كردن لەو تەفرەقەیە كە زۆر بچوكترە لە تەفرەقەی حیزبیەكان موقارەنە لە بەینیان ناكرێ! بەڵام

صەحابەكان رضي الله عنهم وازیان لێهێنا كە چی حیزبیەكان ئەو هەموو ئایەت و فەرموودەش تەئسیر ناكا لێیان تا واز بێنن لە تەفرەقەو حیزبایەتی، هێشتا بەردەوامن و چەواشەی زیاتریش ئەكەن!

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (دَعُوهَا فَإِنَّهَا مُنْتِنَةٌ) متفق علیه واتە : ( وازی لێ بێنن ئەوە بۆگەنە) .

ئەوە لەو كاتە فەرموی كە ئەنسارو موهاجیریەك موشكیلەیان بوو یەكیان ووتی ئەی ئەنسار ئەوی تر وتی ئەی موهاجیرەكان! سەیر بكەن ئەنسارو موهاجیر رضي الله عنهم دوو ناوی شەرعین لە قورئان و سوننەت مەدح كراون بەڵام ببێتە هۆی تەفرەقە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی واز لەو بانگ كردنە بێنن ئەوە بۆگەنە! جاوەرە چی بەو بیدعە چیانە ئەڵێی كە دوای بیدعە كەوتوون و بیدعە لێكی جودا كردونەتەوەو لەسەر فلان و فلان و لەسەر كورسی و مەنسەب تەفرەقە ئەكەن واز بێنن ئەوە بۆگەنە بۆگەن! ! !

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (لا تختلفوا فإن من كان قبلكم اختلفوا فهلكوا) رواه البخاري واتە : (خیلاف مەكەن و تەفرەقە مەكەن چونكە ئەوانەی پێش ئەوە خیلافیان كەوتە نێو لەبەر ئەوە بە هیلاك چوون) .

ئیتر چۆن كەسێ ئەتوانێ تەفرەقە بكاتە هۆی سەركەوتن! ؟ اف لكم!

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إِنَّ اللَّهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلَاثًا وَيَكْرَهُ لَكُمْ ثَلَاثًا فَيَرْضَى لَكُمْ أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَيَكْرَهُ لَكُمْ قِيلَ وَقَالَ وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ وَإِضَاعَةِ الْمَالِ) رواه مسلم واتە : (خوا لە سێ شت بۆ ئێوە ڕازیەو فەرمانی پێدەكات وە لە سێ شت بۆتان ڕازی نیەو نەهی لێدەكات ڕازیە بۆتان كە

بیپەرستن و هیچ نەکەنە هاوبەشـی بەتـەنها بیپەرسـتن و هاوبەشـی بـۆ بڕیـار نەدەن بەهیچ شێوەیەك وە ڕازیە بۆتان کە دەست بگرن و کۆببنـەوە لەسـەر دینی خوا هەمووتان وە تەفرەقەی نەکەن وە بۆتـان ڕازی نیـە دوای ووتیـات ووتیان بکەون دوای قسەی بێسوودو بێ بەڵگە بکـەون و بیگێڕنـەوە وە ڕازی نیە بۆتان زۆر پرسیار بکەن وە ڕازی نیە بۆتان ماڵ بە فیڕۆ بدەن) .

لەو فەرموودەش ئەبینین چۆن نەهیمان لێکراوە لەتەفرەقەو جودا بونەوە لـە جەماعەتی موسڵمانان وە ئەوەی لەو فەرموودە فەرمانمان پێکراوەو نەهیمان لێکراوە حیزبیەکان ڕێك بـە پێـچەوانەکەی ئەکـەن! ئـەبینین چـۆن تەفرەقـە ئەکەن ئەوە دیارە! وە بشزانن حیزبیـەکان دوای شـتی بـێ بنـەما کـەوتوون دوای قیل و قـال کـەوتوون نـەك دوای بەڵگـەی قورئـان و سـوننەت! وە لـەو ئینتیخاباتانـە ببیـنن چـەندە پـارە بـە فـیڕۆ ئـەدەن لـە ڕیکـلام کـردن و ڕیکلامەکانیش ئەدڕێ! سەیری عەجاباتی حیزبی بکەن کاتی خۆی علی باپیر لە کتابێکی باسی ئەوە دەکـات کـە بۆچـی حیزبەکـەی لـە بارەگاکـانی چـای ناخۆن یانی پێشمەرگە بەستەزمانەکانیان چاشیان لێ مەنع بوو! علـی بـاپیر ئەڵێ چونکە چـا لەوەنـدە ڕۆژەو ئەوەنـدە مانگـەو ...حیـسابی بیرکـاری بـۆ ئەکات ئەڵێ ئەو پـارەی بـە چـا ئـەدەین بیدەینـە چـەك و فیـشەك باشـترە! بەداخەوە چەکەکانیشیان بەدەستەوەدا!!! یانی پێشمەرگە نە چای خواردو نە چەکەکەی ما!!! ئەوە قسەی علی باپیر کە دەڵێ چای ناخۆین بۆ ئەوەی پارەکەی پاشەکەوت بکەن! ئەی باشە بۆ ئێستا بۆ ڕیکلامی باتڵی هەڵبژاردن ئەو هەموو پارە بەفیڕۆ ئەدەن!؟ ئەبینین ئەو هـەموو سـەیارە بـەدوای یـەك ئەکەون لەگەڵ ئەوەی بەنزین لە چاش گرانترەو مەسرەڤ زیاتری ئـەوێ ئـەی بۆ ئەو پارەی پاشەکەوت ناکەن!؟ ئەگەر دەشڵێن ئێستا پێویستیمان بەچەك نیە پارەمان بۆ چیە! دەی بیدەنە ئەو هەژارانەی کە ئەندامی خۆتانن لایەنی

کەم دەزانن ئەو پارە لە قیامەت نابێتە باڵ قورسی قیامەتتان و بارێکی سوك تر ئەبێت! بەهەرحاڵ ئەو حیزبیانە سەیرو سەمەرەیان زۆرە کە لە کتابی سەیرو سەمەرەی حیزبایەتی زیاتر ئەبینن ان شاء الله .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (افترقت اليهود على إحدى و سبعين فرقة ، فواحدة في الجنة و سبعين في النار ، و افترقت النصارى على اثنين و سبعين فرقة فواحدة في الجنة و إحدى و سبعين في النار ، والذي نفسي بيده لتفترقن أمتي على ثلاث و سبعين فرقة ، فواحدة في الجنة ، و ثنتين و سبعين في النار ، قيل : يا رسول الله من هم ؟ قال : هم الجماعة) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1492 وفي رواية : (هي ما أنا عليه وأصحابي) رواه الترمذي وحسنه الالباني واتە : (جولەکە لێك جودا بوونەوە بونە حەفتاو یەك کۆمەڵ جا یەکیان لەبەهەشتەو حەفتایان لە ئاگر، وە دیانەکان لێك جودا بوونەوە بونە حەفتاو دوو کۆمەڵ یەك کۆمەڵیان لەبەهەشتەو حەفتاو یەك کۆمەڵەکەی تر لە ئاگر ، سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە ئوممەتی منیش لێك جودا دەبنەوە دەبنە حەفتاو سێ کۆمەڵ یەکێکیان لەبەهەشتەو حەفتاو دوویان لە ئاگر وتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەم کۆمەڵەی ئەچنە بەهەشتەوە کێن؟ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەوان جەماعەن لە ڕیوایەتەکی تر فەرمووی : ئەوانەی لەسەر ئەو ڕێبازەن کە من و صەحابەکانمی لەسەرین ) .

ئەو فەرموودە هەڕەشەیەکی زۆر ترسناکی تێدا بۆ ئەوانەی تەفرەقە ئەکەن، وە لەحەق لا ئەدەن و موخالەفەی قورئان وسوننەت ئەکەن، بەڕاستی حیزبیەکان ئەگەر بێت و لەو فەرموودە ڕامێنن و بیری لێبکەنەوە، بەسە بۆ ئەوەی واز بێنن لە دەمارگیریان و پەشیمان ببنەوە لە تەفرەقە کردن!

لێرە لەو فەرموودە باسی شتێكی گرنگ كراوە، باسی جەماعەت با بزانین جەماعەت مانای چیە، وە بزانین ئایا ئەو حیزبیانە ئەهلی جەماعەتن یان ئەهلی تەفرەقە! ؟ وە من زۆر جاران ئەبینم و ئەبیستم كە حیزبیەكان خۆیان بەجەماعەت ئەزانن، ئێمە كە حیزبیایەتی ناكەین بەوە تۆمەتبارمان ئەكەن دەڵێن بڕوایان بە جەماعەت نیە! لەبەر ئەوە ئێستا بەكورتی ئەوەش ڕوون ئەكەمەوە، تا بەتاڵی حیزبیەكان نەبێتە حەق لەبەر چاوتان، بە چەواشە كردنیان و ڕازاندنەوەی باتڵ!

**فەتوای پێشەوای سەلەفی محمد بن صالح العثیمین رحمه الله لەسەر بوونی فرە حیزب و جامەعەت ڕەددی ئەوەی كە دەڵێن بانگەوازی ئیسلامی پێویستی بە حیزبە!**

س/ هل هناك نصوصٌ في كتاب الله وسنة نبيه صلى الله عليه وسلم فيهما إباحة تعدد الجماعات أو الإخوان ؟

ج / ((نعم . . أقول ليس في الكتاب ولا في السنة ما يبيح تعدد الأحزاب والجماعات ، بل إن في الكتاب والسنة ما يذم ذلك ، قال الله تعالى {إنَّ الذينَ فَرَّقُوا دينهم وَكانُوا شِيَعَاً لستَ مِنْهُم في شَئٍ إنَمـا أمْرُهُم إلى الله ثُمَّ ينبئهم بِمَا كانوا يَفعَلُون} وقال تعالى : {كلُ حِزبٍ بمَا لَدَيْهم فَرِحُون } ولا شك أن هذه الأحزاب تتنافى ما أمر الله به بل ما حث الله عليه في وقوله {وأنَّ هَذه أمَّتُكم أمَّةً وَاحدَة وَأنا ربُكم فَاتَّقون} .

وقول بعضهم : إنه لا يمكن للدعوة أن تقوى إلا إذا كانت تحت حزب ؟

نقول : هذا ليس بصحيح ، بل إن الدعوة تقوى كل ما كان الإنسان منطوياً تحت كتاب الله وسنة رسوله صلى الله عليه وسلم متبعاً لآثار النبي صلى الله عليه وسلم وخلفائه الراشدين)). من شريط مجموع كلام العلماء في عبدالرحمن

عبدالخالق . الوجه الثاني (منقول من كتاب جماعة واحدة لا جماعات للشيخ ربيع حفظه الله)

واتە: پ/ ئایا دەقی وا هەن لە كتابی خوا وە سوننەتی پێغەمبەرەكەی صلی الله علیه وعلى الـه وسلم ئـەوەی تێدا بێت دروست –حەڵاڵ– بوونی فرە جەماعەتی یان برایان –بوونی زۆربوونی جەماعات–؟

و/ بەڵێ . . ئەڵێم نـە لـە كتـاب و نـە لـە سوننەت ئـەوە نیـە كـە بونی فرە جەماعەت و چەند حیزب حەڵاڵ بكات، بەڵكو بە تەئكید لە كتاب و سوننەت ئەوە هەیە كە زەمی –سەرزەنشتی– ئـەوە دەكـەن –چـەند حیـزب و چـەند جەماعەت هەبن–، خوای بەرز ئەفەرموێ : {إنَّ الـذينَ فَرَّقُـوا ديـنهم وَكـانُوا شِيَعَاً لستَ مِنْهُم في شَئ إنَما أمْرُهُم إلى الله ثُمَّ ينبئهم بِمَا كانوا يَفعَلُون}واتـە : (بە تەئكید ئەوانەی دینی خۆیان پارچە پارچە كردووەو لێك جودا بونەتەوەو بوون بە كۆمەڵی جیا جیا تۆ لەوان نیت لـە هـیچ شـتێك لێیـان بـەریت ئـەوان بێگومان كارو حیسابیان بۆلای خوایە پاشان خوا ئاگاداریان ئەكاتەوە بەوەی ئەیكەن). وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {كلُ حِزبٍ بمَا لَدَيْهم فَرِحُـون } واتـە: (هەر حیزبەو بەوەی لای خۆیەتی دڵ خۆشە). وە بێگومان ئەو حیزبانە یـەك ناگرنەوەو دژایـەتیان تێدا لـە گـەڵ ئـەوەی خـوا فـەرمانی پێكـردووە بـەڵكو ئەوەی خوا هانی داوین لـە سـەری لـە فـەرموودەی : {وأنَّ هَـذه أمَّـتُكم أمَّـةً وَاحدَة وَأنا رَبُكم فَـاتَّقون} واتـە : ( وە بـە تەئكیـد ئـەو ئوممەتـەی –دیـن و شەریعەتەی– ئێوە یەك ئوممەت –دین شـەریعەت– ە وە مـن پـەروەردگاری ئێوەم –من شایانی ئەوەم بم پەرستن بـە تـەنها– جـا خۆتـان لـە سـزای مـن بپارێزن –تەنها من بپەرستن و هاوبەش پەیدا مەكەن وتەفرەقە مەكەن– ) .

**وە قسەی هەندێكیان : كە ئەڵێن كە ناكرێ بانگەواز بە هێز بێت ئیللا ئەگەر لە ژێر ركێفی حیزب بێت؟**

**دەڵێین –ئەمە وەڵامی شێخە بۆ ئەو گومانە– : ئـەوە ڕاسـت نیـە، بـەڵكو بانگەواز بەهێز ئەبێ هەر چەندەی مرۆڤ ملكەچ بێو لە ژێر ركێفی كتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەكەی بێ صلی الله علیه وعلی اله وسلم شوێنكەوتە بێ بۆ ئەسـەرەكانی پێغەمبـەر صـلی الله علیـە وعلـی الـە وسـلم وە خەلیفـە راشیدەكانی.**

## ئایا جەماعەت مانای چیەو جەماعەتی شەرعی كێن!؟

وشەی (جماعة) ئێمە باسی مانا زمانەوانیەكەمان بە تەنیا مەبەست نیە كەلـە ڕووی زمانەوانی بە كۆمـەڵێك خـەڵك ئـەوترێ مەبەسـتمانە مانـا شـەرعیەكەی ڕوون بكەینەوە، تا دەر بكەوێ كـێ ئـەهلی سـوننەو جەماعەتـەو كـێ ئـەهلی بیدعەو تەفرەقەیە !

جەماعە لە ڕووی شەرعیەوە بۆ دوو مانـا بـەكار هـاتووە، یـەكێكیان بـەمانای لەسەر حەق بوون و دەست گرتن بەسوننەت و مانـەوە لەسـەر ئـەو ڕێبـازەی پێغەمبـەر صـلی الله علیـە وعلـی الـە وسـلم و صـەحابەكان رضـي الله عـنهم لەسەری بوون، وە ماناكەی تـری ئەوەیـە كـە لـەژێر ڕكێفـی سـەرۆكی وڵاتـی موسـڵمانان نەچـیتە دەرەوەو دژایـەتی نەكـەیت و دەرنەچـی لـە گوێڕایـەڵی كردنی لە چاكە، ئێستا دێم بە بەڵگە ئەوە ئەسەلمێنم كە جەماعە بۆ ئەو دوو مانایە بەكار دێت، پاشـان ڕوونـی ئەكەمـەوە كـە حیزبیـەكان لـە جەماعـەت دەرچوون بەهەردوو ماناكەی!

پێشتر لەو فەرموودە بینیمان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الـە وسـلم فەرمووی : (مـا انـا علیـه واصـحابي) ئەمـە تەفـسیری وشـەی جەماعەیـە بـە تەئكیـد چـونكە لـە ڕیوایەتـەكیان فـەرمووی : (هـم الجماعـة) دوای لـە ڕیوایەتەكەی تر دەفـەرموێ (مـا انـا علیـه واصـحابي) یـانی لێـرە دیـارە كـە

جەماعەت ئەو کەسانەن لەسەر ئەو ڕێبازەن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم و صەحابەكانی رضي الله عنهم لەسەر بوون، وە تەنها ئەو ڕێبازە حەقە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم و صەحابەکانی رضي الله عنهم لەسەر بووە، لەبەر ئەوە ئەوەی لەسەر حەق بێت جەماعەتە ئەگەر بەتەنیاش بێت، وەك لە عبد الله ی کوڕی مسعود رضي الله عنه هاتووە ئەفەرموێ : (الجماعة ما وافق الحق وان كنت وحدك) واتە : (جەماعەت ئەوەیە موافق بەحەق بێت ئەگەر بەتەنیاش بیت) شێخ البانی لە تەحقیقی مشكاة المصابيح لاپەڕە 61 لە جلدی یەك لە پەڕاوێزا ئەفەرموێ: ابن سعد لە تاريخی دمشق ڕیوایەتی کردووە لێی بەسەنەدەکی صەحیح .

وە دیارە میرات گری پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم زانایانن لە ئەهلی فەرموودە (حديث)، بۆیە لای زانایانی ئەهلی سوننە ئەڵێن جەماعەت زانایانن لە ئەهلی فەرموودە، پێشەوا محمد بن اسماعيل البخاري رحمه الله لە صەحیحەکەی دەفەرموێ : ( بَاب قَوْلِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ يُقَاتِلُونَ **وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ** ) واتە: (باسی فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتی من سەرکەوتوون لەسەر حەق ئەجەنگن –بوخاری ئەڵێ– **وە ئەو کۆمەڵە ئەهلی عیلمن**).

لە فتح الباري کە شەرحی صەحیحی بوخاریە ابن حجر العسقلاني رحمه الله لە شەرحی ئەو بابە ئەفەرموێ : (وأخرج الترمذي حديث الباب ثم قال سمعت محمد بن إسماعيل هو البخاري يقول سمعت علي بن المديني يقول هم أصحاب الحديث) واتە : (وە ترمذي ئەو فەرموودەی لەو باسە هاتووە ئەگێڕێتەوەو هێناویێتی پاشان ئەڵێ: بیستم لە محمد ی کوڕی اسماعيل ئەوە بوخاریە

دەیووت: بیستم لە علي كوڕی المديني دەیووت: ئەوانە خاوەنی–زانایانی– فەرموودەن ).

وە ئەفەرمویٚ : (وأخرج الحاكم في علوم الحديث بسند صحيح عن أحمد ان لم يكونوا أهل الحديث فلا أدري من هم) واتە : (وە حاكم گێڕاویەتیەوەو هێناوێتی لە –كتابی–علوم الحديث بە سەنەدێكی صەحیح–دروست و ڕاست– لە احمد ووتویەتی : ئەگەر ئەو كۆمەڵە خاوەنی –زانایانی و شوێنكەوتەكانی– فەرموودە نەبن ئەوە نازانم كێن).

وە لە شوێنێكی تر پێشەوا بوخاری رحمه الله ئەفەرمویٚ : (بَاب قَوْلِهِ تَعَالَى { وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا } وَمَا أَمَرَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **بِلُزُومِ الْجَمَاعَةِ وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ**) واتە : (باسی فەرموودەی خوای بەرز { وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا } وەئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی پێكردووە لە دەست گرتن بە جەماعەت –بوخاری ئەڵێ– **وە ئەوان -جەماعەت- ئەهلی عیلمن**).

وە پێشەوا محمد بن عيسى الترمذي رحمه الله لە سنن الترمذي لە (بَاب مَا جَاءَ فِي لُزُومِ الْجَمَاعَةِ) ئەفەرمویٚ : **(وَتَفْسِيرُ الْجَمَاعَةِ عِنْدَ أَهْلِ الْعِلْمِ هُمْ أَهْلُ الْفِقْهِ وَالْعِلْمِ وَالْحَدِيثِ)** واتە : (وە تەفسیری جەماعەت لای ئەهلی عیلم ئەوانەن كە خاوەنی فیقه و عیلم و فەرموودەن).

وە ئەفەرمویٚ : (و سَمِعْت الْجَارُودَ بْنَ مُعَاذٍ يَقُولُ سَمِعْتُ عَلِيَّ بْنَ الْحَسَنِ يَقُولُ سَأَلْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ الْمُبَارَكِ مَنْ الْجَمَاعَةُ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ قِيلَ لَهُ قَدْ مَاتَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ قَالَ فُلَانٌ وَفُلَانٌ قِيلَ لَهُ قَدْ مَاتَ فُلَانٌ وَفُلَانٌ فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ وَأَبُو حَمْزَةَ السُّكَّرِيُّ جَمَاعَةٌ قَالَ أَبُو عِيسَى وَأَبُو حَمْزَةَ هُوَ مُحَمَّدُ بْنُ مَيْمُونٍ وَكَانَ شَيْخًا صَالِحًا وَإِنَّمَا قَالَ هَذَا فِي حَيَاتِهِ عِنْدَنَا) واتە : (وە بیستم لە الْجَارُودَ بْنَ مُعَاذٍ دەیوت : بیستومە لە عَلِيَّ بْنَ الْحَسَنِ دەیوت پرسیارم كرد لە

عَبْدَ اللَّهِ بْنَ الْمُبَارَكِ كێ جەماعەتە؟ ووتی : ابو بكر وە عمر وتیان ئەوان ابو بكر و عمر مردوون وتی : فلان و فلان وتیان : فلان و فلان مردوون جا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ وتی : أَبُو حَمْزَةَ السُّكَّرِيُّ جەماعەتە ابو عیسى –ترمذي– دەڵێ : ابو حمزه محمد ی كوڕی میمون ه كە شێخێكی صالح بووە – پیاوێكی چاك بووە– وە ئەوەی ووتوە دەربارەی كە لەژیاندابووە لای ئێمە).

وە پێشەوا نووی لە شەرحی صحیح مسلم لە ( باب قوله صلى الله عليه و سلم لا تزال طائفة من أمتى ظاهرين على الحق لا يضرهم من خالفهم ) لە شەرحی ئەو فەرموودەیە كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه ولى اله وسلم ئەفەرموێ : (ولا تزال طائفة من أمتى ظاهرين على الحق لا يضرهم من خذلهم حتى يأتي أمر الله وهم كذلك) ئەفەرموێ : (وأما هذه الطائفة فقال البخارى هم أهل العلم وقال أحمد بن حنبل إن لم يكونوا أهل الحديث فلا أدري من هم قال القاضي عياض انما أراد أحمد أهل السنة والجماعة ومن يعتقد مذهب أهل الحديث قلت ويحتمل أن هذه الطائفة مفرقة بين أنواع المؤمنين منهم شجعان مقاتلون ومنهم فقهاء ومنهم محدثون ومنهم زهاد وآمرون بالمعروف وناهون عن المنكر ومنهم أهل أنواع أخرى من الخير ولا يلزم أن يكونوا مجتمعين بل قد يكونون متفرقين فى أقطار الأرض) واتە : (ئەمما ئەو كۆمەڵە بوخاری دەربارەیان ئەڵێ : ئەوانە ئەهلی عیلمن وە احمد ی كوڕی حنبل ئەڵێ: ئەگەر خاوەنی –زانایان و شوێنكەوتەی– فەرموودە نەبن نازانم كێن القاضي عیاض دەڵێ: احمد مەبەستی پێ ئەهلی سوننەت و جەماعەتە وە ئەوەی بڕوای بە مەزهەبی ئەهلی فەرموودەیە –نەوەوی– ئەڵێم : وە بۆی هەیە ئەوكۆمەڵە پەرت بووبن لە بەینی جۆرەكانی بڕواداران تێیاندایە ئازاو جەنگاوەرن وە تێیاندایە فەقیهن وە تێیاندایە فەرموودە ناسن وە تێیاندایە زاهیدن وە فەرمان بەچاكە كەرن و نەهی لە خراپە كەرن وە تێیاندایە لە ئەهلی جۆرەكانی تر لە خێر وە مەرج

نیە كە هەموو كۆ بوبێتنەوە –لە یەك شوێن– بەڵكو لەوەیە پەرت بوبێتن لە دەوری –سەر– زەوی).

یانی بۆمان دەركەوت كە جەماعەت ئەوانەن لەسەر حەقن، لە سەر ڕێبازی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم و صەحابەكانن رضي الله عنهم، وە جەماعەت زاناكانن، چونكە ئەوان میراتگری پێغەمبەرن صلی الله علیه وعلی اله وسلم، جا ئەوەی لەسەر ڕێچكەی وە باوەڕی زانایانی فەرموودە بێ ئەوە جەماعەتە، وە مەرج نیە جەماعەت لە یەك وڵات یان شار كۆ بوبێتنەوە، یان هەمویان زانا بن! بۆی هەیە هەر یەكەی لە وڵاتێك بێ وە هەر یەكەو لە بوارێك خوای بەرز توانای پێ بەخشیبێ، بەڵام هەمویان لەسەر یەك بیرو باوەڕن و لەسەر یەك ڕێبازن و شوێنكەوتەی زانایانی ئەهلی فەرموودەن و لەسەر مەنهەنجی ئەوانن، بۆیە هەمویان جەماعەتێكن ئەگەریش یەكتر نەناسن و لێكیش دوور بن و زمان و ڕەنگیشیان جیاواز بێت!

ئەوە مانای یەكەمی جەماعەت ڕوون بۆوە، ئێستا دێمە سەر مانای دووەمی، كە دەرنەچونە لە تاعەتی سەرۆكی وڵات و بەرەنگار نەبونەوەیەتی، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : ( مَنْ كَرِهَ مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئًا فَلْيَصْبِرْ عَلَيْهِ فَإِنَّهُ لَيْسَ أَحَدٌ مِنْ النَّاسِ خَرَجَ مِنْ السُّلْطَانِ شِبْرًا فَمَاتَ عَلَيْهِ إِلَّا مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً ) متفق علیه واتە : (ئەوەی شتێكی بینی لە سەركردەكەی كە ڕقی لەو شتە بێت با ئارام بگرێ لەسەری چونكە بە تەئكید كەسێك نیە لە خەڵك دەربچێ لە دەسەڵاتدار بستێك جا لەسەری بمرێ ئیللا مردنێكی جاهیلی دەمرێ).

لەو فەرموودە ناشیرنی تاوانی دەرچوون لە گوێڕایەڵی سەركردەمان بۆ دەرئەكەوێ كە ئەگەر بستێك بێت دەرچوونەكە لەسەری بمری بەجاهیلی

ئەمری! پەنا بەخوا ئەی چی بێ ئەگەر كەسێك بە چەكیش بەرەنگاری سەرۆكی وڵات بێتەوە ! ؟

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم ئەفەرموێ : ( مَنْ خَلَعَ يَدًا مِنْ طَاعَةٍ لَقِيَ اللَّهَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا حُجَّةَ لَهُ وَمَنْ مَاتَ وَلَيْسَ فِي عُنُقِهِ بَيْعَةٌ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً ) رواه مسلم واتە : (ئەوەی دەستی هەڵگرێ لە گوێڕایەڵی سەرۆكی وڵات ئەگاتەوە بە خوا لە قیامەت وە بەڵگەی بەدەستەوە نیە وە ئەوەی بمرێ وە پەیمانی گوێڕایەڵی لەگەڵ سەرۆك –بیعة– ی لەمل نەبێت ئەوە ئەمرێ مردنێكی جاهیلی).

پێشەوا الالباني رحمه الله ئەڵێت : و أخرجه الحاكم ( 1 / 77 و 117 ) بلفظ : " من خرج من الجماعة قيد شبر ، فقد خلع ربقة الإسلام من عنقه حتى يراجعه و من مات و ليس عليه إمامة و جماعة فإن موتته موتة جاهلية " . و قال الحاكم :" صحيح على شرط الشيخين " . وافقه الذهبي . سلسلة الاحاديث الصحيحة 984 واتە : (ئەوەی دەرچێ لە جەماعەت بە قەد بستێك ، ئەوە جلەوو دەست گری ئیسلامی لەملی كردۆتەوە هەتائەگەڕێتەوەبۆی وە ئەوەی بمرێ وە ئیمام و جەماعەتی لەسەر نەبێ–یانی بڕوای بە ئیمام و جەماعەت نەبێ– ئەوە مردنەكەی مردنێكی جاهیلیە).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم ئەفەرموێ : (من رأى من أميره شيئا يكرهه فليصبر عليه فإنه من فارق الجماعة شبرا فميتته جاهلية) متفق عليه واتە : (ئەوەی شتێكی بینی لەسەركردەكەی ڕقی بێتەوە لەوشتە با ئارام بگرێ بەتەئكید ئەوەی جودا بێتەوە لە جەماعەت بە قەد بستێك ئەوە مردنەكەی جاهیلیە).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم ئەفەرموێ : (ستكون بعدي هنات و هنات فمن رأيتموه فارق الجماعة أو يريد أن يفرق أمر أمة محمد كائنا

من كان فاقتلوه فإن يد الله مع الجماعة و إن الـشيطان مـع مـن فـارق الجماعـة يركض) صحيح الجامع 3621 واتە : (لـەدوای مـن فیتنـەی گـەورە ئـەبێت و شتی تازە ڕوو ئـەدات جا بینیتـان یـەكێك جیـا ئەبێتـەوە لـە جاماعـەت یـان ئەیەوێ تەفرەقە بخاتە ئـەمری ئوممـەتی محمـد–صـلی الله علیـە وعلـی الـە وسلم– هەر كەسێك بێت بیكوژن بە تەئكید دەستی خوا لەگەڵ جەماعەتە وە بەتەئكید شەیتان لەگـەڵ ئـەوەی جیـا ئەبێتـەوە لـە جەماعـەت ڕائـەكات لـە گەڵیان).

الحمـد لله لــەم فەرموودانــە مانــای دووەمــی جەماعــەت ڕوون بــۆوە كــە دەرنەچوونە لـە تاعـەتی ئیمـام و بـەرەنگار نەبونەوەیـەتی وە بێگومـان ئـەو مانایەش ئەگەڕێتەوە سـەر مانـای یەكـەم جیـاوازی نیـە لـە بـەینیان چـونكە هەردووكی لەوە كۆ دەبێتـەوە لەسـەر حـەق بیـت و لا نـەدەی لـەو ڕێبـازەی پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم، وە صەحابەكان رضي الله عـنهم، لـە سەری بوون، وە لەو ڕێبازەش ئەوە هەیەو فەرمانی پێكراوە، كـە گوێڕایـەڵی ئیمام بكەیت و لێی جودا نەبیتەوە، وە ترسـێندراوین بـەوەی ئەگـەر بـستێك جودا بینەوە بە جاهیلی ئەمرین، چ جای چەك هـەڵبگری و دژایـەتی ئیمـام و جەماعەت بكەی!

وە بێگومان ئەزانین حیزبیەكان لەهەردوو مانای جەماعەت لایانداوە نە لەسەر حـەقن، وە نـە لەسـەر مەنهـەجی سـەلەفن، وەك دوایـی هەنـدێ لەهەڵـەی سەركردەو پێشەواكانیان و حیزبی اخوان المسلمین ئەبینن! وە نە بڕوایان بە سـەرۆكی وڵاتـەكانی ئـەم سـەردەمە هەیـە، كـە گوێڕایـەڵیان بكـرێ، بـەڵكو هــەموویان كــافر ئەكــەن، دوایــش ئــەبینن كــە ســید قطــب زۆری لــە خەواریجەكانیش تێپەڕاندووە بۆ تەكفیر كردن! ئیتر بـزانن كـە ئـەو حیزبانـە

بەهیچ شێوەیەك جەماعەتی شەرعی نین، بەڵكو ئەهلی بیدعەو تەفرەقەن و درێژە پێدەری ڕێچكەی خەواریج و فیرقە موبتەدیعەكانی ترن!
وە بۆ زیاتر دەركەوتنی ئەو باسەو نەمانی گومان لەسەری، پێم خۆشە زیاتر ئەوە ڕوون بكەمەوە كە ئەهلی سوننە لەسەرین لە گوێڕایەڵی ئیمام و فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم زیاتر بێنین، وە هەندێ وتەی پێشەوایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت بێنین، وە ئەوەش ڕوون بكەمەوە كە مەبەست لە ئیمام كێیە، تاوەكو حیزبی و بیدعەچیەكان گومانیان نەمێنێ و نەتوانن چیتر چەواشەی خەڵكی بكەن لەو باسانە!

## هەڵوێستی ئەهلی سوننەوجەماعەت بەرامبەری سەرۆكی وڵاتی موسڵمانی
## ( داد پەروەرو چاك بێت بێ یان ستەمكارو فاسق )

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾ (النساء: 59) واتە : ( ئەی ئەو كەسانەی بڕواتان هێناوە گوێ ڕایەڵی فەرمانەكانی خوا بكەن وە گوێ ڕایەڵی فەرمانەكانی نێردراوی خوا –پێغەمبەرەكەی– بكەن وە ئەوانەی كە خاوەن ئەمرن لەسەرتانەوە كە لەخۆتانن ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( السمع والطاعة على المسلم فيما احب وكره ما لم يؤمر بمعصية فاذا امر بمعصية فلا سمع ولا طاعة ) متفق عليه واتە : (گوێڕایەڵی سەركردە لە سەر موسڵمانە لەوەی پێی خۆش بێ یان پێی ناخۆش بێ مادام بە تاوان فەرمانی پێ نەكرابێ ، بەڵام ئەگەر فەرمانی پێ كرا بە تاوان ئەوە ئەو كاتە لە سەری نیە گوێڕایەڵی بكات).
لەو فەرموودە بۆمان دەر ئەكەوێ موسڵمان لەسەری واجبە گوێڕایەڵی سەرۆكی وڵات بكات، لەوەی پێی خۆشە یان پێی ناخۆشە، مادام تاوان نەبێت، بەڵام ئەگەر فەرمانی بەتاوان پێكرا، ئەوە لە تاوان بە قسەی ناكات.

وە پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم ئەفەرموێ : ( الا من ولي عليه وال فراه ياتي شيئا من معصية الله فليكره ما ياتي من معصية الله ولا ينزعن يدا من طاعة ) رواه مسلم واتە : (ئاگادار بن هەر كەسێك لە ئێوە سەركردەیەك بوو بە سەركردەی بینی ئەچێ بەلای شتێ لە تاوان و سەرپێچی فەرمانی خوا، ئەوە با ڕقی بێ لەو تاوان و سەرپێچیەی فەرمانی خوا وە با لە گوێڕایەڵی ئەو سەركردە دەرنەچێ).

لەو فەرموودە بۆمان دەرئەكەوێ ئەگەر سەرۆكی وڵات تاوانی ئەنجام ئەدا، دەبێ ڕقمان لە تاوانەكەی بێت، بەڵام نابێ لە گوێڕایەڵی دەرچین، تەنها ڕقمان لە تاوانەكەی ئەبێت، وە لەتاوان بە قسەی ناكەین .

وە لە ( عبادة بن الصامت ) ڕەزای خوای لێبێ : ( بايعنا رسول الله صلى الله عليه واله وسلم على السمع والطاعة في منشطنا ومكرهنا وعسرنا ويسرنا واثرة علينا وان لا ننازع الامر اهله الا ان تروا كفرا بواحا عندكم فيه من الله برهان ) متفق عليه واتە : ( پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم پەیمانی لێ وەرگرتین لە سەر گوێڕایەڵی سەركردەكانمان لە كاتی ئاسانی و خۆشی و ناخۆشیمان و زەحمەتیمان وە لە كاتێك ئەگەر مافمانیش بخوات و بۆ خۆی بەرێ، وە لەسەر ئەوە پەیمانی لێ وەرگرتین كە دژایەتی خاوەنی دەسەڵات نەكەین ئیللا ئەگەر كوفرێكمان لێ بینی كە كوفرێكی ئاشكراو ڕوون بێ مەجالی تەئویلی نەبێ و بەڵگەی لە سەر بێ لە لایەن خواوە ) .

لەو فەرموودە بۆمان دەر ئەكەوێ كە لەسەرمان واجبە گوێڕایەڵی سەرۆكی وڵات بكەین، ئەگەریش ماڵی میللەتی یان بەیتولمالی بۆ خۆی ئەبرد و دەیدا بەخزمەكانی و بەس! وە نابێ لەسەر پارەو دونیاو بودجە شەڕی لەگەڵ بكەین و لە گوێڕایەڵی دەرچین و دژایەتی بكەین! تەنها لە سەر ئەوەی ئەگەر

کوفری بە ئاشکرای کرد و کافر بوو! ئەو کات ئەتوانین دژایەتی بکەین و هەوڵی گۆڕینی بدەین ئەگەر توانامان هەبوو[5]!

( حذيفة ) رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه والە وسلم بۆمان ئەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : ( ستكون بعدي أئمة لا يهتدون بهدي ، ولا يستنون بسنتي ، وسيقوم فيهم رجال قلوبهم قلوب الشياطين في جثمان انس قال حذيفة : كيف أصنع ان أدركت ذلك ؟ قال : تسمع وتطيع الأمير ، وان ضرب ظهرك ، وأخذ مالك فاسمع واطع ) رواه مسلم واتە : (لە پاش من – پاش پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم – ئیمام و سەرکردەی وا دێن کە لە سەر هیدایتی من نین وە لە سەر سوننەتی من نین ، وە پیاوی وایان تیا هەڵئەکەوێ کە دڵیان دڵی شەیتانەکانەو لە لاشەی ئینسانە –حذيفة– ڕەزای خوای لێبێ ووتی ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه والە وسلم چی بکەم ئەگەر گەیشتم بەم ڕۆژە؟ پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم فەرمووی : گوێ ڕایەڵ بەو لە ژێر فەرمانی ئەمیر بە ئەگەر لە پشتیشی دای وەماڵیشی بردی لە ژێر فەرمانی بەو گوێڕایەڵ بە) .

لەو فەرموودە بە جوانترین شێوە بۆمان ڕوون کراوەتەوە، کە ئەگەر سەرۆکی وڵات ئەوەندە ستەمکار بوو، شەیتان بێت لە جسمی ئینسان، ئەوجا ماڵمان بەزۆر بەرێت و لە پشتمان بدات، هەر ئەبێت لە گوێڕایەڵی دەرنەچین و دژایەتی نەکەین، ئیتر ئەوە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم، بە قسەی بریق و باقی کەس مەخەڵەتێن، با کەس بۆ گیرفانی خۆی نەتانکاتە سووتەمەنی! سەیرە ئەو بیدعە چیانەی تۆمەتبارمان ئەکەن

---

[5] چونکە هەموو فەرمانەکانی شەریعەت مەرجی توانای بۆ داندراوە ئەوەندە لەسەرمان فەرزە کە توانامان هەیە ئەنجامی بدەین خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ (التغابن: 16) وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (فَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ) متفق عليه.

بەوەی دەڵێن ئێوە بەرگری لە دەسەڵاتی ستەمکار ئەکەن! پێیان ئەڵێین ئەوە فەرموودەی پێغەمبەرە صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئێمە شوێنی ئەکەوین، یانی ئێوە پێتان وایە کە پێغەمبەر بەرگری لە ستەمکار ئەکات!؟ پەنا بەخوا لە چەواشەتان! ئێمە بەرگری ناکەین لە ستەمکار بۆیە پێغەمبەرمان صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئامۆژگاری کردوین کە دژایەتی سەرۆکی وڵات نەکەین و لە گوێڕایەلی دەرنەچین لە چاکە چونکە دژایەتی و دەرچوون سەردەکێشێ بۆ تاوانی گەورەتر، وە ئەگەر ئێوەی بیدعەچی حیساب بۆ فەرموودە نەکەن! ئەوە ئێمە تەنها شوێنی پێغەمبەر ئەکەوین صلی الله علیە وعلی الە وسلم بەوەش لە جەنابتان جودا بوینەوە کە دوای هەواو وارەزوو ناکەوین، بەڵکو دوای فەرموودە کەوتوین!

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە والە وسلم ئەفەرموێ : (إنكم ستلقون بعدي أثرة فاصبروا حتى تلقوني علي الحوض) متفق علیە واتە: (ئێوە لە پاش من شتی وا ئەبینن –لە دەسەڵات دارەکان– کە مافتان ئەخۆن و بۆ خۆیانی ئەبەن جا ئارام بگرن هەتا دەگەنەوە بەمن لە سەر حەوز–ئاوی کوثر–).

دەی ئەوەی بیەوێ بگا بە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم، بە سەر فرازی و لەو حەوزە بخواتەوە، کە تایبەتە بە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم، بۆ شوێنکەوتەکانیەتی لە ڕۆژی قیامەت، با لە دونیا ئارام بگرێ، بەرامبەری ئەوەی مافی دەخورێ لە لایەن سەرۆکی وڵاتو سەرکردەکانی، ئەگەر ئارام نەگرێ و بە قسەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم نەکات و دوای فیتنە بکەوێ و لەگەڵ ئەهلی بیدعە بێ! ئەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئاگاداری کردۆتەوەو دەفەرموێ : (إني فرطكم على الحوض من مر علي شرب ومن شرب لم يظمأ أبدا ليردن علي أقوام أعرفهم ويعرفونني ثم يحال بيني وبينهم فأقول : إنهم

مني . فيقال : إنك لا تدري ما أحدثوا بعدك؟ فـأقول : سـحقا سـحقا لمـن غـير بعدي) متفق عليه واتـه: (مـن پێـشتان ئەكـەوم لەسـەر حـەوز ئـەوەی بـەلاما تێپەڕێ ئەیخواتەوە وە ئەوەی بیخواتەوە قەت تێنووی نابێتـەوە وە خـەڵكی وا دێـن بـۆ لام ئـەیان ناسـم و ئەمناسـنەوە پاشـان نـاهێڵن بەیـەك بگـەین و ڕێگایان لێ دەگیرێ منیش ئەڵێم: ئەوانە لە ئوممەتی منن. پێم دەوتـرێ: تـۆ نازانی لەپاش تۆ چیان داهێناوە؟ جا ئەڵێم دەی دووری بۆیـان دووری بۆیـان ئەوانەی لە دوای من گۆڕاون—لەسەر ڕێبازی من لایانداوە—).

جا دەتەوێ لە كام بەشە بیت ئەوەی لەو حەوزە ئەخواتەوە یان ئەوەی دەر ئەكرێ! ؟

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسـلم ئەفـەرموێ : (مـن أطـاعني فقد أطاع الله و من يعصني فقد عصى الله و من يطع الأمير فقد أطـاعني و مـن يعص الأمير فقد عصاني) متفق عليه واته : ( ئەوەی گـوێ ڕایـەڵی مـن بكـات ئەوە گوێ ڕایەڵی خوای كردووە وە ئەوەی سەرپێچی من بكا ئەوە سەرپێچی خوای كردووە وە ئەوەی سەرپێچی ئەمیر—ئەوەی لەسەری خاوەن ئەمرە لە سەرۆكی وڵات یان ئەوانەی تر لە جێگرو ئەوانەی بە فەرمانی ئەو دانـدراون— بكا ئەوە سەرپێچی منی كردووە ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم ئەفەرموێ : ( أنكم سترون بعدي أثرة وأمورا تنكرونها قالوا : فما تأمرنا يا رسول الله ؟ قال : أدوا إلـيهم حقهـم وسلوا الله حقكم ) متفق عليه واته : ( ئێوە لە پاش من شـتی وا ئـەبینن —لـە دەسەڵات دارەكان— كە مافتـان ئـەخۆن و بـۆ خۆیـانی ئەبـەن و شـتی وا كـە ئەزانن تاوانە و ستەمە ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە چی فەرمانمان پێ ئەكەی لەو كاتـە —كـە ئـەو سـتەمەمان لێكـرا—؟

پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئێوە مافی ئـەوان بـدەن و بیگەینن وە مافی خۆتان لە خوا داوا بكەن ) .

لەو فەرموودەش فەرمانمان پێكراوە لەو كاتەی كە سەرۆكی وڵاتمان ستەمكار بوو، مافی وەماڵی ئێمەی بەناحـەق دەخـوارد، ئـەوە ئـارام بگـرین و دژایـەتی نەكەین لەسەر دونیا، بەڵكو مافی ئەو لەسەرمان چیە بیدەین، وە مافی خۆمـان لە خوا داوا كەین و دوعای بكەین خـوا دڵـی نـەرم بكـات مافمـان بگێڕێتـەوە، ئەوە فەرمانی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم، نابێ چـاو لـە كافران بكەینەوە موزاهەرەی بكەین، یان مانی بگرین، یان دژایەتی سەركردە بكەین و چەكی بەرەو ڕوو هەڵبگرین، با بـەوەش نەخەڵـەتێین هەنـدێ كـەس بەناوی ئیسلام ئەوكارەی ئەكەن، ئیـسلام لـەو كارانـە بەریـەو ئـەوە بـۆ خـۆ دەوڵەمەنـد كردنیانــە ! موســڵمان كێــشەی دونیــا نیــە بــەڵكو دینــە، دونیــا بەقوربانی دین ئەكات نەك دین بە قوربانی دونیا !

پێشەوا نەوەوی رحمه الله لە شـەرحی صـحیح مـسلم لەسـەر ئـەو فـەرموودە ئەڵێ : (هَذَا مِنْ مُعْجِزَاتِ النُّبُـوَّةِ وَقَـدْ وقَـعَ هَـذَا الْإِخْبَـارُ مُتَكَـرِّرًا وَوُجِـدَ مُخْبَـرُهُ مُتَكَرِّرًا وَفِيهِ الْحَثُّ عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ كَانَ الْمُتَوَلِّي ظَالِمًـا عَـسُوفًا فَيُعْطَـى حَقَّهُ مِنَ الطَّاعَةِ وَلَا يُخْرَجُ عَلَيْهِ وَلَا يُخْلَعُ بَلْ يُتَضَرَّعُ إِلَى اللَّـهِ تَعَـالَى فِـي كَـشْفِ أَذَاهُ وَدَفْعِ شَرِّهِ وَإِصْلَاحِهِ وَتَقَدَّمَ قَرِيبًا ذِكْرُ اللُّغَاتِ الثَّلَاثِ فِي الْـأَثَرَةِ وَتَفْـسِيرِهَا وَالْمُرَادُ بِهَا هُنَا اسْتِئْثَارُ الْأُمَرَاءِ بِأَمْوَالِ بَيْتِ الْمَالِ وَاللَّهُ أَعْلَـمُ) واتـە: (ئـەوە لـە موعجیزەكانی پێغەمبەرێتیـە ئـەو خەبـەرە ڕووی داوەو دووبـارە بۆتـەوە وە خەبەر پێدراوەكە بینراوەو دوبارەبۆتەوە وە ئەو فەرموودە ئـەوەی تێـدا كـە هانمان ئەدات بۆ گوێڕایەلی سەرۆك ئەگەر كـار بەدەسـتیش سـتەمكار بێـت و مافی خەڵك بەناحەق بەرێ دەبێ حەقی بدرێ لە گوێڕایەلی وە نابێ لە سـەری دەرچین وە لا نادرێ و دەبێ ملكەچی بۆ خوای بەرز بكەین بـەوەی دوای لـێ

بكـەین كـە ئـەزێتی ئـەو سـەرۆكەمان لەسـەر لابـدات وە شـەڕیمان لـێ دوور بخاتەوە وە چاكی بكات وە پێشتر باسی ئەوەمان كرد كە سێ جۆرە لوغـەت هەیە لە –الاثرة– وە تەفسیرەكەمان باس كرد وە لێرەش مەبەست پێـی گـل دانەوەی ماڵی –بیت المال–ە لە لایەن سەرۆكەكانەوە والله اعلم).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( مَنْ كَرِهَ مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئًا فَلْيَصْبِرْ عَلَيْهِ فَإِنَّهُ لَيْسَ أَحَدٌ مِنْ النَّاسِ خَـرَجَ مِـنْ الـسُّلْطَانِ شِـبْرًا فَمَـاتَ عَلَيْهِ إِلَّـا مَـاتَ مِيتَـةً جَاهِلِيَّـةً ) متفـق علیـە واتـە : (ئـەوەی شـتێكی بـینی لـە سەركردەكەی كە ڕقی لەو شتە بێت با ئارام بگرێ لەسەری چونكە بە تەئكید كەسێك نیە لە خەڵك دەربچێ لە دەسەڵاتدار بستێك جا لەسـەری بمـرێ ئـیللا مردنێكی جاهیلی دەمرێ).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( مَنْ خَلَـعَ يَـدًا مِـنْ طَاعَةٍ لَقِيَ اللَّهَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا حُجَّةَ لَهُ وَمَنْ مَاتَ وَلَيْسَ فِي عُنُقِهِ بَيْعَةٌ مَـاتَ مِيتَـةً جَاهِلِيَّةً ) رواه مسلم واتە : (ئەوەی دەستی هەڵگرێ لـە گوێڕایـەڵی سـەرۆكی وڵات ئەگاتەوە بە خوا لـە قیامـەت وە بەڵگـەی بەدەسـتەوە نیـە وە ئـەوەی بمرێ وە پەیمانی گوێڕایـەڵی لەگـەڵ سـەرۆك –بیعـة– ی لـەمل نـەبێت ئـەوە ئەمرێ مردنێكی جاهیلی).

پێشەوا الالباني رحمه الله ئەڵێت : و أخرجه الحاكم ( 1 / 77 و 117 ) بلفظ : " من خرج من الجماعة قيد شبر ، فقد خلع ربقة الإسلام من عنقه حتى يراجعه و من مات و ليس عليه إمامة و جماعة فإن موتته موتة جاهلية " . و قال الحاكم :" صحيح على شرط الشيخين " . وافقه الذهبي . سلسلة الاحاديث الصحيحة 984 واتە : (ئەوەی دەرچێ لە جەماعەت بە قـەد بـستێك ، ئـەوە جلەوو دەست گری ئیسلامی لەملی كردۆتەوە هەتائەگەڕێتەوەبۆی وە ئەوەی

بمرێ وە ئیمام و جەماعەتی لەسەر نەبێ=یانی بڕوای بە ئیمام و جەماعەت نەبێ= ئەوە مردنەكەی مردنێكی جاهیلیە).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : (من رأى من أميره شيئا يكرهه فليصبر عليه فإنه من فارق الجماعة شبرا فميتته جاهلية) متفق عليه واتە : (ئەوەی شتێكی بینی لەسەركردەكەی ڕقی بێتەوە لەوشتە با ئارام بگرێ بەتەئكید ئەوەی جودا بێتەوە لە جەماعەت بە قەد بستێك ئەوە مردنەكەی جاهیلیە).

لەو فەرموودانە ناشیرنی تاوانی دەرچوون لە گوێڕایەڵی سەركردەمان بۆ دەرئەكەوێ كە ئەگەر بستێك بێت دەرچوونەكە لەسەری بمری بەجاهیلی ئەمری! پەنا بەخوا ئەی چی بێ ئەگەر كەسێك بە چەكیش بەرەنگاری سەرۆكی وڵات بێتەوە ! ؟ بۆیەشە بە مردنی جاهیلی ئەمرێ چونكە لەسەردەمی جاهیلی پێش ئیسلام بڕوایان بە جەمەعات و ئیمام نەبوو، جا ئەوەی بڕوای پێ نەبێ ئەوە خۆی شوبهاندووە بە كافرەكانی سەردەمی جاهیلی، بۆیەشە بە جاهیلی ئەمرێ!

وە هەر لەو فەرموودانە بۆمان دەركەوت كە موسڵمان ئەگەر لە گوێڕایەڵی دەرچێت چۆن لە قیامەت بێ بەڵگە ئەبێت! بێگومان دۆڕانی قیامەتیش گەورە ترە لە دۆڕانی دونیا، لەبەر ئەوە با لە دونیا ماف خوراو بیت باشترە لەوەی لە قیامەت بێ بەڵگە بمێنی، وە حیسابی جاهیلانت بۆ بكرێ لەبەر ئەوەی مردووی بێ ئەوەی پەیمانی گوێڕایەڵیت لەمل بوبێ!.

وە كاتێك كەسێك بەناوی سلمة بن يزيد الجعفي پرسیاری كرد لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم و ووتی: (يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَرَأَيْتَ إِنْ قَامَتْ عَلَيْنَا أُمَرَاءُ يَسْأَلُونَا حَقَّهُمْ وَيَمْنَعُونَا حَقَّنَا فَمَا تَأْمُرُنَا فَأَعْرَضَ عَنْهُ ثُمَّ سَأَلَهُ فَأَعْرَضَ عَنْهُ ثُمَّ سَأَلَهُ فِي الثَّانِيَةِ أَوْ فِي الثَّالِثَةِ فَجَذَبَهُ الْأَشْعَثُ بْنُ قَيْسٍ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِمْ مَا حُمِّلُوا وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ) رواه مسلم واتە: (ئەی پێغەمبەری خـوا ئایـا بینیوتـە ئەگـەر سـەرکردەی وا بێنە سەرمان بـبن بـە سـەرۆکمان داوای مـافی خۆیـان لـە ئێمـە بکـەن و مـافی ئێمەش نەدەن و مەنعی بکەن لێمـان ئایـا چۆن فـەرمانمان پـێ ئەکـەی چـی بکەین؟ پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـە وعلـی الـە وسـلم ڕووی لـێ وەرگێـڕا وەڵامی نەدایەوە دیسان پرسیاری لێ کـردەوە دیـسان وەڵامـی نەدایـەوە لـە دووەم جار یان سێهەم جار الْأَشْعَثُ بْنُ قَيْسٍ گرتی و لایدا ئەوجا پێغەمبـەری خوا صلی الله علیە وعلـی الـە وسـلم فـەرمووی : گوێڕایـەڵی سـەرکەردەتان– سـەرۆکی وڵاتتـان– بکـەن بـە تەئکیـد ئـەوان بەرپرسـن لـەوەی لـە ژێـر دەسـتیاندایە وە ئێـوەش بەرپرسـن لـەوەی لەسـەرتانە هـەر کەسـەتان لـە کردەوەی خۆی بەرپرسیار ئەبێت).

لەو فەرموودە بۆمان دەر ئەکەوێ کە لە قیامەت هەر کەس لەوە بەرپرسیارە کە لە دەسەڵاتی خۆیەتی، تۆ قیامەتی خۆت لەبەر چاو بێت، بشزانە لە چاکە بە قسەی سەرۆك بکەو لە تاوان بە قسەی مەکـە، حیـسابی ئـەو لای خوایـە، نەکەی لە گوێڕایەلی دەربچی لە بەر ئەوەی ستەم ئەکات، تەنها لە تـاوان بـە قسەی مەکە.

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە والە وسلم ئەفەرموێ : (لا نـبيَّ بَعـدِي، ولا أُمّة بعدكم؛ فاعبدُوا ربَّكم، وأقيمُوا خمسكُم، وأعطُوا زكاتكُم، وصُومُوا شهركُم، وأطيعُوا وُلاةَ أمرِكم؛ تدخلوا جنـة ربِّكـم) سلـسلة الاحاديـث الـصحيحة 3233 واتە: (لـە دوای مـن پێغەمبـەر نیـە وە لـە دوای ئێـوە ئوممـەتی تـر نیـە جـا پەروەردگارتان بپەرستن وە پێـنج نوێژەکـەتان بـە ڕێکـی بکـەن وە زەکـاتی ماڵتان بدەن وە مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بـن وە گوێڕایـەڵی سـەرکردەکانتان بکەن دەچنە بەهەشتی پەروەردگارتان).

سەیر بكەن یەكێك لە هۆیەكانی چوونە بەهەشت گوێڕایەڵی كردنی سەرۆكە!
وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : (ستكون بعدي هنات و هنات فمن رأيتموه فارق الجماعة أو يريد أن يفرق أمر أمة محمد كائنا من كان فاقتلوه فإن يد الله مع الجماعة و إن الشيطان مع من فارق الجماعة يركض) صحيح الجامع 3621 واتە : (لەدوای من فیتنەی گەورە ئەبێت و شتی تازە ڕوو ئەدات جا بینیتان یەكێك جیا ئەبێتەوە لە جەماعەت یان ئەیەوێ تەفرەقە بخاتە ئەمری ئوممەتی محمد هەر كەسێك بێت بیكوژن بە تەئكید دەستی خوا لەگەڵ جەماعەتە وە بەتەئكید شەیتان لەگەڵ ئەوەی جیا ئەبێتەوە لە جەماعەت ڕائەكات لە گەڵیان).
لەو فەرموودە ئەبینن چۆن پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی بە كوشتنی كەسێك كردووە لە جەماعەت جودا بێتەوەو دوو بەرەكی و تەفرەقە بكات و بەرامبەری سەرۆك دەربچیَ!!!

## ووتەی هەندێ لە پێشەوایان و زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت لەسەر ئەوباسە:

زانایانی ئەهلی سوننە زۆر گرنگیان بەو باسە دایە لە كتێبەكانی عەقیدە باسیان كردووەو ڕونیان كردۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو باسە گرنگەو ئەهلی بیدەع لە خەواریج و هاوشێوەكانیان لەو باسە گومڕا بوونەو لایانداوە لە ڕێبازی سەلەف، بەڵام من ناتوانم قسەی هەموو پێشەوایانی ئەهلی سوننە نەقڵ بكەم، لەبەر ئەوەی بۆ من زەحمەتە بتوانم هەموو قسەكانیان كۆ بكەمەوە ئەوەندە زۆرە! وە ناشمەوێ حەجمی ئەو كتابە ئەوەندە گەورە بێ كە خەڵك تاقەتی خوێندنەوەی نەبیَ! ان شاء الله لە شوێنی تر زیاتر ئەو باسە ڕوون ئەكەمەوە، بەڵام لێرە چەند ووتەیەكی پێشەوایانی ئەهلی سوننەو

جەماعەت نەقڵ ئەكەم، بۆ ئەوەی مەبەستەكەمان بپـێكین و ئـەو باسـە ڕوون بێت لەبەر چاوی هەموو موسڵمانێك.

**<u>ووتەی پێشەوای ئەهلی سوننە احمد بن حنبـل رحمـه الله</u>** : پێـشەوای ئـەهلی سوننە بێ مونازەعە ! ابو عبد الله احمد بن حنبل رحمه الله لـە سـاڵی 164 هـ لە دایك بووە لە ساڵی 241 هـ وەفاتی كردووە زانای فەرموودەناس و فەقیـە قودوەی ئەهلی سوننە لە خۆڕاگری و سابتی لە سـەر حـەق وە چـقڵی چـاوی ئەهلی بیدعە بووە خاوەنی چەندین كتێبی بە سـوودە لەوانـە كتـابی (اصـول السنة)[6] كە عەقیدەی ئەهلی سوننەی تێـدا ڕوون كردۆتـەوە كـە قاضـي ابـو یعلی الحنبلي ئەڵێ (لو رحل الی الصین في طلبها كان قلیلا) یانی ئەگەر بۆ داوا كردنی سەفەر بكەی بۆ صین كەمە ! .

لەو كتابەی پێشەوا احمد بن حنبل رحمه الله ئەفـەرموێ : (والـسمع واالطاعـة للأئمة وأمیر المؤمنین البر والفاجر ومن ولي الخلافة واجتمع الناس علیه ورضوا به ومن علیهم بالسیف حتـی صـار خلیفـة وسمـي أمـیر المـؤمنین) واتـە: (لـە بنـچینەكانی سـوننەت لامـان ئەوەیـە كـە گوێڕایـەڵی و تاعـەتی پێـشەوا وە ئەمیری بڕواداران بكەین چاك و خراپ و ستەمكاریان وە گوێڕایەڵی و تاعـەتی بكەین بۆ هەر كەسێك خەلافەتی گرتە دەست و خەڵكی لەسەری كۆ بوونـەوە وە ڕازی بـن پێـی وە گوێڕایـەڵی و تاعـەتی هەركەسـێك بكـەین كـە خـۆی بسەپێنێ بەسەر بـڕواداران بـە شمـشێر هـەتا ئەبێتـە خەلیفـەو نـاوی ئـەنرێ ئەمیری بڕواداران).

---

[6] ئەو كتابە بە شەرحی شێخ عبد الله بن عبد الرحمن الجبرین رحمه الله دامان ناوە لە سـایتی سـەلەفی كورد ئەتوانی بەو لینكە بیكەیتەوە
http://www.salafikurd.com/bashehalwashandnawa/isulalsunna.pdf

شێخ عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين[7] رحمه الله له شەرحەکەی لەسەر ئەو کتابە لە شەرحی ئەو ووتەی احمد بن حنبل رحمه الله ئەڵێ : (هذا الكلام قاله ردا على الخوارج الذين يخرجون على الأئمة، وردا ايضا على المعتزلة الذين يبيحون الخروج على الأئمة، و يجعلون ذلك من الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر. والأئمة هم الذين تتم لهم الولاية، ويستولون على الأمة الإسلامية: سواء بعهد ذلك الوالي بأن عهد اليه من قبله، أو بالقوة من ذلك الوالي بأن أخذ الولاية بالقوة، وتولى عليهم بالغلبة، كل هذا بلا شك إذا تمت له الولاية وجبت الطاعة له، والسمع له، وحرم الخروج عليه. وذلك لأن الخروج على الأئمة يسبب فتنا وضررا على المسلمين. وكم حصل بسببه من القتل؟! وكم حصل بسببه من السجن، وإضرار المسلمين، وإضرار علماء المسلمين؟! فلأجل ذلك قالوا: يجب السمع والطاعة لولاة الأمور، واستدلوا بقوله صلى الله عليه وسلم: "أوصيكم بالسمع والطاعة –يعني لولاة الأمور–، وإن تأمر عليكم عبد حبشي، مجدع الأطراف، كأن رأسه زبيبة"، أمر بأن يسمع له ويطاع إلا أنهم لا يطاعون في معصية، لقوله صلى الله عليه وسلم: "لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق"، ولكن لا يجوز أن يخرج عليهم بالسيف، ولا تنزع الطاعة من أيديهم.) واتە : (ئەو قسەیە ووتویەتی بۆ ڕەد دانەوە لە سەر خەواریجەکان ئەوانەی دەر ئەچن لەسەر ئیمامەکان، وە بۆ ڕەد دانەوەیە لەسەر موعتەزیلەکان ئەوانەی دەرچوون لە سەر ئیمامەکان حەڵاڵ ئەکەن، وە ئەوە دەکەنە بەشەك لە فەرمان کردن بە چاکەو نەهی کردن لە مونکەر. وە پێشەواکان ئەوانەن کە ویلایەتیان دەکەوێتە دەست، وە دەست ئەگرن بەسەر ئوممەتی ئیسلامی:

---

[7] عبد الله بن عبد الرحمن بن عبد الله بن إبراهيم بن فهد بن حمد بن جبرين من آل رشيد لە ساڵی 1352 ﻫ لە دایك بووە یەكێكە لەزانا بەناوبانگەكانی وڵاتی سعودیەو جیهان! وە وەك پیشەی زانایانە ژیانی بە خوێندن و دەرس ووتنەوە بردۆتەسەر كتێبی نوسراوو كاسێتی دەنگی زۆری هەیە لە شەرحی كتێبەكانی ئەهلی سوننە، وە لەساڵی 1430 ﻫ وەفاتی كردووە رحمه الله.

جا ئەگەر بە بڕیاری ئەو والیەی بێ بەوەی لەلایەن ئەوەوە بڕیار درابێ بۆ ئەوەی ببێتە والی، یان بە هێزی ئەو والیە خۆی بەوەی ویلایەت بگرێتە دەست بە هێز، وە ببێتە والی بەسەریان بە زاڵ بوون بە سەریان، بە هەموو ئەو شێوانە بێ گومان ئەگەر ویلایەتی بۆ چەسپا ئەوە تاعەتی واجب ئەبێت، وە گوێڕایەلی بۆ واجب ئەبێت، وە حەرام ئەبێت دەرچوون لەسەری. وە ئەوە لەبەر ئەوەی دەرچوون لەسەر ئیمامەكان دەبێتە هۆی فیتنەو زیان لە سەر موسڵمانان. وە چەند فیتنە ڕووی داوە لەسەر موسڵمانان بە هۆی ئەوە؟! وە چەند بەو هۆیە كەوتونەتە سجن، وە زەرەر دان لە موسڵمانان، وە زەرەر دان لە زانایانی موسڵمانان؟! جا لەبەر ئەوە ووتویانە: واجبە گوێڕایەلی و تاعەت بۆ خاوەن ئەمرەكان-سەرۆكەكان-، وە فەرموودەی پێغەمبەریان صلى الله عليه وسلم كردووە بە بەڵگە كە ئەفەرموێ: "وەسیەتتان ئەكەم بەوەی گوێڕایەل بن و تاعەتتان هەبێ -یانی بۆ خاوەن ئەمرەكان-، جا ئەگەر كەسێك ببێتە خاوەن ئەمرتان كە عەبدێكی حەبەشی بێت، لووت بڕاو بێت، سەری وەك مێوژ بێت"، فەرمانی كرد بەوەی گوێڕایەلی بكرێ و تاعەتی بكرێ ئیللا ئەوە نەبێ كە لە تاوان بە قسەیان ناكرێ و تاعەتیان ناكرێ، لە بەر فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم: "تاعەت بۆ دروست كراوێك نیە لە لە سەرپێچی فەرمانی دروستكەر"، بەڵام دروست نیە كە لەسەریان دەربچن بە شمشێر، وە تاعەتیان لە دەست ناسەنرێتەوە.).

**ووتەی پێشەوا طحاوي رحمه الله :** پێشەوا ابو حعفر الطحاوي[8] رحمه الله لە كتێبەكەی (العقيدة الطحاوية) دەفەرموێ: (ولا نرى الخروج على أئمتنا وولاة

---

[8] ناوی ابو جعفر أحمد بن محمد بن سلامة بن سلمة بن عبد الملك الطحاوي-گوندێكە لە صعیدی مصر- پێشەوایەكی حافزو فەرموودەناس و فەقیهە لە ساڵی 239 هـ لە دایك بووە وە لە ساڵی 321 هـ وەفاتی كردووە رحمه الله.

أمورنا وإن جاروا ولا ندعوا عليهم ولا ننزع يدا من طاعتهم ونرى طاعتهم من طاعة الله عز و جل فريضة ما لم يأمروا بمعصية وندعو لهم بالصلاح والمعافاة) واتە: (وە–ئێمەی ئەهلی سوننەو جەماعەت– وا نابینین–بڕوامان نیە بەوەی– کە دەربچین لە سەر ئیمامەکانمان وە خاوەن ئەمرمان –سەرۆکی وڵاتمان– ئەگەر ستەمیش بکەن وە دوعایان لێ ناکەین وە دەست لە گوێ ڕایەڵیان هەڵناگرین وە وا ئەبینین–بڕوامان وایە– کە گوێ ڕایەڵی وان لە گوێ ڕایەڵی خوایە عز وجل فەرزە مادام فەرمان بە تاوان نەکەن وە دوعایان بۆ دەکەین بە چاك بوون و سەلامەتی).

وە ابن ابي العز الحنفي[9] رحمه الله لە شەرحەکەی لەسەر (العقيدة الطحاوية) لەو بڕگەیە زۆر بەجوانی ئەو باسە ڕوون ئەکاتەوەو بەڵگەکانی ئەهێنێتەوە ئەوجا ئەفەرموێ: (وأما لزوم طاعتهم وإن جاروا، فلأنه يترتب على الخروج من طاعتهم من المفاسد أضعاف ما يحصل من جورهم، بل في الصبر على جورهم تكفير السيئات ومضاعفة الأجور، فإن الله تعالى ما سلطهم علينا إلا لفساد أعمالنا، والجزاء من جنس العمل، فعلينا الاجتهاد في الاستغفار والتوبة وإصلاح العمل. قال تعالى : ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ﴾ الشورى : 30. وقال تعالى : ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ﴾ آل عمران : 165. وقال تعالى : ﴿مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ﴾ النساء : 79. وقال تعالى : ﴿وَكَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ الانعام : 129. فإذا أراد الرعية أن يتخلصوا من ظلم الأمير الظالم، فليتركوا الظلم.) واتە : (وە ئەوەی کە پێویستە دەست بگرین بە گوێڕایەڵی ئیمامەکان لێی

---

[9] زانای زۆر شارەزا صدر الدين محمد بن علاء الدين علي بن محمد ابن ابي العز الحنفي، الاذرعي الصالحي الدمشقي لەساڵی 731 هـ لە دایك بووە وە لە ساڵی 792 هـ وەفاتی کردووە رحمه الله.

لانەدەین ئەگەر ستەمیش بكەن، لە بەر ئەوەیە كە لەدەرچوون لە گوێڕایەڵیان مەفسەدەی—خراپەی— ئەوەندە لێ دەكەوێتەوە چەند جار زیاتر لە ستەمی ئەوان، بەڵكو لە ئارام گرتن لە سەر ستەمی ئەوان كەفارەتی تاوانەكانمانی تێدایەو پاداشتمان پێی زیاد ئەبێت، بە تەئكید خوای بەرز ئەوانی زاڵ نەكردووە بە سەرمانەوە ئیللا بەهۆی خراپی كردەوەكانمانەوەیە، وە پاداشت لە جنسی—شێوەی— كردەوەیە، جا لەسەرمانە هەوڵ و كۆشش بكەین لە استغفار—داوای لێخۆش بوون لەخوا— وە تەوبە كردن—گەڕانەوەو پەشیمان بوونەوە لە تاوانەكان— وە چاك كردنی كردەوەكان. خوای بەرز ئەفەرموێ: ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ﴾ الشورى : 30 واتە: (وە هەر بەڵایەك توشتان ئەبێت و دێتە سەرتان ئەوە بە هۆی ئەوەیە كە بەدەستی خۆتان كردووتانە—لەتاوان— وە خوا لە زۆریش لە تاواناكەنتان خۆش ئەبێت). وە خوای بەرز ئەفەرموێ: ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ﴾ آل عمران : 165 واتە: (وە كە بەڵایەك هاتە سەرتان—لە جەنگی ئوحد— كە ئێوەش پێشتر بەرامبەری موشریكەكان ئەوەتان دەست كەوتبوو وەك ئەو بەڵایەتان بەسەر هێنان—لە جەنگی بەدر— دەڵێن بۆ ئەو بەڵایەمان بەسەر هات پێیان بڵێ ئەوە لەلایەن خۆتانەوەیە بەهۆی سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرەوەیە كە لە شوێنی خۆتان نەمان—تیرهاوێژەكان—). وە خوای بەرز ئەفەرموێ: ﴿مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ﴾ النساء : 79 واتە: (وە هەر خێرێكت دێتە سەر ئەوە لەلایەن خواوەیە بە فەزڵی خوا بۆت هاتووە وە هەر بەڵایەك توشت ئەبێ ئەوە لە نەفسی خۆتەوەیە —بەهۆی تاوانی خۆتە—). وە خوای بەرز ئەفەرموێ: ﴿وَكَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ الانعام : 129 واتە: (ئاوها هەندێ لە ستەم كاران

ئەخەینە دەسەڵاتدارو زاڵیان ئەکەین بەسەر یەکەوە بەسەر ستەم کاری تر بەوەی کە خۆیان کردویانە لە ستەم–بەهۆی ستەمیان ستەم کار زاڵ ئەبێ بەسەریان–). جا ئەگەر خەڵکی ژێردەستی سەرکردەکان بیانەوێ ڕزگاریان بێت لە ستەمی سەرۆکی ستەمکار، با خۆیان واز بێنن لە ستەم کردن).

بەڵێ ئەگەر ئەمانەوێ سەرۆکمان باش بێت عەدل بێت لە گەڵمان دەی با واز بێنین لە تاوان و خۆمان عەدل بین ئەو کات خوای بەرز سەرۆکمان بۆ چاك ئەکات، بەڵام کە خۆمان خراپ بین و غەش بکەین و مافی خوای بەرز وە مافی بەندەکانی خوا جێبەجێ نەکەین چۆن چاوەڕێی سەرۆکێکی داد پەروەر بکەین و چاوەڕێ بکەین مافەکانمان نەخوا! ؟

**ووتەی پێشەوا حسن بن علي بن خلف البربهاري[10] رحمه الله:**

لە کتابی (شرح السنة) ئەفەرموێ: (ومن خرج على إمام من أئمة المسلمين فهو خارجي قد شق عصا المسلمين وخالف الآثار وميتته ميتة جاهلية) واتە: (وە هەر کەسێك دەرچێ لە سەر ئیمامێك –سەرۆکی وڵاتێك– لە ئیمامەکانی موسڵمانان ئەوە ئەو کەسە لە خەواریجانەو تەفرەقەی خستۆتە نێو کۆمەڵی موسڵمانان وە پێچەوانەی ئەسەرەکانی کردووە وە مردنەکەی مردنێکی جاهیلیە).

وە ئەفەرموێ : (ولا يحل قتال السلطان ولا الخروج عليه وإن جار وذلك لقول رسول الله صلى الله عليه و سلم لأبي ذر الغفاري اصبر وإن كان عبدا حبشيا وقوله للأنصار اصبروا حتى تلقوني على الحوض وليس من السنة قتال السلطان فإن فيه فساد الدنيا والدين) واتە: (وە دروست نیە جەنگ کردن

---

(10) پێشەوای ئەهلی سوننەو جەماعەت لەسەر دەمی خۆی أبو محمد الحسن بن علي بن خلف البربهاري توند بووە لە سەر ئەهلی بیدعەو سوننەتی سەرخستووە لە ساڵی 329 هـ وەفاتی کردووە رحمه الله.

لەگەڵ سەرۆك وە دەرچونیش لەسەری دروست نیە ئەگەر ستەمیش بكات ئەوە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم بۆ ابو ذر الغفاري بەوەی فەرمووی پێی: ئارام بگرە ئەگەر سەركردەش عەبدێكی حەبەشی بێت. وە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى اله وسلم بۆ ئەنسار: ئارام بگرن تا دەگەنە من لەسەر حەوز. وە جەنگ بەرپا كردن لە گەڵ سەرۆك لە سوننەت نیە بە تەئكید ئەوەش فەسادی دونیاو دینی تێدا).
بەڵێ والله ڕاستی فەرمووە فەسادی دین و دونیای تێدا! جا چۆن خێر لە شتێكدا ئەبێت كە لە سوننەت نەبێت!!!؟ دەبێ چەند بێ عەقڵ بێت ئەو كەسەی بڵێ خێر لە شتێكە كە پێچەوانەی سوننەتە!؟

**وتەی پێشەوا أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية[11] رحمه الله:**

لە شوێنێك ئەفەرموێ : (وَلِهَذَا كَانَ مَذْهَبُ أَهْلِ الْحَدِيثِ تَرْكَ الْخُرُوجِ بِالْقِتَالِ عَلَى الْمُلُوكِ الْبُغَاةِ وَالصَّبْرِ عَلَى ظُلْمِهِمْ إلَى أَنْ يَسْتَرِيحَ بَرٌّ أَوْ يُسْتَرَاحُ مِنْ فَاجِرٍ)

---

(11) شێخی ئیسلام أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن عبد الله ابن الخضر بن محمد، ابن تيمية النميري الحراني الدمشقي. تيمية دایكی باپیرە گەورەی بووە ئافرەتێكی ڕاویەو وەعزدەر بووە بۆیە ئەو بنەماڵەیە نیسبەتیان بۆ لای ئەو دراوە. شێخی ئیسلام لە ساڵی 661 ھ لە حران لە دایك بووە، پێشەوای ئەهلی سوننە بووە لە هەموو بوارەكانی تەفسیرو فەرموودەو فیقهو زمانەوانی پێشەوا بووە وە هەڵگری ئاڵای سوننەت بووەو موجاهید بوو لە سەرخستنی دینی خوا بەرامبەری كافران و ئەهلی بدەع، توراسێكی بۆ ئێمە جێ هێشتووە هەموو سەلەفیەكانی پاشی ئەو لە زانایان و قوتابیانی علم سوود لە كتێبەكانی ئەبینین بە تایبەتی ڕەددەكانی لەسەر ئەهلی بیدعە. شێخی ئیسلام دوژمنی زۆر بووە لە ئەهلی بیدەع كە سلطانیان هان ئەدا بۆ لەناو بردنی و سجن كردنی بەڵام ئارام گر بوو لە سەر حەق و دژایەتی سلطاني نەدەكرد، بەڵكو دوعای خێری بۆ دەكرد وە قسەیەكی مەشهوری هەبوو ئەی ووت : دوژمنەكانم چی لەمن دەكەن؟! من بەهەشت و بیستانەكەم لە سینگمایە، بۆ هەر كوێیەك بڕۆم لەگەڵمایەو لێم جودا نابێتەوە. من حەپسم خەڵوەتە، وە كوشتنم شەهادەتە، وە دەركردنم لە شاری خۆم سیاحەتە. وە لە سجنەكەیا ئەیووت: سجن ئەو كەسەیە كە دڵی سجن كرابێ لە پەروەردگاریەوە، وە ئەسیر ئەو كەسەیە ئەسیری هەوای بێت. وە ئەو كتێبانەی نوسیوێتی زیاتر بوون لە سێ سەد جلد وە لە ساڵی 728 ھ لە سجنی قەلعەی دمشق وەفاتی كردووە رحمه الله.

مجموع الفتاوى (444/4) واتە: (وە لەبەر ئەوە مەزهەبی ئەهلی حدیث- ئەهلی سوننەو جەماعەت ئەوانەی دوای فەرموودە ئەکەون نەك دوای ڕەئی و هەواو ئارەزوو- واز هێنانە لە دەرچوون بە جەنگ لە گەڵ پادشا ستەم کارەکان وەمەزهەبیان ئەوەیە ئارام بگری لەسەر ستەمیان هەتا-ئەمرن- خەڵکی چاك بن ئەحەسێنەوە یان خەڵك ئەحەسێنەوە لە دەستی فاجیر- ستەم کار-).

سبحان الله زۆر جاران تەکفیری و خەواریجەکان بۆ خەڵەتاندنی گەنجەکان قسەی پێشەوا ابن تیمیة رحمە الله ئەهێننەوە، تا وانیشان بدەن کە دوا کەوتەی ئەو پێشەوایەن! بەڵام ابن تیمیة رحمە الله یەکێکە لە پێشەوا سەلەفیەکان و لەوان بەریە! ئەبینن چۆن ئەڵێ دەبێ ئارام بگرین لە سەر ستەمی سەرۆکەکان و ئەڵێ ئەوە مەزهەبی (ئەهلی حدیث)ە! جا ڕیسوایی بۆ ئەوانەی ئەچنە سەر مەزهەبی ئەهلی بیدعە! وە بۆ ئەوەی ووتەی ئەو پێشەوایەتان زیاتر بۆ ڕوون بێتەوە ئەوەشتان بۆ نەقڵ ئەکەم کە ئەفەرموێ:

(كَانَ مِنْ الْعِلْمِ وَالْعَدْلِ الْمَأْمُورِ بِهِ الصَّبْرُ عَلَى ظُلْمِ الْأَئِمَّةِ وَجَوْرِهِمْ كَمَا هُوَ مِنْ أُصُولِ أَهْلِ السُّنَّةِ وَالْجَمَاعَةِ وَكَمَا أَمَرَ بِهِ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْأَحَادِيثِ الْمَشْهُورَةِ عَنْهُ لَمَّا قَالَ : { إنَّكُمْ سَتَلْقَوْنَ بَعْدِي أَثَرَةً فَاصْبِرُوا حَتَّى تَلْقَوْنِي عَلَى الْحَوْضِ } وَقَالَ : { مَنْ رَأَى مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَصْبِرْ عَلَيْهِ } إلَى أَمْثَالِ ذَلِكَ . وَقَالَ : { أَدُّوا إلَيْهِمْ الَّذِي لَهُمْ وَاسْأَلُوا اللَّهَ الَّذِي لَكُمْ } وَنهوْا عَنْ قِتَالِهِمْ مَا صَلَّوْا وَذَلِكَ لِأَنَّ مَعَهُمْ أَصْلُ الدِّينِ الْمَقْصُودِ وَهُوَ تَوْحِيدُ اللَّهِ وَعِبَادَتُهُ وَمَعَهُمْ حَسَنَاتٌ وَتَرْكُ سَيِّئَاتٍ كَثِيرَةٍ . وَأَمَّا مَا يَقَعُ مِنْ ظُلْمِهِمْ وَجَوْرِهِمْ بِتَأْوِيلِ سَائِغٍ أَوْ غَيْرِ سَائِغٍ فَلَا يَجُوزُ أَنْ يُزَالَ لِمَا فِيهِ مِنْ ظُلْمٍ وَجَوْرٍ كَمَا هُوَ عَادَةُ أَكْثَرِ النُّفُوسِ تُزِيلُ الشَّرَّ بِمَا هُوَ شَرٌّ مِنْهُ وَتُزِيلُ الْعُدْوَانَ بِمَا هُوَ أَعْدَى مِنْهُ فَالْخُرُوجِ عَلَيْهِمْ يُوجِبُ مِنْ الظُّلْمِ وَالْفَسَادِ أَكْثَرَ مِنْ ظُلْمِهِمْ) مجموع الفتاوى

(179/28–180) واتە: (لە زانست و عەدلی كە فەرمانی پێكراوە ئەوەیە ئارام بگری لەسەر ستەمی سەرۆكەكان و نادادیان، وەكو ئەوە لە بنچینەكانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە، وە وەك ئـەوەی كـە پێغەمبـەر صـلی الله علیـه وعلی اله وسلم فەرمانی پێكردووە لە فەرمموودە مەشهورەكانی لێـی ڕیوایـەت كراوە كە دەفەرموێ: { إِنَّكُمْ سَتَلْقَوْنَ بَعْدِي أَثَرَةً فَاصْبِرُوا حَتَّـى تَلَقَّـوْنِي عَلَـى الْحَوْضِ } وە دەفەرموێ : { مَنْ رَأَى مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَصْبِرْ عَلَيْـهِ } تا نموونەی تر لەوە. وە دەفەرموێ: { أَدُّوا إِلَيْهِمْ الَّذِي لَهُمْ وَاسْأَلُوا اللَّـهَ الَّـذِي لَكُمْ } وە نەهی كراوە لە جەنگان لە گـەڵیان تـا نوێـژ بكـەن وە ئـەوە لەبـەر ئەوەیە كە ئەو سەرۆكانە بنچینەی دین كە مەبەستە لایانە ئەویش تەوحیـدی خواو پەرستنیەتی وە چاكەیان وە وازهێنانیـان لـە تـاوان زۆر هەیـە. بـەڵام ئـەوەی كـە لێیـان ڕوو ئـەدات لـە سـتەم كردنیـان و نادادیـان بـە تـەئویلێكی دروست و ڕێ پێدراو یان نادروست و ڕێ پێ نەدراو، ئەوە دروست نیە كە ئەو سەرۆكە لابدرێ لەبەر ئەو ستەمەو نادادیەی تیایـەتی، وەك ئـەوەی عـادەتی زۆر لە نەفسەكانە خراپە لا ئەبات بـەوەی كـە خـراپترە لێـی، وە دژایـەتی لا ئەبات بەوەی كە زیاتری دژایەتی تێدا لێی، جا دەرچوون لە سەر سەرۆكەكان ستەم و فەسادی زیاتر دێنێت و ئەیسەپێنێ زیاتر لـە سـتەمی سـەرۆكەكان).

تێبینی: ئەوفەرموودانەی لێرە هێناویێتی پێشتر ماناكانی لێك دراوەتەوە.

وە ئەفەرموێ : (وَلِهَذَا لَا يَجُـوزُ إنْكَـارُ الْمُنْكَـرِ بِمَـا هُـوَ أَنْكَـرُ مِنْـهُ; وَلِهَـذَا حُـرِّمَ الْخُرُوجُ عَلَى وُلَاةِ الْأَمْرِ بِالسَّيْفِ; لِأَجْلِ الْأَمْرِ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيِ عَنْ الْمُنْكَـرِ; لِـأَنَّ مَا يَحْصُلُ بِذَلِكَ مِنْ فِعْلِ الْمُحَرَّمَاتِ وَتَرْكِ وَاجِبٍ أَعْظَمَ مِمَّا يَحْصُلُ بِفِعْلِهِمْ الْمُنْكَرَ وَالـذُّنُوبَ) مجمـوع الفتـاوى 472/14 واتـە: (وە لەبـەر ئـەوە دروسـت نیـە ئینكاری مونكەر بەوەی كە مونكەرەكەی گەورەترە; وە لەبـەر ئـەوە حـەرام كراوە دەرچوون لە سەر سەرۆكەكان بە شمشێر; چونكە ئەوەی بەو هۆیە ڕوو

دەدات لە كردنی حەرامـەكان وە نـەكردنی واجـب گـەورەترە لـەوەی كـە لـە كردەوەی سەرۆكەكان ڕوودەدات بە كردنیان بۆ تاوانەكان و مونكەر ).
بەڵێ ئەوە ووتەی ئەو پێشەوایەتان بۆ ڕوون بۆوە هیـوادارم بـە جـوانی تێـی ڕامێنن و بیری لێ بكەنەوە بزانن سەد لەسەد ئەوە ڕاستە كەفیتنەو خراپـەی زیاترە ئەگەر بمانەوێ ستەمكارەكان لابەرین و جەنگیان لەدژ بـەرپا بكـەین! بزانن كە ئەوانەی ویستویانە سەرۆكێكی ستەم كـار لابـدەن كێیـان هێناوەتـە شوێنی بە درێژایی مێژوو! ؟ ئەوە ئەگەر توانیان لای بـەرن ئـەی چـی ئەگـەر ئەوهەموو خوێنە بڕژێ و خەڵكێكی زۆر بكەوێتە سـجن و منـاڵێكی زۆر یـەتیم بن و ژنێكی زۆر بێوەژن بن و هێشتا سەرۆكیشت پێ نەگۆڕێ! ؟ واللە خـەیری دونیاو قیامەت لە شوێن كەوتنی سوننەتە نەكەن بە بیدعە چیەكان بخەڵێتێن و بتانكەنە پەیژەو سوتەمەنی بۆ دەست كەوتنی دونیای خۆیان!

## ووتەی عبدالله بن أحمد بن قدامة المقدسي[12] رحمه الله:

لە كتابی لمعة الاعتقاد الهـادي الى سـبيل الرشـاد ئەفـەرموێ : (ومـن الـسنة : السمع والطاعة لأئمـة المـسلمين وأمـراء المـؤمنين – بـرهم وفـاجرهم – مـا لم يـأمروا بمعـصية الله ، فإنـه لا طاعـة لأحـد في معـصية الله ، ومـن ولـي الخلافـة واجتمع عليه الناس ورضوا به ، أو غلبهم بسيفه حتى صـار الخليفـة ، وسمـي أمير المؤمنين ، وجبـت طاعتـه وحرمـت مخالفتـه والخـروج عليـه وشـق عـصا المسلمين) واتە: (وە لەسوننەتە: گوێڕایەڵ كردنی پێشەوایانی موسڵمانان وە ئەمیرەكانی بڕواداران چاك و خراپیان مادام فـەرمان بـە سەرپێـچی فـەرمانی خوا نەكەن، بە تەئكید گوێڕایەڵی بۆ كەسێك نیە لە سەرپێچی فەرمانی خـوا،

---

(12) موفق الدين أبو محمد عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة بن مقدام بن نصر بـن عبـد الله المقدسـي لە ساڵی 541 هـ لە دایك بووەپێشەوایەكی ئەهلی سـوونە بـووە شـێخي ئیـسلام ابـن تیمیـة دەربـارەی دەڵێ :( كەسێ نەهاتووەتە شام –لەدوای ئەوزاعی– فەقیە تـر بێـت لـە و) لـە سـاڵی 620 هـ وەفـاتی كردووە رحمه الله.

وه هەر كەسێك خەلافەتی بدرێتیٚ وه خەڵك لەسەری كۆ ببنەوه وه پێی ڕازی بن، یان بەسەریاندا زاڵ بیٚ بە شمشێر هەتا دەبێتە خەلیفە، وه ناو بنـریٚ بـە ئەمیری بڕواداران، ئەوه گوێڕایەڵی واجب ئەبێت وه حەرام دەبێت موخالەفەی بكەیت و لە گوێڕایەڵی دەرچیت و تەفرەقە بخەیتە كۆمەڵی موسڵمانان ).

لێرە ئەو پێشەوایەی ئـەهلی سـوننە رحمـە الله ڕوونـی كردۆتـەوە كـە ئەگـەر هاتوو سەرۆك خەڵك پێی ڕازی بوون و دایاننابوو یان بەزۆرو بە زەبـری چـەك خـۆی سـەپاندبیٚ ، وه كەسـێكی زاڵـم و تاوانبـاریش بـیٚ ئـەوه هـەر واجبـە گوێڕایەڵی بكەین و حەرامە لێی جودا بینەوە !

شێخ محمد بن صالح العثيمين[13] رحمـە الله لـە شـەرحی (لمعـة الإعتقـاد) لـە شەرحی ئەو ڕستەیە ئەڵیٚ : (الخلافة منصب كبير ومسؤولية عظيمة وهي تولي تدبير أمور المسلمين بحيث يكون هو المسؤول الأول في ذلك . وهي فرض كفاية لأن أمور الناس لا تقوم إلا بها وتحصل الخلافة بواحد من أمور الثلاثة :

**الأول** : النص عليه من الخليفة السابق كما في خلافـة عمـر بـن الخطـاب فإنهـا بنص من أبي بكر رضي الله عنه.

**الثاني** : اجتماع أهل الحل والعقد سواء كانوا معينين من الخليفة السابق كما في خلافة عثمان رضي الله عنه فإنها باجتماع من أهل الحـل والعقـد المعيـنين مـن قبل عمر بن الخطاب رضي الله عنه أم غير معينين كما في خلافة أبي بكر رضي الله عنه على أحد الأقوال وكما في خلافة علي رضي الله عنه .

---

[13] پێشەوای ئەهلی سوننە لەو سەردەمە أبو عبد الله محمد بن صالح بـن محمـد بـن عثـيمين الـوهيبي التميمي لە شاری عنيزة لە وڵاتی مەملەكەتی سعودیەی ئێستا لـە سـاڵی 1347 هـ لـە دایـك بـووه لـە قوتابیەكانی پێشەوا عبد الرحمن بن ناصر السعدی و شێخی ئیسلام عبد العزيز بن بـاز بـووه رحمهـم الله خزمەتێكی زۆری هەیە لە بڵاو كردنەوەی زانستی شەرعی وه كتێبی نوسراوو كاسـێتی دەنگـی زۆرە لـە شەرحی كتێب و سەرچاوەكانی ئەهلی سـوننە علمـی پـڕی دونیـا بـووه ! لـە سـاڵی 1421 هـ وەفـاتی كردووه رحمه الله.

**الثالث** : القهر والغلبة كما في خلافة عبد الملك بن مروان حين قتل ابن الزبير وتمت الخلافة له .) واتە: (خەلافەت مەنسەبێكی گەورەیە وە بەرپرسیاریەتیەكی گەورەیە خەلافەتیش هەڵسانە بە دەست گرتنە بەڕێوەبردنی كاری خەڵكی بە شێوەیەك كە ئەو بەرپری یەكەم ئەبێت لەوە. وە خەلافەت فەرزی كیفایەیە[14] لەبەر ئەوەی كارو ئەمری خەڵك جێبەجێ نابێ تەنها بەو نەبێت وە خەلافەت دێتەدی بەیەك لەو سێ شتانە :

**یەكەم** : دەق لەسەری بێ لە خەلیفەی پێشتر وەك لە خەلافەتی عمر بن الخطاب خەلافەتەكەی بە دەق بوو لە لایەن أبو بكر رضي الله عنه .

**دووەم** : كۆبوونەوەی ئەهلی الحل والعقد[15] جا یەكسانە ئەگەر لە لایەن خەلیفەی پێشوو دانرابن و دیاری كرابن وەك خەلافەتی عثمان بن عفان رضي الله عنه خەلافەتی ئەو بە كۆبونەوەی ئەهلی الحل والعقد بوو كە دیاری كرابوون لە لایەن عمر بن الخطاب رضي الله عنه یان دیاریش نەكرابن وەك لە خەلافەتی أبو بكر رضي الله عنه لەسەر یەكێك لە ووتەكان وە وەك لە خەلافەتی علي رضي الله عنه .

**سێهەم** : زاڵ بوون و سەركەوتن بە سەر خەلافەت وەك لە خەلافەتی عبد الملك بن مروان ڕوویدا كاتێك ابن الزبير كوژرا وە خەلافەت جێگیر بوو بۆی.).

## ووتەی پێشەوا أبو زكريا يحيى بن شرف النووي[16] رحمه الله

لە شەرحی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە صەحیحی مسلم : ( ستكون بعدي أثرة وأمور تنكرونها قالوا يا رسول الله

---

(14) فەرزی كیفایە یانی دەبێ هەندێ لەموسڵمانان پێی هەڵسن و واجبەكە جێبەجێ بكەن وە ئەگەر هەندێ جێبەجێی بكەن ئەوە فەرزەكە لادەچێ لەسەر ئەوانی تر.

(15) پێشەواو زانایانن چونكە خەڵك دوای ئەوان دەكەوێ.

(16) پێشەوا محى الدين أبى زكريا يحيى بن شرف النووى یەكێكە لە زانا بەناوبانگەكانی مەزهەبی شافیعی لە ساڵی 631 هـ لە دایك بووە وە لە ساڵی 676 هـ وەفاتی كردووە رحمه الله.

كيف تأمر من أدرك منا ذلك قال تؤدون الحق الذي عليكم وتسألون الله الذي لكم ) پێشەوا نەوەوی دەفەرموێ: ( هذا من معجزات النبوة وقد وقع هذا الإخبار متكررا ووجد مخبره متكررا وفيه الحث على السمع والطاعة وإن كان المتولي ظالما عسوفا فيعطى حقه من الطاعة ولا يخرج عليه ولا يخلع بل يتضرع إلى الله تعالى في كشف أذاه ودفع شره وإصلاحه) واتە : (ئەوە لە موعجیزەكانی پێغەمبەرایەتیە وە ئەو هەواڵە ڕوویداوەو دوبارەبۆتەوە وە هەواڵ درانەكەش دووبارە بۆتەوە وەئەو فەرموودە ئەوەی تیایە كە هانمان ئەدات بۆ گوێڕایەڵی ئەگەر ئەوەی بووە بە سەرۆك ستەمكاریش بێ كە ڕۆچووبێ لەستەم كردن ئەبێ مافی خۆی بدرێتێ لە گوێڕایەڵی كردن وە نابێ لەسەری دەرچین وە نابێ لای بەرین بەڵكو ڕووئەكەینە خوای بەرزو لێی ئەپاڕێینەوە بۆ لادانی زیانی ئەو ستەمكارەو لادانی شەڕی و چاك كردنی).

وە لە ژێر ئەو فەرموودەی حذيفة رضي الله عنه: ( قلت يا رسول الله إنا كنا في جاهلية وشر فجاءنا الله بهذا الخير فهل بعد هذا الخير شر قال نعم فقلت فهل بعد ذاك الشر من خير قال نعم وفيه دخن ... ) نەوەوی رحمه الله دەفەرموێ : (وفي حديث حذيفة هذا لزوم جماعة المسلمين وإمامهم ووجوب طاعته وإن فسق وعمل المعاصي من أخذ الأموال وغير ذلك فتجب طاعته في غير معصية) واتە: (وە لە فەرموودەی حذيفة ئەوە هەیە كە دەبێ دەست بگرین بە جەماعەتی موسڵمانان و پێشەوایان وە ئەوەی تیایە كەواجبە گوێڕایەڵی پێشەوا –سەرۆك– بكرێ ئەگەر فاسقیش بێ وە كاری تاوان ئەنجام بدات لە بردنی ماڵ و غەیری ئەوە، واجبە گوێڕایەڵی كردنی لە غەیری تاوان).

دیارە ووتەی ئەو زانا بەڕێزانەمان رحمهم الله ڕوون و ئاشكرایە وەك ڕۆژ لە ئاسمان، تەنها ئەوەی دڵی كوێر بێ هەستی پێناكاو تێی ناگا ! خوا بمان پارێزێ لەوەی دڵمان كوێر بێت !

وە بەڕاستی ووتەی زانایان زۆرە بەڵام ئەوەندە بەسە بۆ ئەو کەسەی مەبەستی دوا کەوتنی حەق بێت.

## مەبەست لە ( امام ) کێیە؟!

**ئەوە زۆر گرنگە بزانین مەبەست لە وشەی ئیمام کە هاتووە لە فەرموودەکان کۆی دەگرێتەوە:** ئیمام مەبەست پێی سەرۆکی یەکەمی وڵاتە، خەلیفە بێ یان پاشاو سەرۆکی ئاسایی بێ ئەگەر پاشایەکی بەزۆر سەپاویش بێت! یانی سەرۆك ئەگەر بەزۆریش بە زەبری چەك خۆی بسەپێنێ، هەر حوکمی امامی هەیەو نابێ دژایەتی بکەین، وەدەبێ بەقسەی بکەین، تەنها لەتاوان بەقسەی ناکەین، ئەوە پێشتر ڕوون بویەوەو ووتەی زانایانی ئەهلی سوننەتان بینی لەسەری! وە حوکمی ئیمام بۆ ئەوکەسەیە کە سەرۆکی وڵاتەو کار بەدەستەو سیاسەتی خەڵکی ئەکات و کاریان هەڵئەسوڕێنێ، ئەو کەسانە ئیمام نین کە دەسەڵاتیان نیەو دیار نین و کاری خەڵکیان پێ هەڵ ناسوڕێو خۆیان شاردۆتەوە! وە ئەسڵ ئەوەیە موسڵمانان یەك ئیمامیان هەبێ، بەڵام ئەگەر ئەوە مەیسەر نەبوو موسڵمانان وڵاتیان بەش بەش بوو وەك ئەو سەردەمەی ئێستامان، ئەوە سەرۆکی هەر وڵاتێك حوکمی امامی هەیەو دەبێ خەڵکی وڵاتەکەی گوێڕایەڵی بکەن و دروست نیە بە هیچ شێوەیەك بەرنگاری ببنەوە بەچەك یان لە گوێڕایەڵی دەرچن هەر چەندی ستەم کاریش بێت و مافیشیان بەرێت بۆ خۆی مادام موسڵمانەو کافر نیە، تەنها لە تاوان بە قسەی ناکان!

لە شەرحی ئەوفەرموودە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( اِنَّمَا الْإِمَامُ جُنَّةٌ يُقَاتَلُ مِنْ وَرَائِهِ وَيُتَّقَى بِهِ فَإِنْ أَمَرَ بِتَقْوَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَعَدَلَ كَانَ لَهُ بِذَلِكَ أَجْرٌ وَإِنْ يَأْمُرْ بِغَيْرِهِ كَانَ عَلَيْهِ مِنْهُ ) رواه البخاري و مسلم واتە : ( ئیمام –سەرۆکی وڵات– پەردەیەکە–بۆ پاراستنی موسڵمانان– شەڕ لە دواوەی ئەکرێ وە موسڵمانان بەو خۆیان ئەپارێزن –لە دوژمنانیان–

جا ئەگەر فەرمانی كرد بە تەقوای خوای عز وجل وە عـەدل بـوو ئـەوە بـەوە پاداشتی بۆ هەیە وە ئەگەر فـەرمان بـە غـەیری ئەمـە بكـە ئـەوە تاوانەكـەی ئەكەوێتە سەر ) .

پێشەوا ابن حجر العسقلانی[17] رحمه الله ئەفـەرموێ : ( وَالْمُـرَاد بِالْإِمَـامِ كُـلّ قَائِم بِأُمُورِ النَّاس وَاللَّـه أَعْلَـم ) فـتح البـاري واتـە : ( وە مەبەسـت بـە ئیمـام هەموو كەسێكە كە كاری خەڵكی بە دەستەو هەڵی ئەسوڕێنێ والله اعلم ) .

بەڵێ ئیمام بەو كەسە ئەوترێ كە هەڵدەستێ بە ڕاهی كردنی سیاسـەتی وڵات و خەڵك و كار بەدەستی یەكەمی وڵاتە، وە مەوجودەو قسەو فەرمانی بەسـەر خەڵكی وڵاتەكە بڕ ئەكات و سیاسـەتی وڵاتـی بەدەسـتە، نـەك كەسـێ خـۆی بكاتە ئیمام كە وجودی نەبێ و خەیاڵی بێ! ئەگەریش دەركەوێ بـە دەمامـك دراوی و لە شاشەی تەلەفیزیۆن دەربكەوێ و پاشان خۆی بـشارێتەوە ! نـەك كـاری سیاسـەتی وڵاتـی بەدەسـت نیـە بـەڵكو خـۆی لـەو مـاڵ و ئـەو مـاڵ بشارێتەوە ! یان ئیمام بەو كەسە ناوترێ كە سەرۆكی حیزبێك بێ یان سەرۆك عەشیرەتێك بێت و لـە وڵات و حكومـەت یـاخی بـوبێتن! شـێخی ئیـسلام ابـن تیمیة رحمه الله دەربارەی ئەوە دەڵێ : (أَنَّ النَّبِيَّ – صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ – أَمَـرَ بِطَاعَةِ الْأَئِمَّةِ الْمَوْجُودِينَ الْمَعْلُومِينَ الَّذِينَ لَهُمْ سُـلْطَانٌ يَقْـدِرُونَ بِـهِ عَلَـى سِيَاسَـةِ النَّـاسِ لَـا بِطَاعَةِ مَعْدُومٍ وَلَا مَجْهُولٍ، وَلَا مَنْ لَيْسَ لَهُ سُـلْطَانٌ، وَلَـا قُـدْرَةٌ عَلَـى شَـيْءٍ أَصْـلًا) « منهـاج السنة النبوية » ( 115/1 ) ط. محمد رشـاد سـالم واتـە: (بـە تەئكیـد پێغەمبـەر – صـلی الله علیـە وسـلم– فـەرمانی كـردووە بـە تاعـەتی ئـەو ئـسمامانەی كـە مـەوجودن و ناسـراون ئەوانـەی كـە دەسـەڵاتیان هەیـە توانایـان هەیـە بـەو دەسەڵاتەیان كە سیاسەتی خەڵكی بكەن نەك بە تاعەتی كەسی دیـار نـەبێ و

---

[17] پێشەوای فەرمووده ناس أبو الفضل أحمد بن علي بن حجر العسقلاني الشافعي خاوەنی چەندین كتێبی بەسوودە لەوانە فتح الباری شەرحی صەحیحی بوخاری لە ساڵی 773 هـ لە دایك بووە وە لە ساڵی 852 هـ وەفاتی كردووە رحمه الله.

وون بێ وە نەك كەسی نەناسراو، وە نەك كەسێ كە دەسەڵاتی نەبێ، وە توانای لەسەڤ شتێك نەبێ ئەسڵەن).

وە لە شوێنێكی تر ئەڵێ: (وَالسُّنَّةُ أَنْ يَكُونَ لِلْمُسْلِمِينَ إمَامٌ وَاحِدٌ وَالْبَاقُونَ نُوَّابُهُ فَإِذَا فُرِضَ أَنَّ الْأُمَّةَ خَرَجَتْ عَنْ ذَلِكَ لِمَعْصِيَةِ مِنْ بَعْضِهَا وَعَجْزٍ مِنْ الْبَاقِينَ أَوْ غَيْرِ ذَلِكَ فَكَانَ لَهَا عِدَّةُ أَئِمَّةٍ: لَكَانَ يَجِبُ عَلَى كُلِّ إمَامٍ أَنْ يُقِيمَ الْحُدُودَ وَيَسْتَوْفِيَ الْحُقُوقَ) مجموع الفتاوى 175/34–176 واتە : (وە سوننەت ئەوەیە كە بۆ موسڵمانان یەك ئیمام هەبێت وە ئەوانی تر جێگری ئەو بن جا ئەگەر فەڕەزەن ئەوە بوو كە ئوممەت لەوە دەرچوو لەبەر سەرپێچی هەندێكیان وە بێ توانایی ئەوانی تر یان غەیری ئەوەش وای لێبێ ئوممەت چەندین ئیمامی هەبێت: ئەوە واجب ئەبێت لەسەر هەموو ئیمامەكان كە حدود جێبەجێ بكات و مافەكان بپارێزێ و بۆ خاوەنەكانیان بیگێڕێتەوە).

شێخی ئیسلام محمد بن عبد الوهاب[18] رحمه الله ئەڵێ: (الأئمة مجمعون من كل مذهب، على أن من تغلب على بلد أو بلدان له حكم الإمام في جميع

---

[18] شێخی ئیسلام محمد بن عبد الوهاب بن سليمان بن على بن محمد بن أحمد بن راشد بن بريد بن محمد بن مشرف بن عمر من بنى تميم. لە ساڵی 1115 هـ لە دایك بووە لە شاری العيينة باوكی زانایەكی گەورە بووە وە باپیرەی زانای نجد بووە لە سەردەمی خۆی. شێخی ئیسلام محمد بن عبد الوهاب پێشی ببێتە دە ساڵ قورئانی لەبەر كردووە وە زانستی شەرعی هەر لە منداڵیەوە خوێندووە وە زۆر تێكۆشانی كردووە بۆ فێربوونی زیاتر و شارەزا بوونی زیاتر لە دین، سەفەری كردووە بۆ داواكردنی علم چووە بۆ مەككەو بۆ مەدینە سوودی لە زاناكانیان بینیە وە بانگەوازی كردیە بۆ تەوحید وە آل السعود یارمەتیان دا لە سەر بانگەواز بۆ تەوحید و سوننەت و ئینكاری شیرك و خورافات و مونكەر، ئەوە بوو دەوڵەتی یەكەمی سعودی دامەزراو دوایی لە نەوەی آل السعود پیشەوا عبد العزيز ىز آل السعود رحمه الله دەوڵەتی سعودیەی ئێستای دامەزراند وە نەوەكانی محمد بن عبد الوهاب وە نەوەكانی محمد بن سعود تا ئێستاش لەسەر ئەو بانگەوازەن خوا بیان پارێزێ بەلام سۆفی و شیعەو خەواریجەكان دژایەتیان ئەكەن و زۆر بوختانیان بۆ دروست ئەكەن لەبەر ئەوە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ خوێندنەوەی ژیانیان و تێكۆشانیان لە پێناوی سەرخستنی تەوحیدو سوننەت و بگەڕێنەوە سەر شاهێدی زانایانی سوننەت بۆیان نەك قسەی خەواریج و سۆفی و شیعە بتانخەڵەتێنێ! وە شێخی ئیسلام محمد بن عبد الوهاب لە ساڵی 1206 هـ وەفاتی كردووە رحمه الله، بەلام بانگەوازەكەی دونیای گرتەوەو بووە هۆی ڕزگار كردنی زۆرێك لە موسڵمانان لە شیرك و بیدعە، خوا پلەی بەرز بكاتەوە لە بەهەشت.

الأشياء، ولولا هذا ما استقامت الدنيا، لأن الناس من زمن طويل قبل الإمام أحمد إلى يومنا هذا، ما اجتمعوا على إمام واحد، ولا يعرفون أحدا من العلماء ذكر أن شيئا من الأحكام، لا يصح إلا بالإمام الأعظم) الدرر السنية في الأجوبة النجدية 5/9 واتە: (پێشەواكان یەك دەنگن لە هەموو مەزهەبەكان، لەسەر ئەوەی هەر یەكێك زاڵ بوو لەسەر ولاتێك یان چەند ولاتێك ئەوە حوكمی ئیمامی هەیە لە هەموو شتەكان، وە ئەگەر ئەوە نەبوایە ئەوە دونیای موسڵمانان جێگیر نەئەبوو نەئەما، لەبەر ئەوەی خەڵك لە سەردەمێكی دوورەوە پێش ئیمام أحمد تا ئەمڕۆی ئێمە، كۆ نەبوونەتەوە هەموو لەسەر یەك ئیمام، وە نەشیان زانیوە یەكێك لە زاناكان ئەوەی باس كردبێ كە شتێك لە ئەحكامەكان، دروست نیە ئەنجام دانی ئیللا بە ئیمامی گەورە نەبێ).

وە پێشەوا محمد بن علي الشوكاني[19] رحمە الله دەفەرموێ : (وأما بعد انتشار الإسلام واتساع رقعته وتباعد أطرافه فمعلوم أنه قد صار في كل قطر أو أقطار الولاية إلى إمام أو سلطان وفي القطر الآخر أو الأقطار كذلك ولا ينفذ لبعضهم أمر ولا نهي في قطر الآخر وأقطاره التي رجعت إلى ولايته فلا بأس بتعدد الأئمة والسلاطين ويجب الطاعة لكل واحد منهم بعد البيعة له على أهل القطر الذي ينفذ فيه أوامره ونواهيه وكذلك صاحب القطر الآخر فإذا قام من ينازعه في القطر الذي قد ثبتت فيه ولايته وبايعه أهله كان الحكم فيه أن يقتل إذا لم يتب ولا تجب على أهل القطر الآخر طاعته ولا الدخول تحت ولايته لتباعد الأقطار فإنه قد لا يبلغ إلى ما تباعد منها خبر إمامها أو سلطانها ولا يدرى من قام منهم أو مات فالتكليف بالطاعة والحال هذه تكليف بما لا يطاق وهذا

---

[19] پێشەوا أبو علي بدر الدين محمد بن علي بن محمد بن عبد اللّه بن الحسن بن محمد بن صلاح بن إبراهيم بن محمد العفيف بن محمد بن رزق الشوكاني لە ساڵی 1173 ھ لە دایك بووە وە لە ساڵی 1250 ھ وەفاتی كردووە رحمه الله. یەكێك بووە لە زاناو موجتەهیدانی ئوممەتی ئیسلام لە سەردەمی خۆی.

معلوم لكل من له اطلاع على أحوال العباد والـبلاد فـإن أهـل الـصين والهنـد لا يدرون بمن له الولاية في أرض المغرب فضلا عن أن يتمكنوا مـن طاعتـه وهكـذا العكس وكذلك أهـل مـا وراء النهـر لا يـدرون بمـن لـه الولايـة في الـيمين وهكـذا العكس فاعرف هذا فإنه المناسـب للقواعـد الـشرعية والمطـابق لمـا تـدل عليـه الأدلـة ودع عنـك مـا يقـال في مخالفتـه فـإن الفـرق بـين مـا كانـت عليـه الولايـة الإسلامية في أول الإسلام وما هي عليه الآن أوضح من شمس النهـار ومـن أنكـر هذا فهو مباهـت لا يـستحق أن يخاطـب بالحجـة لأنـه لا يعقلـها) الـسيل الجـرار المتدفق على حدائق الأزهار 941/1 واتە: (وە ئـەمما لـەدوای بـڵاو بونـەوەی ئیسلام و فروان بوونی زەویەكەی وە لێك دوور كەوتنەوەی ئەترافەكانی ئەوە زانراوە كە لە هەموو بەشێكی یان بەشەكانی ویلایەت بـۆ ئیمـام یـان خـاوەن دەسەڵات ئەبێت وە لە بەشـی تـر یـان بەشـەكانی تـر ئـەوها وە فـەرمانی وە نـەهی هەنـدێكیان جێبـەجێ نـاكرێ لـە بەشـەكەی تـر وە لـەو بەشـەی كـە گەڕاوەتـەوە بـۆ ویلایـەتی جـا هیـچی لەسـەر نیـە كـە زیـاتر لـە ئیمامێـك و دەسەڵات دار هەبن وە واجبە تاعەتی هەر یەكێكیان لە دوای بەیعەت دان بۆی لە ئەهلی ئەو بەشەی كە فەرمانی وە نەهی ئەو تێیدا تەنفیز ئەبێت وە ئاوهـا خاوەنی بەشەكەی تر جـا ئەگـەر كەسـێك هەڵـسێ بـە بەرهەڵـستی كردنـی و هەوڵی لادانی و جێگرتنەوەی لەو بەشـەی كـە ویلایـەتی تێیـدا سـابت بـووەو خەڵكەكەی بەیعەتیان داوەتێ ئەوە حوكم تێیدا ئەوەیـە ئـەو بەرهەڵستكارە بكوژرێ ئەگەر تەوبە نەكات وە لەسەر خەڵكی بەشـەكەی تـر واجـب نیـە كـە تاعەتی بكەن وە لەسەریشیان واجب نیە بچنە ژێر ڕكێفی ویلایەتی وی لەبـەر دووری قوترەكـان–بەشـە زەویـەكان یـان شـارو وڵاتـەكان– لـە یـەكتر لەبـەر ئەوەی لەوەیە خەبەری ئیمام و دەسەڵاتدارەكەیان نەگاتە ئـەو بەشـە دوورە وە نازانن كێ بووە بە ئیمام یان مـردووە جـا تـەكلیف كـردن بـە تاعـەت كـە

حاڵەكەش وابێ تەكلیف كردنە بە شتێك كە لەتوانا نیە وە ئەوەش زانراوە بۆ هەموو ئەوانـەی زانیاریـان هەیـەو بـە ئاگـان لـە حـاڵی وڵاتـەكان و بەنـدەكان بەڕاستی ئەهلی صین و هیند بەوە نازانن كە كێ ویلایەتی هەیە لە ئەرزی ڕۆژ ئاوا چ جای ئەوەی بتوانن تاعەتی بكەن وە ئاواش بە عەكسەوە وە ئـەوهاش خەڵكی ئەودیوی ڕووبار نازانن بەوەی كێ ویلایەتی هەیە لە یەمەن وە ئاواش بە عەكسەوە جا ئەوە بزانـە چـونكە بـە تەئكیـد ئـەوە گونجـاوە بـۆ قاعیـدە شەرعیەكان وە رێكە لەگەڵ ئەوەی بەڵگەكان دەلالەتی لەسەر دەكەن وە واز بێنە لەوەی كە دەوتـرێ پێـچەوانەیە جونكـە جیـاوازی لـەوەی كـە ویلایـەتی ئیسلامی لەسەری بوو لە بیدایەتی ئیسلام وە ئەوەی ئیستا لەسەریەتی ڕوون ترە لە خۆر لە ڕۆژدا وە هـەر كەسـێك ئینكـاری ئەمـە بكـات ئـەوە لێـی تێـك چووەو موحەییەر بووە شایانی ئەوە نیە كە ڕووی قسانی تێ بكەی و بەڵگەی بۆ باس بكەی چونكە تێناگاو عەقڵی پێ ناشكێت).

بۆمان دەركەوت لە ووتەی ئەو زاناو پیشەوایانە كە ئیمـام مـەرج نیـە هـەموو ئوممەتی ئیسلامی گرتبێتە ژێر دەستی خـۆی! بـەڵكو سـەرۆكی هـەر وڵاتێـك حوكمی ئیمامی هەیەو واجبە بە قسەی بكەین تەنها لە تاوان نابێ بـە قـسەی بكەین، كەوایە نەكەن بخەڵەتێن بەو تـاقم و كۆمەڵانـەی لایانـداوە لـە ڕێبـازی ئــەهلی ســوننەو جەماعــەت و بــە دروشمــی بریقــەدار بــەناوی بــەرگری لــە چەوساوان دەیانەوێ بگەنە ئامانجە ناشەرعیەكانیان!

وەبزانن ئەوەی مونازەعەی سەرۆكی وڵات بكات و بیەوێ بچێتە جێی، یەكەم تاوانبارە بەوەی بە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەری صلی الله علیه وعلـی الـه وسـلم كـردووە. دووەم ئـەبێ بزانـێ حوكمەكـەی كوشـتنیەتی، نـەك بـەدوای بكەوین و یارمەتی بدەین! چـونكە ئـەوە تەفرەقـە ئەخاتـە بـەینی ئوممـەتی ئیسلام و دەبێتە هۆی فیتنە لە بەینی موسڵمانان.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إِنَّهُ سَتَكُونُ هَنَاتٌ وَهَنَاتٌ، فَمَنْ أَرَادَ أَنْ يُفَرِّقَ أَمْرَ هَذِهِ الْأُمَّةِ وَهِيَ جَمِيعٌ، فَاضْرِبُوهُ بِالسَّيْفِ كَائِنًا مَنْ كَانَ) رواه مسلم واتە: (بەئکید فیتنەو ئاژاوە دێت، جا هەر کەسێك بیەوێ تەفرەقــە بخاتــە ئــەمری ئــەو ئوممەتــە وە ئــەو ئوممەتــەش کۆبوبێتنــەوە تەفرەقەیان نەبێ، ئەوە بەشمشێر لەوە بدەن کە تەفرەقە ئەخاتە بەینی ئەو ئوممەتە جا هەر کەسێك بێت لە هەر پلەو پایەیەك).

لە ڕیوایەتێکی تر هەر لە لای مسلم بەو شـێوەی هاتیـە: (مَنْ أَتَاكُمْ وَأَمْرُكُمْ جَمِيعٌ عَلَى رَجُلٍ وَاحِدٍ، يُرِيدُ أَنْ يَشُقَّ عَصَاكُمْ، أَوْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ، فَاقْتُلُوهُ) واتە: (هەر کەسێك بێت بۆتان وە ئێوە ئـەمرتان و ابـێ کۆبوبێتنـەوە لەسـەر یەك پیاو، ئەو بێ داری موسڵمانان بشکێنی لەتتان بکات، یان تەفرەقە بخاتە بەینی جەماعەتەکەتان، ئەوە بیکوژن).

پێشەوا نەوەوی رحمه الله لە شەرحی صەحیحی مسلم ئەفەرموێ : (فِيهِ الْأَمْرُ بِقِتَالِ مَنْ خَرَجَ عَلَى الْإِمَامِ أَوْ أَرَادَ تَفْرِيقَ كَلِمَةِ الْمُسْلِمِينَ وَنَحْوَ ذَلِكَ وَيُنْهَى عَنْ ذَلِكَ فَإِنْ لَمْ يَنْتَهِ قُوتِلَ وَإِنْ لَمْ يَنْدَفِعْ شَرُّهُ إِلَّا بِقَتْلِهِ فَقُتِلَ كَانَ هَدَرًا فَقَوْلُهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَاضْرِبُوهُ بِالسَّيْفِ وَفِي الرِّوَايَةِ الْأُخْرَى فَاقْتُلُوهُ مَعْنَاهُ إِذَا لَمْ يَنْدَفِعْ إِلَّا بِذَلِكَ) واتە: (ئەو فەرموودە فەرمانی تێدا بە بە جەنگان لەگـەڵ ئـەو کەسـەی دەربـچێ لـە سـەر ئیمـام یـان بیـەوێ تەفرەقـە بخاتـە کەلیمـەی موسڵمانانەوە وە وەکو ئەوە وە نـەهی لێدەکرێ لـەو شـتە جـا ئەگـەر وازی نەهێنا جەنگی لەگـەڵ ئـەکرێ وە ئەگـەر شـەڕەکەی دەفـع نـەکرێ ئـیللا بـە کوشـتنی نـەبێ وە بکـوژرێ ئـەوە خوێنەکـەی هـەدر ئـەکرێ جـا فـەرمودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم : بە شمشێر لێی بدەن. وە لە ڕیوایەتەکی تر : بیکوژن. مانای ئەوەیـە ئەگـەر وازی نـەهێناو شـەڕەکەی دوور نەدەخرایـەوە ئیللا بەوە نەبێت).

بەڵێ بۆی هەیە زۆر كەس بپرسێ ئەی بۆ ئەو حیزبیانە لەگەڵ ئەوەی ئەو فەرموودانە وەك ڕۆژیشە لە ئاسمان ئەیشارنەوە ! ؟ چونكە ئەگەر نەیشارنەوە حوكمەكەی خۆیان ئەگرێتەوە ئەوان تەفرەقە ئەكەن و ئوممەتی ئیسلامیان پارچە پارچە كردووە !

دە بەڕێزان بزانن بۆیە بڕوامان هەیە بەوەی سەرۆكی وڵاتمان ئەگەر هەر كەم و كوڕیەكیشی هەبێ دەبێ دژایەتی نەكەین و بە قسەی بكەین ئەگەر ستەمیشمان لێبكات هەوڵی ئەوە نادەین كەسێكی تر بێنینە جێگای وە بزانن دەنگ دانیش بەكەسێكی تر كە بیەوێ سەرۆك لابەرێ تاوانە ! ئەو فەرموودانە جوان بخوێننەوە ئەو باسە گرنگەو نەكەی هەواو ئارەزووت تێیدا بكەیە حەكەم ئەبێ بە حوكمی خوای بەرز ڕازی بیت ئەوەی بە حوكمی خوای بەرزیش ڕازی نابێ ئەبێ لە ئیمانی بترسێ ! .

## ئەگەر موسڵمانان ئیمامیان نەبوو پەرت و پەرتەوازە بوون چی بكەن؟!

ئەگەر فەرەزی ئەوە هاتە پێش كە موسڵمانان پارچە پارچە بوون و سەرۆكێكیان نەبوو كۆیان بكاتەوە وڵات فەوزا بێت و كەس دەسەڵاتی بەسەر نەبێت ! ئەوە لەو كاتە كاتی فیتنەیەو موسڵمان نابێ دوای هیچ گروپ و حیزبێك و فیرقەیەك بكەوێ، بەڵكو ئەبێ خۆت لە هەمویان دوور بگری و لەسەر دینەكەت بمێنیتەوە ئەگەر گازت بەڕەگی دارێكیشەوە گرتبوو! تا دەمری یان كەسێك ئەبێتە سەرۆك و دەسەڵات ئەگرێتە دەستی تۆش بەیعەتی ئەدەیتێ ئەو كات بەقسەی دەكەی تەنها لە تاوان نەبێت.

لەو فەرموودەی كە حذیفة بن الیمان رضي الله عنه پرسیاری كرد لە پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وعلى اله وسلم ئەگەر توشی سەردەمی فیتنە بوو چی بكات ! ؟ پێغەمبەر صلى الله علیه وعلى اله وسلم فەرموی: (تَلْـزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ فَقُلْتُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ قَالَ فَاعْتَزِلْ تِلْكَ

الْفِرَقَ كُلَّهَا وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ عَلَى أَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ) متفق عليه واته: (دەست ئەگری بە جەماعەتی موسڵمانان و ئیمامەکەیان لێیان جوودا مەبەوە ووتم : ئەگەر جەماعەت و ئیمامیان نەبوو؟ فەرمووی: ئەوە دوور کەورەوە لەو فیرقانە هەمویان هەتا ئەگەر گاز بگری بەڕەگی دارێکەوە هاتا مردن دێتە سەرت تۆ لەسەر ئەو حاڵە بیت).

وە پێشەوا ابن حجر العسقلاني لە فتح الباري لە شەرحی صەحیحی بوخاری لە شەرحی ئەو فەرمودەیە نەقلێ ئەکا لە پێشەوا طبري[20] رحمە الله کە فەرمویەتی : (وَالصَّوَابُ أَنَّ الْمُرَادَ مِنَ الْخَبَرِ لُزُومُ الْجَمَاعَةِ الَّذِينَ فِي طَاعَةِ مَنِ اجْتَمَعُوا عَلَى تَأْمِيرِهِ فَمَنْ نَكَثَ بَيْعَتَهُ خَرَجَ عَنِ الْجَمَاعَةِ قَالَ وَفِي الْحَدِيثِ أَنَّهُ مَتَى لَمْ يَكُنْ لِلنَّاسِ إِمَامٌ فَافْتَرَقَ النَّاس احزابا فَلَا يتبع أحدا فِي الفرقة وَيَعْتَزِلُ الْجَمِيعَ إِنِ اسْتَطَاعَ ذَلِكَ خَشْيَةً مِنَ الْوُقُوعِ فِي الشَّرِّ وَعَلَى ذَلِكَ يَتَنَزَّلُ مَا جَاءَ فِي سَائِرِ الْأَحَادِيثِ وَبِهِ يُجْمَعُ بَيْنَ مَا ظَاهِرُهُ الِاخْتِلَافُ مِنْهَا) واتە (وە ووتەی ڕاست و حەق ئەوەیە کە مەبەست لەو هەواڵە دەست گرتنە بەجەماعەتێك لە تاعەتی کەسێکن لەسەری کۆ بوونەتەوە کردویانە بە سەرۆکی خۆیان جا کەسێك پەیمانی تاعەتی بشکێنێ و پاشگەز بێتەوە ئەوە لە جەماعەت دەرچووە وە —طبري— فەرمویەتی: وە لەو فەرموودە ئەوە هەیە کە هەر کاتێك خەڵك ئیمامێکیان نەبوو خەڵکەکە پەرتەوازە بوون بوونە چەندین حیزب ئەوە نابێ دوای کەسێك بکەوین لە تەفرەقە وە دوور ئەکەویتەوە لە هەمویان ئەگەر بتوانی ئەوە لەبەر ترسی توشبوون و کەوتنە نێو شەڕ وە لەسەر ئەوە تەفسیر ئەکرێ بۆ ئە مانایە لێك ئەدرێتەوە ئەوەی هاتیە لە لە هەموو

---

[20] أبو جعفر محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الطبري بة ساڵي 224 ه لە دایك بووە یەکێکە لە پێشەوایانی ئەهلی سوننەو خاوەنی کتێبی زۆرە لەو کتێبانەی تەفسیری (جامع البيان في تأويل القرآن) کە ناسراوە بە تەفسیری طبري لەساڵی 310 ه وەفاتی کردووە رحمە الله.

فەرموودەکان وە بەو ماناو تەفسیرە جەمع ئەکرێ یە بەینی ئەو فەرموودانەی زاهیرەکەی پێچەوانەیەتی).

وە عبد الله بن عمر رضي الله عنهما کە صەحابیەکی مەشهورە لە سەردەمی خۆی کە موسڵمانان بوونە بەشی لێك جیاواز بەیعەتی نەدایە کەس تا ئەوەبوو عبد الملك بن مروان زاڵ بوو بە سەر ابن الزبیر ئەو کات ابن عمر رضي الله عنهما بەیعەتی دایە عبد الملك بن مروان کە بە زەبری شمشێریش خۆی سەپاند! لە صەحیحی بۆخاری هاتووە لە عبد الله بن دینار دەگێڕێتەوە ئەفەرموێ : (شَهِدْتُ ابْنَ عُمَرَ حَيْثُ اجْتَمَعَ النَّاسُ عَلَى عَبْدِ المَلِكِ، قَالَ: «كَتَبَ إِنِّي أُقِرُّ بِالسَّمْعِ، وَالطَّاعَةِ لِعَبْدِ اللَّهِ عَبْدِ المَلِكِ أَمِيرِ المُؤْمِنِينَ عَلَى سُنَّةِ اللَّهِ وَسُنَّةِ رَسُولِهِ مَا اسْتَطَعْتُ، وَإِنَّ بَنِيَّ قَدْ أَقَرُّوا بِمِثْلِ ذَلِكَ»).

لێرە ئیشارەتی تێدا کە دەفەرموێ (حَيْثُ اجْتَمَعَ النَّاسُ عَلَى عَبْدِ المَلِكِ) یانی کاتێ خەڵك کۆبونەوە لەسەر عبد الملك ئەو کات ابن عمر رضي الله عنهما بەیعەتی پێدا چونکە پێشتر تەفرەقە هەبوو ئەتوانن بچنەوە سەر شەرحی ئەو ئەسەرە لە فتح الباري ابن حجر العسقلاني رحمه الله.

گرنگ ئەوەیە لێرە تێبگەن کە جەماعەت مەبەست پێی سەرۆکی وڵاتە نەك سەرۆکی حیزبێك نەکەن حیزبیەکان بتانخەڵەتێنن ئەو فەرموودانە هەڵگێڕنەوەو تەحریفی بکەن بڵێن ئەبێ بەیعەت بەسەرکردەی حیزبیەکانی ئێمە بدەن ئەوە دژی ئەو فەرموودانەیەو پێشتریش باسی مانای جەماعەتمان کرد، بەڵکو شتێك لێرە تەختی حیزبایەتی ئەڕوخێنێ! ئەویش لە فەرموودەکەی حذیفة رضي الله عنه ئەیگێڕێتەوە، ئەو پرسیارەمان دێتە پێشێ بۆ حیزبیەکان، پێیان دەڵێین ئایا ئێوە بڕواتان هەیە بە سەرۆکی هەرێم کە کەسێکی موسڵمانەو دەبێ ئیعتیرافی پێ بکرێ وەك سەرۆك!؟ ئەگەر ووتیان بەڵێ. ئەوە الحمد لله تەختیان ئەڕوخێ! چونکە لە

فەرمووەدەکە دەڵێ ئەگەر سەرۆك هەبوو لەگەڵی بن! ئەگەر ووتیان نا. ئەوە دووبارە تەختیان ڕووخاوە چونکە لەفەرموودەکە دەڵێ ئەگەر سەرۆك نەبوو دوای هیچ حیزبێك مەکەوە! ئیتر بە چ ناوێك ئەوان خەڵك بۆ حیزبایەتی بانگ ئەکەن!؟

دەبێ ڕاشکاوانە ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم کە من هیچ حیزبێك نیم و بڕواشم بە حیزبایەتی نیەو بە حەرامی ئەزانم! بەڵام بڕوام وایە لە کوردستان حکومەت و سەرۆك هەیەو موسڵمانن، چەندی تاوان باریش بن نابێ دژایەتیان بکەین و هەوڵی لەناو بردنیان بدەین وە نابێ بڕوامان بە تاعەتیان نەبێ، تەنانەت نابێ یەك شەویش بخەوین وابزانین بێ سەرۆکین و بەیعەتمان لە مل نیە! پێشتر فەرموودەکانم هێناوە کە ئەوەی وا بێت بمرێ بە جاهیلی ئەمرێت! لەگەڵ ئەوەش من ئەڵێم بەڵێ سەرۆکی هەرێم موسڵمانەو نابێ دژایەتی بکەین و بیگۆڕین، بەڵام ناشبێ لە تاوان بە قسەی بکەین ئەگەر فەرمانی کرد بە تاوان! وە ناشبێ ئەوە وا لێك بدرێتەوە من پشت گیری لە حیزبەکەی دەکەم نا من حیزبایەتی بە حەرام ئەزانم بۆ خۆم و بۆ سەرۆکی هەرێمیش! ئەوهاش بە حەرامی دەزانم هەوڵی گۆڕینی سەرۆکی هەریم بدرێ یان دەنگ بە کەسێکی تر بدرێ تا جێی بگرێ! ئەوەش دینە من بە واجبی ئەزانم ڕایبگەیەنم بەڵگەشم فەرموودەی ڕاستی پێغەمبەرە صلى الله عليه وعلى الە وسلم جا ئەوەی ڕقی لە فەرموودەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وعلى سلم با خۆی ئاشکرا بکات!

## وەڵامی گومانێکی حیزبی و خەواریجەکان و موبتەدیعەکان بە گشتی:

کە ئەڵێن باشە ئەی ئێوە دەتانەوێ بێدەنگی بکەین لەو هەموو ستەمەی ئەکرێ لە لایەن سەرکردەکان و لەماڵی خۆمان دانیشین پەیوەندیمان بە هیچەوە نەبێ!؟

وەڵامەكەی: كەس وای نەوتووە بەڵكو ئەڵێین ئەبێ گوێ ڕایەڵی پێغەمبەری خوا بكەین صلی الله علیه وعلی الـه وسلم، ئەو نەهی كردووە لەوەی شەڕ بكەین لە گەڵ سەرۆكی وڵات، یان دەرچین لە تاعەتی لە چاكە، یان لە ناو خەڵك باسی بكەین بەخراپە! وە ئێمە ئەبێ ئەوە بزانین تاوان بار نابین لەوەی توانامان نەبێ مونكەر بگۆڕین ئەگەر بە دڵ پێمان ناخۆش بێت، ئەو كاتە تاوان بار ئەبین ڕازی بین لەسەر ستەم و تاوانی سەركردەكان!

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الـه وسلم ئەفەرموێ: «إِنَّهُ يُسْتَعْمَلُ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ، فَتَعْرِفُونَ وَتُنْكِرُونَ، فَمَنْ كَرِهَ فَقَدْ بَرِئَ، وَمَنْ أَنْكَرَ فَقَدْ سَلِمَ، وَلَكِنْ مَنْ رَضِيَ وَتَابَعَ» ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، أَلَا نُقَاتِلُهُمْ؟ قَالَ: «لَا، مَا صَلَّوْا» رواه مسلم واتە: (ئەمیری واتان ئەخرێتە سەر، كە شتی چاكیان لێ ئەبینن وە شتی خراپیان لێ ئەبینن، جا ئەوەی بە دڵ ئەو تاوانانەی پێی ناخۆش بێت ئەوە بەریە لە تاوان، وە ئەوەی ئینكاری بكات ئەوە سەلامەتە لە تاوان، بەڵام ئەوە بەشدارە لە تاوان كە بە تاوانەكان ڕازیەو وە شوێنی تاوان ئەكەوێ، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئایا شەڕیان لە گەڵ نەكەین؟ فەرمووی: نەخێر، مادام نوێژ بكەن شەڕیان لەگەڵ مەكەن).

وە پێشەوا مسلم رحمه الله لە دوای فەرموودەكە ئەڵێ: (أَيْ مَنْ كَرِهَ بِقَلْبِهِ وَأَنْكَرَ بِقَلْبِهِ) ئەوە ووتەی قتادة رحمه الله ڕاوی فەرموودەكەیە والله اعلم واتە: (یانی بە دڵ پێی ناخۆش بێ بەدڵ ئینكاری بكات).

بەڵێ ئەگەر توانا نەبوو ئەوە بە دڵ ئەبێ ئینكاری بكەی وە پێت ناخۆش بێ كە ئەو تاوانانە ئەبینی، ئەو كاتە لە تاوان سەلامەت ئەبیت، بەو مەرجەی دوای تاوانەكە نەكەوی و پێی ڕازی نەبی! وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الـه وسلم بۆی ڕوون كردوینەتەوە كە شتێك لە تاقەتی ئێمە نەبێ پێویست نیە خۆمان بخەینە ناو بەڵایەك كە لەتوانامان نەبێت و خۆمان زەلیل

بکەین وەك ئەفەرموێ : (لا ينبغي لمؤمن أن يذل نفسه، قالوا: وكيف يذل نفسه؟ قال: يتعرض من البلاء ما لا يطيق) سلسلة الاحاديث الصحيحة 613 واتە: (بۆ بڕوادار نیە کە نەفسی خۆی زەلیل بکات، ووتیان: جا چۆن بڕوادار نەفسی خۆی زەلیل ئەکات؟ فەرمووی: بەوەی خۆی بخاتە سەر بەڵای وا کە تاقەتی هەڵگرتنی نەبێت).

بەڵێ هەندێ بەڵا هەیە پێویستی بە بڕوای بەهێزە هەموو کەس خۆی بۆ ڕاناگیرێ بۆی هەیە ئیمانەکەشی لە دەست بدات!

بەڵام ئەو کەسانەی ئازاو بەغیرەتن بەرگری لە حەق ئەکەن و ئیمانیان بەهێزە ئەوە ئەتوانن لە ڕووی سەرکردەکان بەرەو ڕوو ببنەوەو ئامۆژگاری بکەن، نەك لە پشتیەوە کافری بکەن و قسەی پێ بڵێن لە ڕووشی پێی پێ بکەنن و بودجەی لەگەڵ بەش بکەن و ببنە وەزیر و گزیری!!!

بزانن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئێمەی فێر کردووە کە ئەبێ لە ڕووی سەرکردەکانی وڵات و بە نهێنی ئامۆژگاریان بکەین نەك لەناو خەڵکاو لە پشتی! بەڵێ ئەوش گەورەترین جیهادە کەسێ حەق بە سەرۆکی وڵات و دەسەڵات داری ستەمکار بڵێ، بەڵام لە بەرامبەری وەك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( أفضل الجهاد كلمة عدل ( وفي رواية : حق ) عند سلطان جائر) سلسلة الاحاديث الصحيحة 491 واتە : ( چاکترین جیهاد وتنی کەلیمەی عەدلە یان لە ڕیوایەتێك کەلیمەی حەقە لە لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من اراد ان ينصح لذي سلطان فلا يبده علانية ولكن ياخذ بيده فيخلوا به فان قبل منه فذاك والا كان قد ادى الذي عليه ) صححه الالباني في كتاب السنة لابن ابي العاصم 1096 واتە : ( کەسێك ویستی ئامۆژگاری خاوەن دەسەڵاتێك بکا با

بە ئاشکرا نەیکا بەڵکو دەستی بگرێ و تەنیا بمێنێتەوە لە گەڵی ئینجا ئامۆژگاری بکا ئەگەر وەری گرت ئەوە چاکە ئەگەر وەری نەگرت ئەوا ئەو واجبەی لە سەری بوو گەیاندی ).

بەڵێ ئەوە ڕێگای گۆڕینی مونکەری سەرکردەکانە ئەو ڕێگایەش پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم فەرمانی پێکردووە جا ئێوە بە حوکمی پێغەمبەر ڕازی نین! ؟ ئایا ئەو کەسەی بە حوکمی پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم ڕازی نەبێ چیە ! ؟

بەڕاستی ئەو بیدعەچی و حیزبیانە لەگەڵ ئەوەی ئەم فەرموودانە وەك ڕۆژی ڕوناکن و ماناکانیان ئاشکرایە، بەڵام هێشتا هەر بەردەوامن لەسەر بیدعەکانیان و ناوو ناتۆرەی ناشیرین ئەگرنە ئەهلی سوننە(سەلەفیەکان)، بە ئەهلی سوننە ئەڵێن ئەمانە دارو دەستەی دەسەڵاتن، یان ئەترسن یان وەیان زۆر شتی تر! من ئەڵێم ئەوەی شەرم نەکا هەموو شتێ ئەکا، وەك پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : (اذا لم تستحي فاصنع ما شئت) رواه البخاري.

ئاخر ئێوە چۆن شەرم ناکەن ئەو قسانە بە سەلەفیەکان ئەڵێن! ؟ کە خۆتان بودجەتان لای دەسەڵاتەو مەسرەفتان لەسەر ئەوانە! ئەندامی پەرلەمانن و وەزیرن! ئاخر تۆ بڵێی خەڵك ئەمە نەبینێ! ؟ ئەوە ئەشزانین سەلەفی نە حیزبی هەیە نە بارەگاو نە کەسیش یارمەتی ئەدا لە غەیری خوا! وە دەستیش پان ناکەنەوە بۆ کەس و ئەوەی ئەشیڵێن ئەوە بەڵگەیان هەیە لەقورئان و سوننەت! بەڵام ئێوە ناتانەوێ شوێنی حەق بکەون چونکە لەگەڵ بەرژەوەندی حیزبەکانتان یەك ناگرێتەوە! هەر ئەو وەڵامەیە بەسە بۆتان کە ئێمە لە سەرمانە شوێنی فەرموودەی پێغەمبەری خوا بکەوین صلی الله علیە وعلی الە وسلم، نەك شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوی هیچ حیزبێك، یان

شوێنكەوتنی هەر شتێك كە جیاواز بێ بە قورئان و سوننەت، ئـەوەی لاشـبدا لە فەرمانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم، یان پـەنا بـەخوا ئەو جورئەتەی هەبێ بەكەسێ بڵێ عەمیلی دەسەڵاتە كە فەرمانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم جێبەجێ ئەكا لەوەی ئارام ئـەگرێ و شـەڕ لەگەڵ دەسەڵاتدار ناكاو لە ناو خەڵكی قسەی پێ ناڵێو بە نهێنی ئامۆژگاری ئەكا ئەگەر بۆی كرا! ئەوەی جورئەتی هەبێ بەوانە بڵێ عەمیل دیارە تانە لە سوننەت و پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەدات خوا پەنامان بدات! وە لەو فەرموودە سەحیحە ئاشكرایانە لا ئەدات! ئەوەی حاڵی وابـێ بـابزانێ خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَـةٌ أَوْ يُـصِيبَهُمْ عَـذَابٌ أَلِـيمٌ﴾ النـور 63 واتـە : ( بـا بترسـن ئەوانـەی پێـچەوانەی فەرمانەكانی پێغەمبەری خوا ئەكەن لەوەی توشی فیتنە بن –توشی گومڕایی و هاوبەش دانان بن– وە توشی سزایەكی توند بن –لە دونیاو دواڕۆژ–).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَـا شَـجَرَ بَيْـنَهُمْ ثُـمَّ لَـا يَجِـدُوا فِـي أَنْفُـسِهِمْ حَرَجًـا مِمَّـا قَـضَيْتَ وَيُـسَلِّمُوا تَـسْلِيمًا﴾ النساء(65) واتە : ( نا سوێند بە پـەروەردگارت ئەوانـە بڕوایـان تـەواو نـابێ تاوەكو تۆ نەكەن بە دادوەر –حەكەم– لەوەی لە بەینیان ڕوو ئەدا پاشان لە نەفسی خۆیان بێزاری و دڵ گرانی نەبینن لەو بڕیارەی تۆ بۆیانت داوە وە بـە تەواوەتی مەل كەچ نەبن بۆ فەرمانەكانی تۆ ).

ئاخر چۆن ئەو حیزبە بەناو ئیسلامیانە خەڵك بـەناوی بانگـەوازو هەوڵـدان بـۆ چەسپاندنی حوكمی خـوا ئەخەڵـەتێنن، كـە چـی خۆیـان لـە حـوكمی خـوا لا ئەدەن و فەرمانی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم جێبـەجێ ناكـەن و تانەش لەو كەسانە ئەدەن كە فەرموودە جێبەجێ ئەكـەن! ؟ ئـەی خەڵكینـە دە مەهێڵن بەناوی دین هیچ كەسێك بتانخەڵەتێنێ، بزانن لە قیامەت بەر پرس

ئەبن لە دوا كەوتنی باتڵ، وە ئاگر چاوەڕوانی ئەهلی باتـڵ ئـەكات، قیامـەتی خۆت بۆ دونیای خۆت و فلان كەس و فلانە حیزب وێران مەكە !

## تـاوانی گەندەڵی و غەش كردن و فێڵ كردن :

وە بشزانن دەبێ ئێمە دڵسۆز بین بۆ سـەركردەكان و ئامۆژگاریـان بكـەین وە ئەوەی كە پێویستە بیری ئەوان و خۆمانی بكەینەوە، خۆ پاراستنە لە تاوان، بە تایبەتی تاوانی غەش كردن و گەندەڵی ! وە بیری خۆمان و ئەوان بێنینەوە لە قیامەت پرسیارمان لێدەكرێ لەو ئەمانەتەی لە ژێردەستمان بووە !

بزانن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ما من إمام يغلق بابه دون ذوي الحاجة و الخلة و المسكنة إلا أغلق الله أبـواب الـسماء دون خلته و حاجته و مسكنته ) سلـسلة الاحاديـث الـصحيحة 629 واتـە : ( هـەر پێشەوایەك –سەرۆكێك– نیە كە دەرگای دابخـات لـە ڕووی ئەوانـەی هـەژارو كەم دەرامەتن و خاوەنی پێویستین –موحتاجن– ئەوە ئیللا خوا دەرگاكـانی ئاسمان دا ئەخا بە سەر هەژاری و پێویستی و كەم دەرامەتی ئەو –یـانی كـە ئەو پێویستی ئەبێ بە خوا بێگەومان هەموو كەسیش پێویستی بەخوایە بەڵام لەبەر ستەمەكەی دوعای لێ وەرناگیرێ–).

وە پێغەمبەری خـوا صـلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : ( المكـر و الخديعــة في النــار ) سلــسلة الاحاديــث الــصحيحة 1057 واتــە : ( فێــڵ و خەڵەتاندن لە ئاگرە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن الله سـائل كل راع عما استرعاه ، أحفظ ذلك أم ضيع ؟ حتى يسأل الرجل عن أهل بيته ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1636 واتە : ( بە تـەئكیـد خـوا پرسـیار ئـەكا لـە هەموو شوانێك –بەرپرسـێك– لـەوەی خـستویەتیە ژێـر دەسـتی –بەرپرسـە لەسەری–، ئایا پاراسـتویەتی –ئـەم ئەمانەتـەی– یـان چـواندویەتی –گـوێی

پێنەداوە-؟ هەتا پیاو پرسیاری لیَ دەكریَ لە ئەهلی خۆی خێزان و منداڵ و كەسی خۆی كە بەرپرس بووە لە سەریان) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویَ : ( كلكم راع ومسؤول عن رعيته الإمام راع ومسؤول عن رعيته والرجل راع في أهله ومسؤول عن رعيته والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها والخادم راع في مال سيده ومسؤول عن رعيته وكلكم راع ومسؤول عن رعيته ) رواه البخاري و مسلم واتە : ( هەمووتان شوانن -بەرپرسن- وە پرسیارتان لیَ ئەكرێتەوە لەوانەی لە ژێر دەستتان بوون -بەرپرس بوون بە سەریان- پێشەوا -سەرۆكی وڵات- شوانە -بەرپرسە- وە پرسیاری لیَ ئەكرێتەوە لەوانەی كە لە ژێر دەستی بوون بەرپرس بوو بە سەریانەوە وە پیاو شوانە -بەرپرسە- لە سەر خێزان و منالَەكانی خۆی وە پرسیاری لیَ ئەكرێتەوە لەوانەی بە سەریانەوە شوان -بەرپرس- بووە وە ئافرەت شوانە -بەرپرسە- لە ماڵی مێردەكەی وە پرسیاری لیَ ئەكرێتەوە لەوەی لە سەری شوان -بەرپرس- بووە وە خزمەت كار شوانە -بەرپرسە- لە ماڵی گەورەكەی وە پرسیاری لیَ ئەكرێتەوە لە سەر ئەوەی لە سەری شوان -بەرپرس- بووە وە هەمووتان شوانن -بەرپرسن- وە هەمووشتان پرسیارتان لیَ ئەكرێتەوە لەوەی لەسەری شوان -بەرپرس- بوون ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویَ : ( من غش فليس مني ) رواه مسلم واتە : ( ئەوەی غەش بكا لە من نیە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویَ : ( ما من عبد يسترعيه الله عز وجل رعية يموت يوم يموت وهو غاش لرعيته إلا حرم الله تعالى عليه الجنة ) رواه البخاري و مسلم واتە : ( هیچ عەبدێك نیە كە خوا ئەیكاتە شوان و بەرپرس بە سەر خەڵكێكەوە وە بمریَ ئەو ڕۆژەی كە دەمریَ غەش

–خیانەت و فێڵ– لەوانە بكا كە لە ژێر دەستی بوون ئیللا خوای بەرز بەهەشتی لە سەر حەرام دەكات ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( لعنة الله على الراشي و المرتشي ) صحيح الجامع 5114 واتە : ( لەعنەتی خوا لە سەر ئەوەی ڕەشوە ئەداو ئەوەی ڕەشوە وەر ئەگرێ ) .

## لە سوودەكانی ئەم فەرموودانە

1– هەر بەر پرسێك دەرگا بە ڕووی هەژاران و خەڵكی موحتاج دا بخات پێویستیەكانیان بۆ جێ بە جێ نەكات، ئەوە خوای بەرز دەرگاكانی ئاسمانی بە ڕوویدا دائەخات و دوعای لێ وەرناگرێ .

2– فێڵ كردن و خەڵەتاندن لە ئاگرە جا هەر كەسێك بیكات و بە هەرشێوەیەك بێت و لە هەر كاتێكدا بێت .

3– گەندەڵی و فێڵ كردن حەرامە، بەڵام تەنها پەیوەندی بە حكومەت و سەرۆكی وڵات نیە بۆ هەموو كەسێك حەرامە، وە هەموو كەسێك بەر پرسە، هەر كەسە لەوە بەرپرسە كە لە ژێر دەستیەتی، تەنانەت هەموو پیاوێك و هەموو ئافرەتێك وە هەتا خزمەت كاریش بەرپرسن و پرسیاریان لێ ئەكرێ لەوەی لە ژێر دەستیان بووە .

4– ڕەشوە دان و ڕەشوە وەرگرتن لە تاوانە گەورەكانە لەعنەتی خوای لە سەرە ئەوەش تەنها بۆ بەرپرس یان مۆزەفێك نیە بەڵكو ئەوەی ڕەشوەكەش ئەدا وەك ئەو تاوانبارە .

5– ئەوەی غەش بكا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لێی بەریە جا هەر كەسێك بێ .

6– بۆمان دەركەوت كە لە ئیسلام گەندەڵی و غەش و فێڵ تاوانی گەورەن، بەڵام ئەوە تەنها بۆ سەرۆك و حكومەت نیە، بەڵكو بۆ هەموو خەڵكە چۆن

سەرۆك و حكومەت بۆی نیە گەندەڵ بێ ئاواش خەڵك هەمووی! ئەمڕۆ خەڵكێك پەیدا بوون ئەمە بووە بە كاسبیان و پارەی پێ پەیدا ئەكەن، وە خەڵكی پێ لە دەورەی خۆیان كۆ ئەكەنەوە، خۆیان گەندەڵن، غەش ئەكەن، خراپە ئەكەن، دزی ئەكەن، درۆ ئەكەن، بەڵام ڕەخنە ئەگرن لە حكومەت و جنێوی پێ ئەدەن و بە گەندەڵی ئەزانن و خۆشیان لە بیر ئەكەن! نموونەش زۆرە بۆ ئەمە كە وەك ئەبینین خەڵكانێكی ڕق هەڵگر بەرامبەری ئیسلام و ڕەوشتی بەرز پەیدا بوون لە ڕێگەی ڕۆژنامەو ئەنتەرنێتەوە پارە پەیدا ئەكەن بەوەی گوایە ڕخنە ئەگرن!!! كە خۆیان شایستەی ڕخنەی زۆر گەورە ترن و زۆر لە سەركردەكان و حكومەتمان گەندەڵ ترن هیچ نەبێ سەركردەو حكومەتمان ئەڵێن ئێمە موسڵمانین! بەڵام ئەوان بە ڕاشكاوی ڕقی خۆیان بەرامبەر بە ئیسلام ئاشكرا كردووەو تانە لە ئیسلام و پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەدەن، وە بانگەشەی بەڕەڵایی و بەد ڕەوشتی و نەمانی ڕێز و قیەم ئەكەن! داوا ئەكەین لە خوا سەركردەكانمان بخاتە سە ڕێگەی ڕاست و یارمەتیان بدا لە هەموو ئەو پرۆژانەی كە سوود بە گەلەكەمان ئەگەیەنێ وە مۆفەقیان بكا بۆ سەرخستنی حەق و حوكم كردن بە شەریعەتی خواو ڕێ گرتن لەوانەی ئەیانەوێ گەلەكەمان بەرەو تاریكایی بەرن وە هیدایەتیان بدا بۆ ئەوەی هەرچی گەندەڵی و كەم و كوڕی هەیە چارسەری بكەن و بتوانن زیاتر خزمەتی خەڵكی هەژار بكەن وە داوا لە خوا ئەكەین كە گەلەكەشمان هیدایەت بدا بۆ دەست گرتنیان بە ئیسلامی ڕاستەقینەو دوور كەوتنەوەیان لە حیزبایەتی و ڕق لە یەكتر هەڵگرتن و مافی یەكتر خواردن .

## تاوانێكی زۆر گەورە حوكم نەكردن بە شەریعەتی ئیسلام

دەبێ هەموو موسڵمانێك ئاگادار بكەینەوە لەو تاوانە ناشیرنە، سەركردەو دەسەڵاتداران، وە هەموو خەڵك بە گشتی، لەسەر هەموو موسڵمانێكە بزانێ

سەرفرازی دونیاو قیامەت بەوە دێتە دی ملكەچی شەریعەتی ئیسلام بێت، وە دەبێ بزانین دووركەوتنەوە لەو شەریعەتەی كە خوای بەرز دایبەزاندووە هۆی هەموو سەرگەردانیەك و لاوازیەك و تەنگ بوونی ژیانی دونیایە، وە لەوەش ناخۆشتر هۆی ڕوو ڕەشی قیامەت و چونە ناو ئاگرە!

لەبەر ئەوە بانگەوازی سەركردەكانمان و هەموو موسڵمانانی كورد ئەكەم كە ملكەچی شەریعەتی خوا بن و حوكم تەنها بەوە بكەن كە لە لایەن خوای بەرز بۆ پێغەمبەرمان صلى الله عليه وعلى اله وسلم دابەزیوە، وا مەزانن بە لادان و سەرپێچی لە فەرمانی خوا سەرفراز ئەبین و ئاسودە ئەبین! نا دەبێتە هۆی بەدبەختی و ژێردەستەیی، وە زەلیلی و ڕیسوایی دونیاو قیامەت!

وە پێویستە ئەوە بزانین كە تاوانی حوكم نەكردن بە شەریعەت تاوانێكی گەورەیە بەڵام بەو مەرجەی ئەو كەسەی حوكم ناكا بە شەریعەت موسڵمان بێت و ئەو كارەی بە حەڵاڵ نەزانێ! وە ئەگەر كەسێك بڵێ شەریعەتی ئیسلام بۆ ئەو سەردەمە نابێ یان بڵێ فەرق نیە لە بەینی شەریعەت و یاسای دەست كردی مرۆڤەكان! بڵێ هەردووكیان وەك یەكن! یان یاسایەكی تر لە شەریعەتی ئیسلام بە باشتر بزانێ، ئەوە كوفرەو خاوەنەكەی ئەگەر موسڵمان بێت هیچ پەیوەندی بە ئیسلامەوە نامێنێ!

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا (9)﴾ الاسراء واتە: (بەتەئكید ئەو قورئانە نیشاندەری ڕاست ترین و باشترین ڕێگایە وە مژدەی بەو بڕوادارانە ئەدات كە كردەوەی چاك ئەكەن بەوەی پاداشتێكی گەورەیان هەیە).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ (18)﴾ الجاثية واتە: (ئێمە تۆمان خستۆتە سەر

شەریعەتێك کە لە لایەن خوا بۆت دابەزیوە هیچ نەقسێکی تێدا نیەو تەواو بووە لە هەموو ڕووەکانی جا شوێنی بکەوە وە نەکەی شوێنی ئارەزووی ئەو کەسانە بکەوی کە نەزانن ئەیانەوێ بە قسەیان بکەی لەو شتانەی پێچەوانەی شەریعەتی خوایە بۆ تۆ دابەزیوە).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُصِيبَهُمْ بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ (49) أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ (50)﴾ المائدة واتە: (وە حوکم بکە لەبەینیان بەوەی خوا دایبەزاندووە وە نەکەی شوێنی هەواو ئارەزووی ئەوانە بکەوی کە دەیانەوێ لابدەی لە حوکمی خوا وە ئاگاداریان بە لەوەی توشی ئەوەت بکەن بە قسەیان بکەی لابدەی لە هەندێ لەو حوکمانەی خوا بۆی دابەزاندوی جا ئەگەر پشتیان هەڵکردو ڕازی نەبوون بە حوکمی خوا ئەوە بزانە خوا ئەیەوێ لایان بدا لە ڕێگەی هیدایەت و حەق بەهۆی ئەو تاوانانەی کردویانە وە بە تەئکید زۆربەی خەڵکی دەر ئەچن لە فەرمانی خوا. ئایا ئەوانە حوکمی جاهیلیان دەوێت دەیانەوێ بە غەیری حوکمی خوا حوکم بکەن جا کێ هەیە لەخوا حوکمی جوان ترو عادل تر بێت بۆ قەومێك کە بڕوایان هەیەو یەقینیان هەیە گومانیان نیە).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا(65)﴾ النساء واتە : ( نا سوێند بە پەروەردگارت ئەوانە بڕوایان تەواو نابێ تاوەکو تۆ نەکەن بە دادوەر –حەکەم– لەوەی لە بەینیان ڕوو ئەدا پاشان لە نەفسی خۆیان بێزاری و دڵ گرانی نەبینن لەو بڕیارەی تۆ بۆیانت داوە وە بە تەواوەتی مەل کەچ نەبن بۆ فەرمانەکانی تۆ ).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ (44)﴾ المائدة

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (45)﴾ المائدة

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (47)﴾ المائدة ئەو سێ ئایەتە لە سورەتی (المائدة) هاتووە مانای ئەوەیە: (وەئەوەی حوکم بەوە نەکات کە خوا دایبەزاندووە ئەوە کافرە، ستەمکارە، فاسقە).

بەڵام لێرە ئەبێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە کافر بۆ ئەو کەسەیە کە بڕوای بە شەریعەتی خوای بەرز نەبێت، یان بە حەڵاڵی بزانێ بەغەیری شەریعەتی ئیسلام حوکم بکات.

وە لە دوایی لە باسی خەواریج ڕوونی ئەکەمەوە کە خەواریجەکان ئەو ئایەتە بە پێچەوانەی تەفسیری صەحابەو رضي الله عنهم وە پێچەوانەی ئیجماعی ئەهلی سوننە لێك ئەدەنەوە بەوەی حاکمی موسڵمان کە بڕوای هەیە بە قورئان بەس لەبەر ئەوەی ئەو تاوانە ئەنجام ئەدات حوکمی پێناکا کافری ئەکەن! چونکە خەواریج کۆمەڵێکی سەرلێشێواوی گومڕان موسڵمان ئەگەر تاوانی گەورە ئەنجام بدات کافری ئەکەن! لێرە بە کورتی تەفسیری ئەهلی سوننە بۆ ئەو ئایەتە نەقلْ ئەکەم دوایش بیری خەواریج باس ئەکەم و زیاتر ڕوونکردنەوە ئەکەم ان شاء الله.

لە تەفسیری ابن كثير رحمه الله لە تەفسیری ئەو ئایەتە پاش ئەوەی ڕوونی ئەکاتەوە بۆ ئەهلی کتاب دابەزیوەو قەولی صەحابەو زانایان نەقلْ ئەکا لەوەی بۆ ئەهلی کتاب دابەزیوە وە بۆ ئەو ئوممەتەشە ئەوجا ئەفەرموێ :
(وَقَالَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَلْحَةَ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَوْلَهُ: {وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ

الْكَافِرُونَ} قَالَ: مَنْ جَحَدَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَقَدْ كَفَرَ. وَمَنْ أَقَرَّ بِهِ وَلَمْ يَحْكُمْ فَهُوَ ظَالِمٌ فَاسِقٌ. رَوَاهُ ابْنُ جَرِيرٍ. ثُمَّ اخْتَارَ أَنَّ الْآيَةَ الْمُرَادُ بِهَا أَهْلُ الْكِتَابِ، أَوْ مَنْ جَحَدَ حُكْمَ اللَّهِ الْمُنَزَّلَ فِي الْكِتَابِ). واتە ابن عباس رضي الله عنهما لە تەفسیری ئەو ئایەتە فەرمویەتی : ئەوەی ئینكاری ئەوە بكات كە خوا دادیبەزاندووەو بڕوای پێنەكات ئەوە كافرە. وە ئەوەی بڕوای پێ بكات وە حوكمی پێنەكات ئەوە ستەمكارو فاسقە) ابن كثير رحمه الله ئەفەرموێ ابن جرير رحمه الله ڕیوایەتی كردووە وە ابن جرير رحمه الله ئەو تەفسیرەی هەڵبژاردووە كە ئەو ئایەتە مەبەست پێی ئەهلی كتابە، یان ئەوانەی ئینكاری حوكمی خوا ئەكەن و بڕوای پێناكەن كە لە كتابی خوا دابەزیوە.

وە هەر ابن كثير رحمه الله نەقڵ ئەكا لە ابن عباس رضي الله عنهما فەرمویەتی : (لَيْسَ بِالْكُفْرِ الَّذِي يَذْهَبُونَ إِلَيْهِ)

وە نەقڵ ئەكا لە طاوس فەرمویەتی: (لَيْسَ بِكُفْرٍ يَنْقُلُ عَنِ الْمِلَّةِ)

وە نەقڵ ئەكا لە عطاء فەرمویەتی: (كُفْرٌ دُونَ كُفْرٍ، وَظُلْمٌ دُونَ ظُلْمٍ، وَفِسْقٌ دُونَ فِسْقٍ)

وە شێخی ئیسلام ابن تيمية رحمه الله ئەفەرموێ: (وَإِذَا كَانَ مِنْ قَوْلِ السَّلَفِ: إنَّ الْإِنْسَانَ يَكُونُ فِيهِ إيمَانٌ وَنِفَاقٌ فَكَذَلِكَ فِي قَوْلِهِمْ: إنَّهُ يَكُونُ فِيهِ إيمَانٌ وَكُفْرٌ لَيْسَ هُوَ الْكُفْرُ الَّذِي يَنْقُلُ عَنْ الْمِلَّةِ: كَمَا قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ وَأَصْحَابُهُ فِي قَوْله تَعَالَى {وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ} قَالُوا: كَفَرُوا كُفْرًا لَا يَنْقُلُ عَنْ الْمِلَّةِ وَقَدْ اتَّبَعَهُمْ عَلَى ذَلِكَ أَحْمَد بْنُ حَنْبَلٍ وَغَيْرُهُ مِنْ أَئِمَّةِ السُّنَّةِ) مجموع الفتاوى 312/7 واتە: (وە ئەگەر لە ووتەی سەلەف ووتویانە: مرۆڤ دەبێ ئیمان و نیفاقی تێدابێ جا ئەوهاش لە ووتەیان: ئەبێت مرۆڤ ئیمان و كوفری تێدابێ ئەوە مەبەست ئەو كوفرە نیە كە مرۆڤ لە دین ئەباتە دەرەوە: وەك ابن عباس و هاوەڵەكانی ووتویانە لە تەفسیری فەرموودەی خوای بەرز {وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ} ووتویانە:

كوفریان كردووە كوفرێك لە دین نایان باتە دەرەوە وە لەسەر ئـەو تەفـسیرە احمد بن حنبل و پێشەوایانی سوننەت شوێنیان كەوتوون).

ئەوە تەفسیری پێشەوایانی ئەهلی سوننەیە كە لـە صـەحابە رضـي الله عـنهم وەریان گرتووە وەك شێخی ئیسلام شـاهێدی دەدات! جـا تـۆ ئەچـیتە سـەر تەفـسیری خـەواریج یـان پێـشەوایانی سـوننە!؟ بەڕاسـتی ئـەوە (مـصرع) و لەناوبردنی بیری خەواریجانە كە ئەو پێشەوایانەی تەفسیر و سـوننەت ئـەلێن مەبەست لێرە ئەو كوفرە نیە كە موسڵمان پێی لـە ئیـسلام دەرچـێ! بـەڵكو كوفری بچوكە، یانی تاوانێكی گەورەیە بەڵام كافر نابێت! دیارە ئـەوە مانـای نیە كە بەرگری بكەین لەوەی كەسێك حوكم بە قورئان نەكا مـەدحی بكـەین! نا ئەوە تاوانێكی گەورەیەو ئەو ئایەتانەی قورئان ئەبێ ڕایان بچڵەكێنێ و لـە خوا بترسـن! بـەڵام نـابێ موسـڵمان و سـەركردەكان بەتایبـەتی كـافر بكـرێن بەتاوانی گەورە چونكە ئەوە كێـشەی گـەورەی لێدەبێتـەوەو ئـاژاوەو خـوێن ڕشتنی لێ دەبێتەوە، وە كارێكی ناشـەرعی و زێدەڕۆیـشە لـە دیـن، وە هـیچ بەڵگەیان نیە ئەوانەی بە ناحەق تـەكفیری سـەركردە موسـڵمانەكان دەكـەن، ئەگەر چەندی ستەمكارو گەندەڵیش بن نابێ كافریان بكەین، مادام موسڵمانن و خۆیـان شـانازی بـە ئیـسلام و موسـڵمانەتی خۆیـان ئەكـەن وەك سـەروكی هەرێم و سەرۆكی حكومەتی هەرێم[21].

---

[21] كە الحمد لله خۆیـان دەڵـێن ئێمـە موسـڵمانین و شـانازی ئەكـەین بـە ئیـسلام، بـەڵام سـەیر ئەوەیـە زۆر لـە حیزبییەكان كافریان ئەكەن، وە سەركردەی حیزبەكانیشیان ئەچنە لای ئەو سەرۆكانە بەدەمیانەوە پێ ئەكەنن! بەڵكو مانگانەی حیزبییەكانیش لای ئەو سەرۆكانەیە! ئەوجا هێشتا لەبەر ئەوەی من بەس ئـەڵێم كافریـان ناكـەم سوێند بەخوا هەرچی تۆمەتی ناشیرنە بۆمیان دروسـت كـردووە، بـەڵام سوپاسـی خـوای بـەرز ئەكـەم كـە مـنی هیدایەت داوە بۆ مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعـەت، وە خـوای بـەرزیش ئاگـادارە مـن خـۆم بـە هـیچ كەسـێك هەڵناواسم و چاوەڕێی پاداشتیش لە خوا ئەكەم، بەڵام ئەوە بیرو باوەڕە ئەشبێ موسڵمانان ئاگادار بكەمەوە لـە بیری زێدەڕۆیی لە تەكفیر، لەگەڵ ئەوەش سەركردەكان ئاگادار بكەمەوە لە تاوانی حـوكم نـەكردن بـە قورئـان و سوننەت.

وە شتێك لێرە زۆر گرنگە بزانین، ئەو ئایەتە شمولی هەموو كەسێك ئەكات كە حوكم بە شەریعەتی خوا نەكات نەك تەنها سەركردە، وە ئەبێ بزانین هەموو كەسێك بەر پرسە لەوەی لە ژێر دەستیەتی، لە قیامەت پرسیاری لێدەكرێ وەك لەو فەرموودە (كلكم راع ومسؤول عن رعیتە) پێشتر ڕوونمان كردەوە یانی ئەوە بزانین هەموو تاكێك لە سەری فەرزە حوكمی خوا جێبەجێ بكات و ملكەچی شەریعەت بێت، نەك تەنها سەرۆكی وڵات! وە لە ئایەتەكە شتێكی زۆر گرنگ هەیە زۆر كەس تێی ناگات و بەهەڵە ئەچێ! كە دەبینین دوو لەفزی تێدا ئایەتەكە مانای گشت گری –عام– ئەبەخشێ! لە زانستی (اصول الفقه) دەتوانن بچنە سەر شەرحی زاراوەی عام كە لەو لەفزانەی مانای عام ئەبەخشن (من) وە (ما) یە لە ئایەتەكەش هەردوو لەفز هەیە! ﴿وَ**مَنْ** لَمْ يَحْكُمْ بِ**مَا** أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ (**من**) یانی هەر كەسێك بێ جیاوازی وە (**ما**) یانی هەر حوكمێك! یانی هەر كەسێك سەرۆك بێ تا دەگاتە فەڕاشێك حوكم نەكا بە هەر شتێك كە خوا دایبەزاندووە ئەوە ئەو ئایەتە ئەیگرێتەوە! ئەگەر ئەوە تێگەیشتی ئەوە بۆت دەردەكەوێ كە تەنها سەرۆكی وڵات تاوانبار نابێ بەوەی حوكم بە شەریعەتی خوا نەكات بەڵكو هەموو كەسێك تاوانبار ئەبێت بە دەرچوونی لە فەرمانی شەریعەت! وە ئەوەشت بۆ ڕوون ئەبێتەوە كە ئەو ئایەتە مەبەست پێی ئەوەیە كە كەسێك بڕوای بەشەریعەت نەبێ و حوكمی پێنەكا ئەوە كافرە نەك ئەوەی بڕوای پێ هەیەو حوكمی پێناكا! بەڵێ تاوانبار ئەبێ بەڵام كافر نیە! وەك موسڵمانێك تاوانی درۆو دزی و غەیبەت كردن و ڕیش تاشین و مۆسیقاو گۆرانی و ئارەق خواردنەوەو تاوانەكانی تر ئەنجام بدات، ئەوە بێگومان حوكمی نەكردووە بە فەرمانی كە خوا دایبەزاندووە، بەڵام مادام حەڵاڵی نەكا كافر نابێت تەنها تاوانبارە! ئەگەر نا حیزبیەكان یەكەم جار خۆیان كافر ئەبن چونكە حوكمی

خۆایان جێبەجێ نەکردووە لەوەی دەبێ لەسەر حەق کۆ ببنەوەو تەفرەقە نەکەن! بەس ئێمە لەسەر مەزهەبی خەواریج و خۆیان ئاسا نین بە تاوان موسڵمان کافر بکەین دەڵێین موسڵمانی تاوانبارن!

وە لێرە ئەوەت بۆ دەر دەکەوێ کە حاڵی موسڵمانانی ئەمڕۆ چەندە سەیرە ئەبینی حیزبی بەناوی ئیسلامی هەیەو حوکم بە شەریعەت ناکەن لەوەی تەفرەقە ئەکەن و بڕوایان بە دیموکراتی هەیە کە پێچەوانەی شەریعەتی خوایە! کەچی بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە ئەیانەوێ حوکمی خوا بچەسپێنن! خۆشیان جێبەجێی ناکەن! وەك ئەوەی وابێ ئەو تاوانە بۆ ئەوان هەڵگیرابێ و نەنوسرێ لە سەریان! دێن هەندێکیان بە پسکە پسك سەرۆکی هەرێم و سەرۆکەکان کافر ئەکەن! بۆ خۆشیان حوکم بە شەریعەت ناکەن و لێی دەر ئەچن ئەشی کەن بە منەت بەسەر خەڵك گوایە ئەوان بەرژەوەندی دینیان ڕەچاو کردووە!!! وە بۆمان هەیە یەك پرسیاری سادە بکەین لەو حیزبە بەناو ئیسلامیانە، ئایا ئێوە چ حوکمێك جێبەجێ ئەکەن!؟ ئەوە لە ئێستاوە بیدعەتان شەرعاندووە، وە تەپڵ و زوڕناتان حەڵاڵ کردووە، وە لەم ماوەیە ئەمیرێکیان لە تەلەفزیۆنەکەیان حوکمی مورتەددی ڕەت کردۆتەوە! بێجگە لەوەی پێشەواکەیان ڕای گەیاندووە کە بڕوایان بە تەریقەت هەیەو ووتویەتی جەنابی ئەمیریش بڕوای بە تەسەوف هەیەو چلەش (خەڵوەتی سۆفیش) ئەکێشێ!!! یانی چی مایەوە لە ئیسلام ئێوە نەیشێوێنن!!! لە بیرم نیە کۆلاشیان حەرام کردووە! یانی دینەکەیان شێواندووەو بە ئارەزوو حوکم ئەکەن! موزاهەرەشی هاتە سەر کە شەرعاندویانە!

من هەر مەبەستمە ئەوە تێبگەین هەموو کەسێك تاوانبارە ئەگەر حوکم بە شەریعەتی ئیسلام نەکاو لێی دەربچێ بە قەدەر دەرچونەکەی تاوانبارە! وە

لێرە ئەو ووتەی ابن تیمیة رحمه الله بیرتان ئەخەمەوە كە ڕوونی ئەكاتەوە هەر كەسێك ئەگەر لەبەینی دوو كەس حوكمی كرد ئەوە ناوی حاكم شمولی ئەكات ئەو كەسە هەر كەسێ بێت وە ئەفەرموێ ئەوە ڕای صەحابە بووە تەنانەت ئەگەر یەكێ حوكم لەبەینی منالان بكا لە خەت خەتێنە !

ئەڵێ : «وَكُلُّ مَنْ حَكَمَ بَيْنَ اثْنَيْنِ فَهُوَ قَاضٍ سَوَاءٌ كَانَ صَاحِبَ حَرْبٍ أَوْ مُتَوَلِّي دِيوَانٍ أَوْ مُنْتَصِبًا لِلِاحْتِسَابِ بِالْأَمْرِ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيِ عَنْ الْمُنْكَرِ حَتَّى الَّذِي يَحْكُمُ بَيْنَ الصِّبْيَانِ فِي الْخُطُوطِ فَإِنَّ الصَّحَابَةَ كَانُوا يَعُدُّونَهُ مِنْ الْحُكَّامِ» ( مجموع الفتاوى 170/18 ).

وە بیری سەركردەو هەموو موسڵمانێكی دێنمەوە كە لەسەرمان فەرزە ملكەچ بین بۆ حوكمی خوای بەرزو نابێ بیانوو بدۆزینەوە بۆ لادان لە حوكمی خوای بەرز.

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (51)﴾ النور واتە: (ووتەی بڕواداری ڕاستەقینە تەنها ئەوەیە لەو كاتەی بانگ بكرێن بۆ لای خوا و پێغەمبەرەكەی تا حوكم بكا لە بەینیان بڵێن كوێ بیست بوین و گوێڕایەڵین و ملكەچین بۆ جێبەجێ كردنی وە ئەوانە ڕزگاریان ئەبێت و سەرفراز ئەبن).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا (36)﴾ الاحزاب واتە: (وە بۆ هیچ بڕوادرێك نیە پیاو بێ یان ئافرەت كاتێ خواو پێغەمبەرەكەی بڕیار –حوكم– لەسەر هەر شتێك بدەن ئەو بۆی نیە لەو شتە سەر پشك بێ بەوەی بە ئارەزووی خۆی بێ جێبەجێ بكات یان نا لەسەریەتی ملكەچ بێ بو حوكمی خواو پێغەمببەرەكەی وە هەر كەسێك

سەرپێچی بکا لە حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی لادات ئەوە گومڕا بووە گومڕاییەکی ئاشکرا).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ النور 63 واتە : ( با بترسن ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانەکانی پێغەمبەری خوا ئەکەن لەوەی توشی فیتنە بن –توشی گومڕایی و هاوبەش دانان بن– وە توشی سزایەکی توند بن –لە دونیاو دواڕۆژ–).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى (124) قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنْتُ بَصِيرًا (125) قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنْسَى (126)﴾ طه واتە: (وە ئەوەی پشت بکاتە زیکری من–کە قورئان و سوننەتە بە وەحی دابەزیوە– ئەوە بە تەئکید ژیانێکی تاڵ و تەسکی هەیە وە لە ڕۆژی قیامەت بە کۆرەیی حەشری ئەکەین. جا ئەوکات ئەڵێ ئەی پەروەردگارم بۆ بۆ کۆرەیی حەشرت کردووم وە من لە دونیا بینا بووم چاوم ساغ بوو. پەروەردگار ئەفەرموێ ئاوها لە دونیا ئایاتی منت بۆ هات لەبیرت کرد و پشتت تێکرد وە ئاوها ئەمڕۆ لە پادشتی  ئەوەت وەك لە بیر دەکرێی–وەك لەبیر کراوان ئەبیت لە سزایا کەس ڕزگارت ناکا–).

## جنێو دان و ئیهانە کردنی سەرۆکی وڵات پێچەوانەی مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعەتە :

جنێو دان پیشەی مرۆڤی موسڵمان نیە بە هیچ موسڵمانێکی ئاسایی چ جای سەرۆکی وڵات! جنێو دان بە سەرۆکی وڵات و ئیهانە کردنی هۆیەکە بۆ ئەوەی خوا ئیهانەت بکات! لەبەر ئەوە بەو جۆرە موسڵمانانە مەخەڵەتێن کە

بەناوی دین جنێو فرۆشی ئەكەن و جنێو بە سەرۆكی وڵات و حكومەت ئەدەن[22] ئەوە پیشەی موسڵمان نیە جنێو بدات!

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ ق:18 واتە: (هیچ لەفزێك نیە لە زاری دەربچێ ئیللا فریشتەیەكی ئامادە بەسەریەوە ئەیبژێرێو ئەینوسێ).

لەبەر ئەوە هەر قسەیەك ئەكەیت بەرامبەری هەر كەسێك بزانە دێتەوە پێشت لە قیامەت وون نابێ! جا كێ پێی خۆشە جنێوو قسەی ناشیرین لە سەحیفەی كردەوەی بێ!؟

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الە وسلم ئەفەرموێ : (من أحب أن تسره صحيفته، فيكثر فيها من الاستغفار) سلسلة الحاديث الصحيحة 2299

---

[22] وەك مامۆستای ئاخیر زەمان (ك ..) لە سەر ئەنتەرنێت بە تایبەتی بەرنامەی پاڵتالك كەوتووەتە جنێو بە سەرۆك و حكومەت و مەلایان و زانایان و زمانی بە ناشیرین ترین شێوە بەكار دێنێ! بەهەندێ زانا ئەڵێ سەگ یان كەر! وە بە حكومەت ئەڵێ (گ..) وە جنێو بەدایكی هەندێ مەلا ئەدات و پێیان دەڵێ : زۆڵ. بەداخەوە كە خۆشی كاتی خۆی لە حیزبێك بوو بەشدار بوو لە حكومەت و ئێستاش هاو حیزبیەكانی خۆی لە حكومەت بەشدارن! جا ئایا ئەوان چەند بەشی ئەو جنێوەیان بەردەكەوێ؟! ئەو جۆرە جنێو دانی ئەو مامۆستای ئاخیر زەمانە بیدایەتی ئەوە بوو كە ئیهانەی بێتە سەر وەك لە فەرموودەكە ئەبینن خوا كەسێك ئیهانە ئەكات سەرۆكی وڵات ئیهانە بكا! جا چونكە هیچی بەدەسەتەوە نیەو دەسەڵاتی نیەو دەبینێ بانگەوازی سەلەفی چاوی دوژمنانی ئیسلام و ئەهلی بیدعەی كوێر كردووە، دەسەڵاتی ئەوەندەیە بۆ دژایەتی ئەو بانگەوازە سەلەفیە جنێو ئەدات و هەڕەشەی گوێ برین ئەكات لێمان! كەچی ئازادیش ئەبەخشێ بە كۆمۆنیستان لە وڵاتە خەیاڵیەكەی بیانكاتە ئەندام پەرلەمان و ئەشڵێ كێشەی فیكری لەگەڵیان نیەو سنوری لەوێ دەوەستێ كە سنوری وان دەست پێدەكات!!! هەڕەشەش و جنێو دان لە پشتی كۆمپیوتەر هەموو كەس پێی دەوێرێ! وا نەزانن هەر جنێو بە موسڵمانی بێلایەنی سەلەفی ئەدات نا بەڵكو جنێو بە حیزبیەكانیش ئەدات كە خۆی پێشتر لە گەڵیان بووەو مەدحی ئەكردن! پێیان دەڵێ بێجامە لە پێ یان نەستەلە خۆر! وە زۆر قسەی تری ناشیرین كە من شەرم دەكەم بشی گێڕمەوە بەڵام ناچارم موسڵمانان ئاگادار بكەمەوە لەو جۆرە كەسانە كە بەس زمانیان هەیە بۆ ناشیرن كردنی ئەهلی حەق و هەڕەشەو جنێودان!

واتە: (ئەوەی پێی خۆشەو حەز دەكات سەحیفەی كردەوەكانی دڵی خۆش بكات، با زۆر —استغفار— داوای لێخۆش بوونی لە خوا تیا بكات).

بەڵێ ئەگەر دەتەوێ لە قیامەت دڵت خۆش بێ بەوەی سەحیفەی كردەوەكانت ببینێ ئەوە زۆر —استغفر الله— بكە نەك جنێو دان پڕی سەحیفەكەت بكەی وماڵی خۆت بەدەستی خۆت وێران بكەی!

وە پێشەوا بوخاری رحمه الله لە صەحیحەكەی لە باسی كۆتایی ئەو باسەی كردۆتەوەو ئەفەرموێ : (بَابُ قَوْلِ اللَّهِ تَعَالَى: {وَنَضَعُ المَوَازِينَ القِسْطَ لِيَوْمِ القِيَامَةِ} الأنبياء: 47 ، وَأَنَّ أَعْمَالَ بَنِي آدَمَ وَقَوْلَهُمْ يُوزَنُ) واتە: (باسی فەرموودەی خوای بەرز : {وَنَضَعُ المَوَازِينَ القِسْطَ لِيَوْمِ القِيَامَةِ} —میزانی عەدل دائەنێین لە ڕۆژی قیامەت—، وە ئەوەی كە كردەوەكانی نەوەی ئادەم وە ووتەكانیشیان ئەخرێتە سەر میزان).

پاشان لەو باسە ئەو فەرموودەیە ئەهێنێتەوە كە ئاخیر فەرموودەیە لە صەحیحی بوخاری وە موسلیمیش ڕیوایەتی كردووە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (كَلِمَتَانِ حَبِيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمَنِ، خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ، ثَقِيلَتَانِ فِي المِيزَانِ: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ العَظِيمِ) واتە: ( دوو كەلیمە هەن خۆشەویستن لای—الرحمن—، سوكن لەسەر زمان، وە قورسن لەسەر میزان: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ العَظِيمِ).

كەواتە دەر كەوت كە نەك تەنها كردەوە بەڵكو قسەكانیشت ئەچێتە سەر میزان! جا پێت خۆشە میزانت بە زیكری خوا قورس بێ یان بە جنێو لای خراپەت قورس بێ!؟

زۆر كەس وا دەزانێ كە ئەگەر دەست درێژی نەكردە سەر موسڵمان و خوێنی نەڕژێ ئەوە قسە هیچ نیە! بەڵام ئەوە هەڵەیە ئێمە دەبێ بزانین خوێن و ماڵ و ناموس و—عرض—ی موسڵمان حەرامە!

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم له حەجی ماڵ ئاوایی فەرمووی : (فَإِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ، كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا، فِي شَهْرِكُمْ هَذَا، فِي بَلَدِكُمْ هَذَا، فَلْيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ) متفق علیه واته: (به تەئكید خوێنتان وه ماڵتان وه -عرض-تان -كه شوێنی عەیب گرتنه له مرۆڤ- حەرامه لەسەرتان، وەك حەرامی ئەو ڕۆژەتان، لەو مانگەتان، لەو شارەتان، جا با ئەوەی ئامادەیەو بیستی بەوانەی بگەینێ ئامادە نین ونەیانبیست).

بەڵكو جنێو دان به موسڵمان تاوانێكی گەورەیەو له گەورەترین بەشی ڕیبایه لای خوا!

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (أربى الربا شتم الأعراض) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1433 واته : (له هەموو ڕیبایەك ڕیبا تر جنێو دان به ناموسە -عرض ئەو شوێنەیە ئینسانی له سەر مەدح بكرێ یان زەم-).

وه پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (الربا اثنان و سبعون بابا أدناها مثل إتيان الرجل أمه و إن أربى الربا استطالة الرجل في عرض أخيه) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1871 واته : (ریبا حەفتاو دوو بابه بچوكترینیان وەك ئەوەیە مرۆڤ بچێتە لای دایكی خۆی وه له هەموو ڕیبایەك ڕیبا تر ئەوەیە پیاوێك دەم درێژی بكاتە سەر عرض ی براكەی).

وه براو خوشكی بەڕێزم من ئەگەر بێت و هەموو فەرموودەكانی هەیه لەسەر ئەو باسانە بێنم ئەوە ئەبێ كتێبەكەمان ببێتە چەند جلدێك! بەڵام چەند فەرموودەیەكی تریش ئەهێنم و هیوادارم پێچەوانەی فەرموودە نەكەی چونكە نیشانەی گومڕاییە!

وه پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إِنَّ العَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالكَلِمَةِ مِنْ رِضْوَانِ اللَّهِ، لاَ يُلْقِي لَهَا بَالًا، يَرْفَعُهُ اللَّهُ بِهَا دَرَجَاتٍ، وَإِنَّ

العَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ، لاَ يُلْقِي لَهَا بَالًا، يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ) رواه البخاري واتە: ( بەندە هەیە کەلیمەیەك ئەڵێ لە ڕەزامەندی خوا، کە بەگرنگی نازانێو حیسابی بۆ ناکا، بەڵام خوا بەو کەلیمەوە چەندین پلە بەرزی ئەکاتەوە، وە بەندە هەیە کەلیمەیەك ئەڵێ لە توڕەیی خوا، کە بەگرنگی نازانێو حیسابی بۆ ناکا، بەڵام بەو کەلیمەوە ئەکەوێتە ناو جەهەننەم).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (سباب المسلم فسوق وقتاله كفر) متفق عليه واتە :(جنێو دان بە موسڵمان فاسقیە – دەرچوونە لە فەرمانی خوا– وە شەڕکردن لە گەڵ موسڵمان کوفرە) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده ) متفق عليه واتە : ( موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە زمانی و لە دەستی ئەمین بن ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (ليس المؤمن بالطعان ولا اللعان ولا بالفاحش ولا بالبذي) سلسلة الاحاديث الصحيحة 320 واتە : ( بڕوادار ئاوها نیە کە زۆر عەیب لە خەڵك بگرێ و قسەیان پێ بڵێ وە ئاوا نیە کە زۆر لەعنەت لە سەر زاری بێ وە ئاوا نیە کە جنێودەر بێ وە ئاواش نیە کە بێ شەرم بێو قسەی ناشیرین بکات ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من كان يؤمن بالله واليوم الاخر فليقل خيرا او ليصمت ) متفق عليه واتە : ( هەر کەسێ بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە با خێر بڵێ یان بێدەنگ بێ ) .

وە لەو فەرموودەی کە معاذ ی کوڕی جبل خوا لێی ڕازی بێ ئەیگێڕێتەوە هاتووە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم : ( فاخذ بلسانه وقال : كف عليك هذا قلت يا نبي الله وانا لمؤاخذون بما نتكلم به ؟ فقال : ثكلتك امك وهل يكب الناس على وجوههم او قال على مناخرهم الا حصائد

السنتهم ! ) ساسلة الاحاديث الصحيحة 1122 واتە : ( پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم زمانی خۆی گرت و فەرمووی : ئا ئەمە ئاگاداری بەو بیپارێزە ! معاذ خوا لێی ڕازی بێ ئەڵێ ووتم ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئێمە بەوەش سزا ئەدرێین و لێمان ئەگیرێ کە قسەی پێ ئەکەین؟ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : دایكت سینگی بۆت بكوتێ ، جاچی وا ئەكا لە خەڵك لە سەر ڕوو فڕێ بدرێنە ناو ئاگر یان فەرمووی لەسەر لووتیان فڕێ ئەدرێنە ناو ئاگر ئیللا ئەوە نەبێ کە بە زمان دروێنەیان کردووە –لە خراپەو لە غەیبەت و درۆو ئەم تاوانانەی بە زمان ئەکرێ–) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من صمت نجا ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 536 واتە : ( ئەوەی بێ دەنگ بێ ئەوە دەربازی بووە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (أكثر خطايا ابن آدم في لسانه ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 534 واتە : (زۆربەی تاوانەکانی نەوەی ئادەم لە زمانیەوەیتی).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( رحم الله عبدا قال فغنم ، او سكت فسلم ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 855 واتە : (ڕەحمەتی خوا لە بەندەیەك كە قسە ئەكات ئەیباتەوە –پاداشت وەر ئەگرێ–، یان بێ دەنگ ئەبێت و سەلامەت ئەبێت –لە سزا).

**دە با ئا گاداری زمانمان بین و ئاگاداری جنێو دان بین جنێو نەدەین بە هیچ موسڵمانێك بە تایبەت بە سەرکردەکان، ئەمە کارێکی ناڕەوایەو تاوانی زیاترە لەوەی جنێو بە کەسێکی ئاسایی بدەی**

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : «مَنْ أَهَانَ سُلْطَانَ

اللَّهِ فِي الأَرْضِ أَهَانَهُ اللَّهُ» رواه الترمذي و حسنه الالباني واته : ( هەر كەسێ ئیهانەی دەسەڵات دارێ بكا كە خوا داینـاوە لە سەر زەوی ئەوا خوا ئیهانـەی —سوكی—ئەكا ).

وە هاتووە لە أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه ئەفەرموێ : (نَهَانَا كُبَرَاؤُنَا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: لا تَسُبُّوا أُمَرَاءَكُمْ وَلا تَغِشُّوهُمْ وَلا تَبْغَضُوهُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ واصبروا فإن الأمر قريب) رواه ابن ابي العاصم في كتاب السنة قال الالباني: إسناده جيد ورجاله ثقات وفي بعضهم كلام لا يضر واتە: (گەورەكانمان لە صەحابەكانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نەهیان لێ دەكردین دەیان ووت : جنێو بە سەركردەكانتان مەدەن وە غەشیان لێمەكەن وە ڕقتان لێیان نەبێت وە تەقوای خوا بكەن وە ئارام بگرن ئەو ئەمرە نزیكە—مردن نزیكە لێتانەوە وە لەوانەوە—).

ئەوە صەحابە گەورە بەڕێزەكان رضي الله عنهم لە سەری بوون تۆ ئەو ڕێگایەت دەوێ یان ڕێگای فیتنە چیەكان ! ؟

وە هاتووە لە أبو درداء رضي الله عنه فەرموویەتی: (إِنَّ أَوَّلَ نِفَاقِ الْمَرْءِ طَعْنُهُ عَلَى إِمَامِهِ) شعب الايمان للبيهقى 29/12 و التمهيد لابن عبد البر 287/21 وە تاريخ دمشق لابن عساكر 190/47 واتە: (بیدایەت و دەست پێكردنی یەكەمی نیفاقی كەسێك ئەوەیە تانە بدات لە ئیمامەكەی).

بەڕێزان ئەوە ئەو صەحابە بەڕێزە ئەڵێ بیدایەتی نیفاقە كەچی كەسانێك هەن جنێو دان بە سەركردە لە پشتی كۆمپیوتەرو لەسەر ڕۆژنامەكان بە ئازایەتی دەزانن !

وە هاتووە لە كتابی —التاريخ الكبير 104/8— ی پێشەوا بوخاری رحمە الله لە أبو جمرة رحمه الله ئەڵێت دوای ئەوەی كەعبەی سوتاند حەججاج چوومە مەككە چوومە لای ابن عباس رضي الله عنهما لە لای ئەو جوێنم بە حەججاج

دا ابن عباس رضي الله عنهما فەرمووی : (لا تكن عونا للشيطان) واتە: (یارمەتی دەری شەیتان مەبە).

سبحان الله لەگەڵ ئەوەی حەججاج ئەوەندە ستەمكاریش بووە هێرشی كردۆتە سەر مزگەوتی كەعبەش و بۆتە هۆی سوتانیشی ئەوجا نەهی كردووە لەوەی جنێوی پێ بدات و ئەوەی بە یارمەتی شەیتان داناوە ! ! ! بەڵێ ئەوە ڕێبازی صەحابەكانە رضي الله عنهم كە ئەوەی لێی لا بدات ئەچێتە سەر ئەو ڕێبازانەی شەیتان ڕازاندویەتیەوەو بەرەو جەهەننەم ئەڕوات!

خەڵكینە دوای هەواو ئارەزوو مەكەون ئەوە دینە بەقسەی ئەو كەسانە مەخەڵەتێن كە لە ڕێبازی ئەهلی سوننەو جەماعەت لایانداوەو دێن بە بەرگ پۆشینی دین فێڵ لە خەڵك ئەكەن و چەواشەیان ئەكەن تا بە مەرامی خۆیان بگەن!

ئەوەشتان بیر ئەخەمەوە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : (من كانت عنده مظلمة لأخيه من عرض أو من شيء فليتحلله منه اليوم من قبل أن لا يكون دينار ولا درهم إن كان له عمل صالح أخذ منه بقدر مظلمته وإن لم تكن له حسنات أخذ من سيئات صاحبه فحمل عليه) رواه البخاري واتە : (ئەوەی مافێكی براكەی لایە لە عرض—یانی قسەی بەناموسی ووتبێ یان غەیبەتی كردبێ وئەمانە یان لە هەرشتێك— با داوای لێخۆشبونی لێبكات یان بۆی بگەڕێنێتەوە پێش ئەوەی كە دینارو درهەم نەبێت — لەقیامەت— ئەگەر كردەوەی چاكی هەبوو بەقەد ئەو مافەی لەسەریەتی چاكەكانی ئەبردرێ وە ئەگەر چاكەشی نەبێ ئەوە لە تاوانی خاوەن مافەكە هەڵ ئەگرن ئەیخەنە سەر ئەو).

## دوعا کردن بۆ سەرۆکی وڵات ئەگەر ستەمکاریش بێ !

یەکێك لەو شتانەی کە ئەهلی سوننەو جەماعەت زۆر گرنگی پێدەدەن دوعا کردنە بۆ سەرکردەکان بە چاکە، بەوەی خوا هیدایەتیان بدات و یارمەتیان بدات بۆ سەرخستنی حەق و ڕێگرتن لە ستەم و حوکم کردن بە شەریعەتی ئیسلام وە دڵ نەرم بونیان بۆ بەزەیی هاتنەوە بە هەژاران و دەرگا دانەخستنیان بە ڕووی لێقەوماوان.

بەڵام لای ئەهلی بیدعە کە حیزبیەکانیش بەشێکن لەوان دوعای خراپ ئەکەن وە دوعای باش بۆ سەرکردە ناکەن! وە تۆمەتی ناشیرین بۆ ئەوانە دروست ئەکەن کە دوعای باش بۆ سەرکردە ئەکەن! لەبەر ئەوە گرنگە ئەگەر بە کورتیش بێ عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعەت لەو باسە ڕوون بکەمەوە تا حیزبیەکان بناغەیان نەمێنێ بۆ باتڵەکانیان و خەڵکی موسڵمانیش پێیانەوە نەخەڵەتێ ئەوەی خەڵەتاوەش بەخۆیدا بچێتەوەو بزانێ ڕێگای حەق ڕێگای ئەهلی سوننەو جەماعەتە نەك ڕێگای حیزبی و تەکفیریەکان.

پێشەوا حسن بن علي بن خلف البربهاري رحمە الله لە کتابی (شرح السنة) ووتویەتی: (وإذا رأيت الرجل يدعو على السلطان فاعلم أنه صاحب هوى، وإذا رأيت الرجل يدعو للسلطان بالصلاح فاعلم أنه صاحب سنة إن شاء الله) واتە: (وە ئەگەر پیاوێکت بینی دوعا لەسەر دەسەڵاتدار ئەکا بە خراپە ئەوە بزانە ئەو کەسە خاوەنی هەوایە، وە ئەگەر پیاوێکت بینی دوعا بۆ دەسەڵاتدار دەکا بە چاکە ئەوە بزانە کە بە تەئکید ئەو کەسە خاوەنی سوننەتە إن شاء الله).

ئەوجا ئەو ووتەی فضیل بن عیاض[23] رحمه الله دێنیٚ کە فەرمویەتی : (لو أن لي دعوة مستجابة ما جعلتها إلا في السلطان. قيل له: يا أبا علي فسر لنا هذا. قال: إذا جعلتها في نفسي لم تعدني، وإذا جعلتها في السلطان صلح، فصلح بصلاحه العباد والبلاد.) واتە: (ئەگەر دوعایەکی گیرابووم هەبوایە ئەوە تەنها بۆ دەسەڵاتدارم ئەکرد. ووتیان پێی ئەی باوکی علی ئەوەمان بۆ شی بکەوە فەرمووی: ئەگەر بۆ خۆمی بکەم ئەوە سوودەکەی بەس بۆ خۆمە، بەڵام بۆ دەسەڵاتداری بکەم چاك ئەبێت، وە بەچاك بوونی ئەو وڵات و بەندەکان چاك ئەبن).

ئەوجا لەدوای ئەوە پێشەوا حسن بن علي بن خلف البربهاري رحمه الله لە کتابی (شرح السنة) دەڵیٚ : (فأمرنا أن ندعو لهم بالصلاح، ولم نؤمر أن ندعو

---

(23) زاناو پێشەوای ئیسلام أبو فضيل بن عياض بن مسعود بن بشر التميمي اليربوعی لە دوای ساڵی 100 هـ لە دایك بووە چیرۆکی تەوبە کردنی سەیرە کاتێك ڕێگر بووەو حەزی بە کچێك کردووە بەسەر دیوارا هەڵگەڕاوە بۆی بیستویەتی کە ئەو کچە ئەو ئایەتەی خوێندۆتەوە : {أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِيْنَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوْبُهُم ...} یانی (ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ بڕواداران کە دڵیان خاشیع بیٚ...) یەکسەر ووتویەتی: بەڵیٚ کاتی هاتووە ئەگەڕێتەوە شەو ئەچێتە کەلاوەیەك ئەبیستیٚ هەندیٚ کەسی تیایە باسی ئەوە ئەکەن ئەڵێن تا بەیانی ئەکەینەوە ئەوجا چونکە فضیل لە سەر ڕێگەیە ! ئەڵیٚ بیرم کردەوە من بەشەو هەوڵی تاوان ئەدەم و بۆی ئەڕۆم کەچی خەڵکێکی موسڵمانیش هەن لەمن ئەترسن ! وا ئەزانم خوا منی بۆیە ناردووە بۆ ئەمانە تا بەخۆما بچمەوە خوایە من تەوبەم کرد وە بۆ تەوبەکەشم ئەبمە جیرانی ماڵی خوا لە کەعبە ئەمێنمەوە ! ئیتر بووە زانایەکی بەناو بانگ و پێشەوایەکی ئەهلی سوننەو جەماعەت وە لە یەکێك لەووتە جوانەکانی ئەفەرمویٚ: (مَنْ أَحَبَّ صَاحِبَ بِدْعَةٍ، أَحبَطَ اللهُ عَمَلَهُ، وَأَخْرَجَ نُوْرَ الإِسْلاَمِ مِنْ قَلْبِهِ، لاَ يَرْتَفِعُ لِصَاحِبِ بِدْعَةٍ إِلَى اللهِ عَمَلٌ، نَظَرُ المُؤْمِنِ إِلَى المُؤْمِنِ يَجلُو القَلْبَ، وَنَظَرُ الرَّجُلِ إِلَى صَاحِبِ بِدْعَةٍ يُورِثُ العَمَى، مَنْ جَلَسَ مَعَ صَاحِبِ بِدْعَةٍ لَمْ يُعْطَ الحِكْمَةَ) سير أعلام انبلاء 435/8 واتە: (ئەوەی خاوەن بیدعەیەکی خۆش بویٚ، خوا کردەوەکانی پوچەڵ ئەکاتەوەو ئەوەرێنیٚ، وە نوری ئیسلام لە دڵی دەرئەهێنیٚ، وە خاوەن بیدعە کردەوەی بەرز نابێتەوە، سەیر کردنی بڕوادار بۆ بڕوادار دڵ ڕووناك ئەکاتەوە، وە سەیر کردنی پیاویٚ بۆ خاوەن بیدعەیەك دڵ توشی کوێرەیی ئەکا، وە ئەوەی دانیشیٚ لەگەڵ خاوەن بیدعەیەك ئەوە حیکمەتی پیٚ نابەخشریٚ). ئەو پێشەوایە لە ساڵی 187 هـ وەفاتی کردووە رحمه الله.

عليهم وإن ظلموا، وإن جاروا" لأن ظلمهم وجورهم على أنفسهم، وصلاحهم لأنفسهم وللمسلمين) واته: (جا ئێمه فەرمانمان پێ كراوه بەوەی دوعای بۆ سەركردەكانمان بكەین بە چاك بوون، وە فەرمانمان پێ نەكراوە دوعایان لێ بكەین ئەگەر ستەمیش بكەن، وە ئەگەر لە حەقیش لا بدەن، چونكە ستەم و لە حەق لادانیان لە سەر نەفسی خۆیانە، وە چاك بوونیان بۆ نەفسی خۆیان و موسڵمانانە).

وە هاتووە لە كتابی (السنة لأبي بكر بن الخلال) كە پێشەوا احمد بن حنبل رحمه الله فەرمویەتی : (وَإِنِّي لَأَدْعُو لَهُ بِالتَّسْدِيدِ، وَالتَّوْفِيقِ، فِي اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَالتَّأْيِيدِ، وَأَرَى لَهُ ذَلِكَ وَاجِبًا عَلَيَّ) واته: (وە من دوعای بۆ ئیمام دەكەم بە حەق پێكان، وە مۆفەق بوون لە كارەكان، لە شەوو ڕۆژدا، وە دوعای بۆ ئەكەم خوا پشتیوانی بكات، وە وا ئەبینم بروام وایە ئەوە واجبە لەسەرم).

وە هەر لەو كتێبە لە أَبُو بَكْرٍ الْمَرُّوذِيُّ رحمه الله ئەگێڕێتەوە كە بیستویەتی لە احمد بن حنبل رحمه الله باسی خەلیفە –المتوكل– ی كردو ووتی : (إِنِّي لَأَدْعُو لَهُ بِالصَّلَاحِ وَالْعَافِيَةِ، وَقَالَ: لَئِنْ حَدَثَ بِهِ حَدَثٌ لَتَنْظُرَنَّ مَا يَحِلُّ بِالْإِسْلَامِ ) واته: (من دوعای بۆ دەكەم بە چاك بوون و سەلامەتی، وە فەرمووی: ئەگەر شتێك هاتە سەر خەلیفەو شتێكی لێهات ئەوجا ئەبینی چی دێتە سەر ئەهلی ئیسلام).

سبحان الله! سەیر بكەن چۆن زانایانی ئەهلی سوننە ئەزانن نەمانی سەرۆك فیتنەی لێ دەبێتەوە ئەوە نیە عیبرەت لە واقیعی خۆمان ببینن ئایا سەرۆكێكی ستەمكار باشتر نەبوو لە فەوزاو خوێن ڕشتن و ماڵ بەهەدەر دانی موسڵمانان و بێوەژن بونی ئافرەتان و یەتیم بوونی منداڵان و زەلیل بوونی پیاوان بۆ بێ بڕوایان!؟

وە پێشەوا أبو عثمان الصابوني[24] رحمە الله لە کتابی (عقيدة السلف أصحاب الحديث) دەفەرموێ : (ويرون الدعاء لهم بالإصلاح والتوفيق والصلاح وبسط العدل في الرعية) واتە: (وە ئەهلی سوننە بڕوایان وایە بەوەی دوعا بۆ ئیمامەکان —سەرکردەکان— بکەن بەوەی چاکسازی بکەن وە دوعای مۆفەق بوون و چاك بوون وە بڵاو کردنەوەی عەدالەت لە نێو خەڵکی ژێر دەستیان).

وە پێشەوا أبو بكر الإسماعيلي [25] رحمە الله لە کتابی (إعتقاد أئمة الحديث) دەفەرموێ : (ويرون الدعاء لهم بالصلاح والعطف إلى العدل ) واتە: (وە پێشەوایانی فەرموودە بڕوایان وایە کە دەبێ دوعا بکرێ بۆ سەرکەردەکان بە چاك بوون و بوونی سۆز بۆ عەدالەت).

وە شێخی ئیسلام ابن تیمیة رحمە الله لە دوای ئەوەی باسی گرنگی بونی سەرۆك دەکاتن دەفەرموێ: (وَيُقَالُ {سِتُّونَ سَنَةً مِنْ إمَامٍ جَائِرٍ أَصْلَحُ مِنْ لَيْلَةٍ وَاحِدَةٍ بِلَا سُلْطَانٍ} . وَالتَّجْرِبَةُ تُبَيِّنُ ذَلِكَ. وَلِهَذَا كَانَ السَّلَفُ – كَالْفُضَيْلِ بْنِ عِيَاضٍ وَأَحْمَد بْنِ حَنْبَلٍ وَغَيْرِهِمَا – يَقُولُونَ: لَوْ كَانَ لَنَا دَعْوَةٌ مُجَابَةٌ لَدَعَوْنَا بِهَا لِلسُّلْطَانِ) مجموع الفتاوى 391/28 واتە: (وە ووتراوە کە {بونی شەست ساڵ ئیمامێکی ستەمکار و لەحەق لادەر چاکترە لە یەك شەوی کە ئیمام و دەسەڵاتدار نەبێت}. وە تەجروبەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە. لەبەر ئەوە سەلەف —وەك فُضَيْل بْنِ عِيَاضٍ وَ أَحْمَد بْنِ حَنْبَلٍ وە غەیری وان— ئەیان ووت: ئەگەر دوعایەکی گیرابوومان هەبوایە ئەوە دوعامان پێی دەکرد بۆ دەسەڵاتدار).

---

[24] پێشەوا أبو عثمان اسماعيل بن عبد الرحمن بن أحمد بن اسماعيل بن ابراهيم ابن عائذ الصابوني لە ساڵی 372 هـ لە دایك بووە وە لە ساڵی 449 هـ وەفاتی کردووە رحمە الله.

[25] پێشەوا أبو بكر أحمد بن إبراهيم بن إسماعيل بن العباس بن مرداس الإسماعيلي الجرجاني لە ساڵی 277 هـ لە دایك بووە وە لەساڵی 371 هـ وەفاتی کردووە رحمە الله.

سبحان الله! ئەفەرمویٚ تەجروبە ڕونی کردۆتەوە کە یەك شەو بیٚ ئیمام فەسادی زیاترە لە شەست ساڵ ئیمامی ستەمكار!

بۆتان دەرکەوت لەو ووتانەی پێشەوایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت کە دوعا بۆ سەرۆکی وڵات لە ڕێگای ئەهلی سوننەت و جەماعەتە! وە ئەو قسە بەتاڵەی بیدعە چیەکانیشتان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە ئەڵێن تەنها ووتەی فُضَيْل بْنِ عِيَاضٍ رحمه الله لەو بارەیەوە هەیە! نا وەك بینیتان ئەوە بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەیەو هەموو پێشەواکان لەسەرینە وە ئەوەندە ووتەیەی نەقلّم کردووە بەسە بۆ ئەو کەسەی کەسە!

## ئێستا بێمە سەر باسی مەدخەلی بۆچی حیزبی وتەکفیریەکان بەسەلەفیەکان دەڵێن مەدخەلی!؟

### شێخ ربيع بن هادي بن محمد عمير المدخلي كێیە؟

لە ساڵی 1351 ی هیجری لە دایك بووە تەمەنی ئێستا لە دەوری هەشتا ساڵە خوای بەرز تەمەن درێژی بکات بۆ خزمەتی ئیسلام هەر لە منالّیەوە دەستی کردووە بە خوێندنی زانستی شەرعی وە دەرسی خوێندووە لای شێخ حافظ الحكمي وە احمد بن يحيى النجمي وە محمد امان الجامي وە محمد ناصر الدين الالباني وە محمد امين الشنقيطي وە عبد المحسن العباد وە زۆر زانای بەڕێزی تر وە پلەی دکتۆرای هەیە لە زانستی شەرعی وە خاوەنی کۆمەڵێك کتابی زۆرە وە زۆر لە کتابەکانی ڕەددە لە سەر ئەهلی بیدعە وەزۆر بەتوندی نەهی لە تەقلیدی کوێرانە ئەکات ئێستا نەخۆشەو پیر بووە داوا لەخوا ئەکەم بیپارێزیٚ و شیفای بۆ بنێریٚ .

## بۆ حیزبی و تەكفیریەكان ڕقیان ئەبێتەوە لە شێخ ربیع بن هادی المدخلي وە بەسەلەفیەكان دەڵێن مەدخەلی!؟

لەبەر ئەوەی شـێخ ربیـع المـدخلي[26] هەڵساوە بـە ڕەد دانـەوەی بیدعـەی حیزبایەتی و ڕەددی پێشەواكانیان ئەداتەوە وەك سـید قطـب و حـسن بنـا و غەزالی و ئەمانی تر وە ڕەددی ئـەوە دەداتـەوە كـە موسـڵمانان بـە ناحـەقی كافر بكرێن! وە ئەڵێ نابێ تەقلیدی كوێرانەی پێـشەوا موبتەدیعـەكان بكـرێ وە نابێت تەنانەت تەقلیـدی زانایـانی ئـەهلی سـوننەش بكـرێ بـە كـۆرەیی و دەمـار گیریمـان هـەبێ بۆیـان! وە ڕەددی سـید قطـب ی داوەتـەوە لـەوەی ئاشكرای كردووە كە سید قطب بێڕێـزی بەرامبـەری پێغەمبـەری خـوا موسـی علیه السلام كردووە هەروەها تەعنەی داوە لە عثمان بن عفان رضـي الله عنـه كـە فریـشتەو پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وعلـی الـه وسـلم شـەرمیان لێكردووە سـید قطـب شـەرمی لێنـەكردووە! وە زۆر بیدعـەی گـەورەی تـری ئاشكرا كردوون لە كتابەكانی خۆیـان! حیزبیـەكانیش فێـری ئـەوە بـوون كـە دەمارگیریان هەیە بۆ پێشەواكانیان بۆیە بێ ئەوەی سەیری بەڵگـەكانی ربیـع المدخلي بكەن كە بەڵگـەی پێیـە بـۆ ڕەددەكـانی بۆختانیـان بـۆ ناكـا بـەڵكو ئامـاژە بـە بیدعـەو هەڵـەكانیان ئـەكات لـە كتابـەكانی خۆیـان كتابـەكانیش مـەوجودە! بـەڵام حیزبایـەتی مـرۆڤ كـۆرە ئـەكات! بیدعـەش بكەوێتـە دڵ

---

[26] من دەمار گیریم نیە نە بۆ شێخ ربیع بن هـادي المـدخلي نـە بـۆ هـیچ زانایـەكی تـر وە شـێخ ربیـع المدخلي وەك زاناكانی ترە معـصوم نیـەو هەڵـەش ئـەكات و قـسەی وەردەگیرێـو ڕەد ئەكرێتـەوە وەك پێشەوا مالك بن انس رحمه الله فەرمویەتی: (كـل یؤخـذ مـن قولـه ویـرد الا صـاحب هـذا القبر) هـەموو كەسێ قسەی وەردەگـیرێ وە قـسەشی ڕەد دەكرێتـەوە تـەنها خـاوەنی ئـەو قـەبرە نـەبێ –مەبەسـت پێغەمبەرە صلی الله علیه وعلی اله وسلم–. لەبەر ئەوە ئاساییە من لە هـەموو شـتێك موافەقـەی شـێخ ربیع نەكەم وەك ئەوەی تەجریح كردنی هەندێ كەس ئەكا زانایـانی تـر موخالەفـەی دەكـەن ئەگـەر مـن قسەی زانایانی تر وەربگرم ئاساییە چونكە ئێمەی سەلەفی تەقلیدمان بۆ كـەس نیـە بـەڵكو دوای بەڵگـە ئەكەوین بەڵام ڕێزی زانایانمان ئەپارێزین.

دەمارگیریش دروست ئەکات! بۆیە ئەم حیزبیانە هەڵساون بە تەعنەدان لە شێخ ربیع المدخلي وە لە زانایانی سەلەفی بەگشتی هەر جارەی بوختانێکیان بۆ ئەکەن و بەجۆرێك تەعنەیان لێئەدەن جاریٚ بە موخابەرات و جاریٚ بە عەمیل جاریٚ بە نیفاق و کوفر!!! وە سەلەفیەکان بەوە تۆمەتبار ئەکەن دەڵێن مەدخەلین! خۆ سەلەفیەکان فەرقیان لەگەڵ حیزبەکان ئەوەیە کە سەلەفی تەقلیدی کەس ناکەن بە کوێرەیی وە دەمارگیریان بۆ کەس نیە لە پاش پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بەڵام حیزبییەکان تاوانی خۆیان ئەگرنە سەلەفیەکیان خۆیان دەمارگیریان هەیە بۆ پێشەواکانیان نەك سەلەفیەکان! سەلەفیەکان ئەڵێن ربیع بن هادي المدخلي زانایەکە وەك زاناکانی تری ئەهلی سوننە دەمار گیریمان نابیٚ بۆ کەس بیٚ وە لە مەنهەجی سەلەفی نیە کە بانگەواز بۆ هیچ شەخسێك بکریٚ تا شوێنی بکەوین تەنها پێغەمبەری خوا نەبیٚ صلی الله علیه وعلی اله وسلم! بەڵام پەنا بەخوا لە بوختانی ئەهلی بیدەع! من دێم ئێستا ئەوەتان بۆ ڕوون ئەکەمەوە کە زانایانی سەلەفی وەك ابن باز و الباني و ابن عثيمين رحمهم الله چۆن مەدحی ربیع بن هادی المدخلي دەکەن، کە ئێمە لەسەرمانە شاهێدی زانایانی ئەهلی سوننە وەربگرین کە خوای بەرز شاهێدی وانی هێناوەتە ڕیزی شایەتی خۆی لەگەڵ فریشتەکان : ﴿شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (18)﴾ آل عمران. وە نابیٚ شاهێدی ئەهلی بیدعەو ڕق هەڵگران لە پێشەوایانی سوننەت وەربگرین!

## پێشەوا عبد العزيز ابن باز رحمه الله:

پرسیار کرا لە پێشەوا ابن باز رحمە الله دەربارەی شێخ ربیع بن هادی المدخلي وە شێخ محمد امان الجامي رحمه الله لە وەڵام فەرموی: (بخصوص صاحبي الفضيلة الشيخ محمد أمان الجامي والشيخ ربيع بن هادي المدخلي،

**كلاهما من أهل السنة، ومعروفان لدي بالعلم والفضل والعقيدة الصالحة**، وقد توفي الدكتور محمد أمان في ليلة الخميس الموافقة سبع وعشرين شعبان من هذا العام رحمه الله، **فأوصي بالإستفادة من كتبهما**، نسأل الله أن يوفق الجميع لما يرضيه وأن يغفر للفقيد الشيخ محمد أمان وأن يوفق جميع المسلمين لما في رضاه وصلاح أمر عباده إنه هو السميع قريب) (شريط الأسئلة السويدية).

واته : (تایبەت بە دوو یاوەرم شێخی پایەدار محمد امان الجامي وە شێخ ربيع بن هادي المدخلي، هەردوكیان لە ئەهلی سوننەن، وە ناسراون لام بە علم و فەزڵ وە عەقیدەی چاك، وە دكتور محمد امان الجامي مردووە لە شەوی پێنج شەممەی موافیق بە بیست و حەوتی شەعبان لەو ساڵە رحمه الله، جا وەسیەت ئەكەم بە سوود وەرگرتن لە كتابەكانیان، داوا لە خوا ئەكەین هەموو لایەك مۆفەق بكات بۆ ئەوەی خۆی پێی ڕازی ئەبێ وە لە شێخی لە دەست چوومان محمد امان الجامي خۆش بێت وە هەموو موسڵمانان مۆفەق بكات بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خوای تیایە وە چاك بوونی كاری بەندەكانی خوای تیایە بێگومان خوا خۆی بیسەرو نزیكە).

وە هەر پێشەوا ابن باز رحمه الله فەرمووی: (الشيخ ربيع من خيرة أهل السنّة والجماعة، ومعروف أنّه من أهل السنّة، ومعروف كتاباته ومقالاته)(شريط بعنوان ثناء العلماء على الشيخ ربيع–تسجيلات منهاج السنة–). واته : ( شێخ ربيع لە خێرترینی ئەهلی سوننەو جەماعەیە، وە ناسراوە كە ئەو لە ئەهلی سوننەیە، وە كتابەكان و مەقالەكانی ناسراوە).

**پێشەوا محمد ناصر الدين الالباني رحمه الله :**

لە كاسێتی (لقاء ابي الحسن المأربي مع الالباني) پرسیاری شێخ مقبل بن هادي الوادعي رحمه الله وە شێخ ربيع بن هادي المدخلي لە الباني كرا رحمه الله كە هەندێ كەس گومانیان هەیە ئەو دوو شێخە لەسەر ڕێگای سەلەف بن

الباني رحمه الله فەرمووی : (نحن بلا شك نحمد الله –عز وجل– أن سخر لهذه الدعوة الصالحة القائمة على الكتاب والسنة على منهج السلف الصالح، دعاة عديدين في مختلف البلاد الإسلامية يقومون بالفرض الكفائي الذي قل من يقوم به في العالم الإسلامي اليوم، **فالحط على هذين الشيخين الشيخ ربيع والشيخ مقبل الداعيين إلى الكتاب والسنة، وما كان عليه السلف الصالح ومحاربة الذين يخالفون هذا المنهج الصحيح هو كما لا يخفى على الجميع إنما يصدر من أحد رجلين : إما من جاهل أو صاحب هوى.** الجاهل يمكن هدايته " لأنه يظن أنه على شيء من العلم، فإذا تبين العلم الصحيح اهتدى.. أما صاحب الهوى فليس لنا إليه سبيل، إلا أن يهديه الله ـ تبارك وتعالى ـ فهؤلاء الذين ينتقدون الشيخين ـ كما ذكرنا ـ**إما جاهل فيُعلّم، وإما صاحب هوى فيُستعاذ بالله من شره، ونطلب من الله –عز وجل– إما أن يهديه وإما أن يقصم ظهره**). واتە : ( ئێمە بێگومان سوپاسی خوای عز وجل دەكەین كە تەسخیری كردووە بۆ ئەو بانگەوازە چاكە كە لەسەر كتاب و سوننەتە لەسەر مەنهەجی سەلەفی صالح، چەندین بانگەواز كاری تەسخیر كردووە لە وڵاتە جیا جیاكانی ئیسلامی كە هەڵدەستن بە فەرزی كیفائی ئەوەی كە كەم كەس هەن پێی هەڵدەستن لە جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ، جا بەكەم گرتن و قسە ووتن بەو دوو شێخە شێخ ربیع وە شێخ مقبل كە بانگەوازكارن بۆ كتاب وسوننەت، وە ئەوەی سەلەفی صالح لە سەری بوون وە دژایەتی كردنی ئەوانەی كە پێچەوانەی ئەو مەنهەجە ڕاست و دروستەیە ئەوە وەك وون نیە لە هەموان لە دوو لەو پیاوانە دەردەكەوێ : یان لە كەسێكی جاهیل یان خاوەن هەوا . جاهیل دەكرێ حەقی نیشان بدرێ و ڕێنمایی بكرێ چونكە ئەو گومان دەبات كە لەسەر شتێك لە علمە، جا علمی ڕاست ودروستی بۆ ڕوون بۆوە دەستی پێوە ئەگرێ هیدایەت وەرئەگرێ. بەڵام خاوەنی هەوا ئەوە ئێمە ڕێگەمان بۆی نیە–كە

ڕێنمایی بكەین– ، ئیللا ئەگەر خوای تبارك وتعالى هیدایەتی بدات جا ئەوانەی كە ڕەخنەی لەو دوو شێخە دەگرن وەك باسمان كرد یان جاهیلە فێر ئەكرێ، وە یان خاوەنی هەوایە جا ئەوە لەو پەنا بەخوا دەگیرێ لە شەڕی ئەو خاوەن هەوایە، وە داوا لە خوای عز وجل ئەكەین یان هیدایەتی بدات وە یان پشتی بشكێنێ).

جا بۆ مامۆستای ئاخیر زەمان و شوێنكەوتەكانی ئەگەر ئێوە جاهیلن! ؟ ئەوە پێمان ووتن ئەوە زانایەكی ئەهلی سوونەیە! ئەگەر خاوەنی هەوان! ؟ ئەوە دوعاكەی شێخ ئەلبانی ئەكەین و ئەڵێین امین.

## پێشەوا محمد بن صالح العثیمین رحمه الله:

پێشەوا محمد بن عثیمین رحمه الله پرسیاری لێكرا دەربارەی شێخ ربیع المدخلي (شريط الأسئلة السويدية) فقال :" أما بالنسبة للشيخ ربيع فأنا لا أعلم عنه إلا خيراً **والرجل صاحب سنة وصاحب حديث**". واتە : (ئەمما بەنیسبەتی شێخ ربیع ئەمن هیچ نازانم دەربارەی تەنها خێر نەبێت وە ئەو پیاوە خاوەنی سوننەتە وە خاوەنی حدیث ە).

ئەوەی دەیەوێ با بچێتە سەر ئەو كتابە تا بزانێ زانایانی سەلەفی هەڵوێستیان چیە دەربارەی ربیع بن هادی المدخلي ئێرە داگرن بۆ ئەوەی ووتەی زانایانی ئەهلی سوننە زیاتر ببینن دەربارەی ئەو شێخە بەڕێزە خوا بیپارێزێ لەگەڵ هەموو زانایان

http://www.salafikurd.com/Files/pdf/kwtwbtaza/radequtbyakan/althanaalbade33alarabe3.doc

ئەمە ئەلبانی وە ابن باز و ابن عثیمین رحمهم الله ئاوها مەدحی ربیع بن هادی المدخلي ئەكەن جا پاش ئەوە قسەی حیزبی و تەكفیریەكان قیمەتی نیە لای ئێمە! وە لەگەڵ ئەوەش ئەو شێخە بەلامانەوە بەڕێزەو بەرگری كردووە لە سوننەت و بۆتە دڕكی چاوی دوژمنانی سوننەت بەڵام ئێمە بانگەوازمان بۆ

ئــەو شــێخە نیــە بــەڵكو مەنهــەجی ســەلەف تــەنها خــوا پەرســتی و تــەنها شوێنكەوتنی پێغەمبەرە ! وە ئەو زانایەش ناگاتە پلەی پێشەوا ئەلبانی و ابن باز و ابن عثیمین و محمد بن عبد الوهاب وابن تیمیة و احمد بن حنبـل رحمهـم الله كە ئێمە تەقلیدی ئەوانـە ناكـەین چ جـای بـێین تەقلیـدی ربیـع بـن هـادی المـدخلي بكــەین! بــەڵام حیزبیــەكان و تەكفیریــەكان بــە بوختــان و درۆ هەڵبەستان دەیانەوێ ڕەواج بدەنە بضاعەكەیان –كە بیری خەواریجە– بەس بە پـشتیوانی خـوا ئـەهلی سـوننە زینـدون و ڕیـسوایان ئەكـەن و ئاشـكرایان ئەكەن و پەردەی لەسەر باتڵەكانیان ڕادەماڵن!

## هەڵوێستی ئەهلی سوننەو جەماعەت چۆنە بەرامبەری زانـایان :

زانایان پلەی بەرزیان هەیە لە ئیسلام چونكە میراتگری پێغەمبـەرن صـلی الله علیه وعلی اله وسلم خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّـذِينَ يَعْلَمُـونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَـابِ﴾ الزمـر 9 واتـە : (بلـێ ئایـا وەك یەكن ئەوانەی كە ئەزانن وە ئەوانەی كە نازانن –یانی وەك یەك نـین بـە هـیچ شێوەیەك– بێگومان تەنها ئەوانە بیر ئەكەنـەوەو سـوود لـە ئایەتـەكانی خـوا وەردەگرن كە خاوەنی عەقڵ و ژیرین).

وە دەفەرموێ : ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِـنْكُمْ وَالَّـذِينَ أُوتُـوا الْعِلْـمَ دَرَجَـاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ المجادلة 11 واتە : (خوا پلەی ئەوانە بەرز ئەكاتـەوە كە بڕوایان هێناوە لە ئێوە وە ئەوانەی علمیان پێدراوە بـە چـەندین پلـە–لـە دونیاو قیامەت–).

وە پێغەمبەر صلی الله علیه ووعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (من یرد الله به خیرا یفقهه في الدین ) رواه البخاري ومسلم واتە : (ئەوەی خوا بیـەوێ خـەیری پـێ ببەخشێ ئەوە شارەزای ئەكات لە دین).

وه پێغەمبەر صلى الله علیـه وعلـى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : (مـن سـلك طريقـا يلتمس فيه علمـا سـهل الله لـه طريقـا إلى الجنـة وإن الملائكـة لتـضع أجنحتهـا لطالب العلم رضا بمـا يـصنع وإن العـالم ليـستغفر لـه مـن في الـسموات ومـن في الأرض حتى الحيتان في الماء وفضل العالم على العابد كفضل القمر على سـائر الكواكب وإن العلماء ورثة الأنبياء إن الأنبياء لم يورثوا دينـارا ولا درهمـا إنمـا ورثوا العلم فمن أخذه أخذ بحظ وافر ) صحيح الترغيب والترهيـب 70. واتـه : (ئـەوەی ڕێگایـەك بگـرێ بـۆ ئـەوەی زانـستێك لێـوەی وەربگـرێ ئـەوە خـوا ڕێگایەکی بۆ ئاسـان ئـەکات بـۆ بەهەشـت وە بـە تەئکیـد فریـشتەکان باڵیـان دائەنێن بۆ داواکاری زانست لەبەر ڕەزایان بۆ ئەوەی ئەیکات لەداوای زانـست وە بە تەئکید کەسی زانا داوای لێخۆشبونی بۆ ئەکات هەرچی لە ئاسمانەکانە وەهەرچی لە سەر زەویە هەتا ماسی لە ناو ئاو وە فەزڵی زانا بەسەر کەسێکی خوا پەرست –کەزانا نەبێ– وەك فەزڵی مانگـە بەسـەر ئەسـتێرەکانی تـر وە بێگومـان زاناکـان میراتگـری پێغەمبـەرانن بـە تەئکیـد پێغەمبـەران دینـارو درهەمیان بە میرات جێنەهێشتووە بـەڵکو زانـستیان بـە مـیرات جێهێـشتووە جائەوەی ئەو زانستە وەرگـرێ ئـەوە بەشـێکی زۆرو تـەواوی وەرگرتـووە لـە هەموو ڕوێکەوە).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (ليس منـا مـن لم يجل كبيرنا و يرحم صغيرنا ! و يعرف لعالمنا حقـه) صـحيح الجـامع 5443 واتـە : (لـە ئێمـە نیـە ئـەوەی کـە ڕێـزی گـەورەکانمان نـەگرێ وە رەحـم بـە بچوکەکانمان نەکات! وە مافی زانامان نەزانێ).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ الحج 38 واتە : (بێگومان خوا بەرگری ئەکات لە بڕواداران). ئەو بەرگریە بەشی زانایانی زیاتر

تێدا لە هەموو بڕوادارێك چونکە بڕوای زانایان بێگومان بەهێز ترە لە خەڵکی نەزان!

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه ووعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إن الله تعالى قال : من عادى لي وليا فقد آذنته بالحرب) رواه البخاري واته : (بە تەئکید خوای بەرز فەرمویەتی : هەر کەسێك دژایەتی یەکێك لە وەلیەکانی من بکات ئەوە من ئیعلانی شەڕی لە گەڵ ئەکەم). وەلی خوا–بڕوادارو تەقوادارە کە زاناکان لە هەموو کەس تەقوادار ترن– وەك خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ فاطر 28 واته : (بە تەئکید بەندە زاناکان لە خوا ئەترسن).

پێشەوا نەوەوی رحمه الله لە کتابی التبيان في اداب حملة القران دەڵێ : پێشەوا شافعی و ابو حنيفة رحمهم الله فەرمویانە : (إن لم يكن العلماء أولياء الله فليس لله ولي) واته : (ئەگەر زاناکان وەلی خوا نەبن ئەوە خوا وەلی نیە).

بەهەر حاڵ ئەوەی دژایەتی زانایانی ئەهلی سوننە بکات بزانێ خوای بەرز بەرگری لە زانایان ئەکات وەك لەو فەرموودە بینیمان، وە خوای بەرزیش ئەفەرموێ : ﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾ الاحزاب 58 واته : (ئەوانەی ئەزیەتی بڕواداری پیاو یان ئافرەت ئەدەن بە شتێك تۆمەتباریان ئەکەن کە نەیانکردووە ئەوە بوختانێك و تاوانێکی ئاشکرایان هەڵگرتووە–کردووە–).

وە چەندین ئایەت و فەرموودەی تر هەن لە فەزڵی زانست و زانایان و زەمی ئەوەی دژایەتیان بکات ومافیان نەزانێ.

پێشەوا بوخاری لە سەحیحەکەی ئەڵێ : (بَاب قَوْلِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ يُقَاتِلُونَ وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ) واته : (باسی فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم بەردەوام

كۆمەڵێك لە ئوممەتی من ئاشكران ودیارن لەسەر حەق شەڕ ئەكەن **ئـەوانیش ئەهلی علم ن)**. ئەوە پێشەوا بوخاری رحمە اللە ئەفەرموێ ئەو كۆمەڵە ئەهلی علم ن جا ماڵ وێرانی ئەو كەسەی دژایەتیان بكات!

لە شوێنێكی تر دەفەرموێ : (بَاب قَوْلِهِ تَعَالَى { وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَـطًا } وَمَا أَمَرَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِلُـزُومِ الْجَمَاعَـةِ وَهُـمْ أَهْـلُ الْعِلْـمِ) واتـە : ( باسی فەرموودەی خوای بەرز { وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا } –ئاوها ئێوەمان كردۆتە ئوممەتێكی مامناوەند– وە ئەوەی پێغەمەمبەر صلی اللە علیـە وعلـی الە وسلم فەرمانی پێكردووە بە دەست گـرتن و لەگـەڵ بـوونی جەماعـەت **وە ئەوانیش ئەهلی علم ن )**.

یانی ئەوەی لەگەڵ زانایان بێت ئەوە لـە گـەڵ جەماعەتـە ئـەوەی دژیـان بـێ ئەهلی تەفریقەیە خـوا بمـان پـارێزێ لـە ئـەهلی بیدعـەو تەفریقـە لـە زمـان و شەڕیان بمانپارێزێ وە لەگومانەكانیان بمانپارێزێ! ! !

پێشەوا طحاوي رحمە اللە لە عەقیدەی طحـاوي ئەفـەرموێ : (وعلمـاء الـسلف من السابقين ومن بعدهم من التابعين أهـل الخـير والأثـر وأهـل الفقـه والنظـر لا يـذكرون إلا بالجميـل ومـن ذكـرهم بـسوء فهـو علـى غـير الـسبيل) واتـە : (وە زانایانی سەلەف لە پێشكەوتوەكان وە ئەوانەی دوایـان لـە شـوێنكەوتوەكان ئەهلی خێرو ئەسەر وە ئەهلی فیقه و تێگەیشتنو ئیجتیهاد ئەوانە باس ناكرێن ئیللا بە جوانی نەبێت وە ئەوەی بە خراپە باسیان بكات ئەوە لەسەر ڕێگـا – ڕێگای ئەهلی سوننەو جەماعەت– نیە).

وە ابو حاتم الرازي رحمە اللە دەفەرموێ : (علامـة اهـل البـدع الوقيعـة في اهـل الاثر) واتە : (نیشانەی ئەهلی بیدعە قسە وتنیانە بـە ئـەهلی ئەسـەر). بـەڵێ ویستتان ئەهلی بیدەع بناسن ئـەوە یەكـسەر بـەوە ئەناسـرێنەوە قـسەی بـە زانایانی ئەسەر ئەڵێن!

وە احمد بن سنان القطان رحمه الله دەفەرموێ : (ليس في الدنيا مبتدع الا وهو يبغض أهل الحديث) واتە : (لە دونیا موبتەدیعێك نیە ئیللا ئەوهایە ئەو ڕقی لە ئەهلی حەدیس ئەبێتەوە).

ابو عثمان اسماعيل الصابوني رحمه الله دەفەرموێ : (وعلامات البدع على اهلها بادية ظاهرة ، واظهر اياتهم وعلاماتهم شدة معاداتهم لحملة اخبار النبي صلى الله عليه وسلم، واحتقارهم لهم، واستخفافهم بهم) واتە : (وە نیشانەكانی بیدعە لەسەر ئەهلی بیدعە دیارەو ئاشكرایە، وە ئاشكرا ترین ئایەت و نیشانەیان كە پێی دەناسرێن توندی دژایەتی كردنیانە بۆ هەلگرانی هەواڵەكانی–فەرموودەكانی– پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم، وە بە چاوی كەم سەیكردنیان بۆیان، وە بەكەم زانینیان و بەكەم گرتنیان بۆیان).

ئەو سێ ئەسەرەم وەرگرتووە لە كتابی لم الدر المنثور من القول الماثور في الاعتقاد والسنة صفحة 85و86 الطبعة الاولى دار المنهاج ئەویش وەری گرتووە لە سەرچاوەكانی خۆی وەك عقيدة السلف اصحاب الحديث وە شرف اصحاب الحديث وە تذكرة الحفاظ وە چەند سەرچاوەیەكی تر ئەم كتابە زۆر بەسوودە هەوڵ بدەن بیخوێننەوە.

وە پێشەوا محمد بن صالح العثيمين رحمه الله لە شەرحی لمعة الاعتقاد دەفەرموێ : (لاهل البدع علامات منها:

1– انهم يتصفون بغير الاسلام والسنة بما يحدثونه من البدع القولية والفعلية والعقدية.

2– انهم يتعصبون لارائهم فلا يرجعون الى الحق وان تبين لهم .

3– انهم يكرهون ائمة الاسلام والدين .) شرح لمعة الاعتقاد 161 الطبعة الثالثة مكتبة اضواء السلف. واتە : (بۆ ئەهلی بیدەع چەند نیشانە هەن لەوانە:

1- ئەوان وەسف ئەكرێن بە غەیری ئیسلام و سوننەت بەوەی كە دایئەهێنن لە بیدعەی قەولی و فیعلی و عەقیدەیی.

2- ئەوان دەمارگیریان هەیە بۆ راكانی خۆیان ناگەڕێنە بۆ حەق ئەگەریش بۆیان ڕوون بێتەوە.

3- ئەوان ڕقیان لە پێشەوانی ئیسلام و دین ئەبێتەوە).

**لێرە بە پێویستی ئەزانم ئەو باسەتان بیر بخەمەوە: ئاگادار بین لە (تەكەببورو فەلسەفەی ڕەد كردنەوەی حەق):**

بە داخەوە كەسانێكی نەفام و نەشارەزا یان شارەزا بەلاّم دوای ئارەزوو ئەكەون ئەگەر ڕەدیان بەیتەوەو هەڵەیان بۆ ڕاست كەیتەوە لە جیاتی ئەوەی ملكەچی حەق بن دێن كۆمەڵێ تانەو تەشەری ناڕەوات تێ ئەگرن! وە خۆیان بە گەورە دێتە بەرچاو وائەزانن هەر ئەوان ئەتوانن خزمەتی ئیسلام بكەن! نازانن ئەوان دوورن لە ئیسلامی ڕاستەقینە، لە جیاتی بڵاو كردنەوەی قورئان و فەرموودەی سەحیح خەریكی گێڕانەوەی خەون و خورافات و بیدعەن! وە كە ئەم بیدعانەشیان بۆ خەڵك ڕوون كەیتەوە ئەوە ئەڵێن بابە تۆ چیت كردووە بۆ ئیسلام!؟ كوا ڕەددی علمانیەكانت داوەتەوە؟! كوا ڕەددی ئەوانەت داوە سوكایەتیان بە قورئان كرد؟! وە كوا چیت كردووەو چی؟![◆] وا ئەزانن ئەوان خۆیان خزمەتی ئیسلام ئەكەن! نازانن ئیسلام بە بیدعەو خورافات خزمەت ناكرێ بەڵكو ئەوە ئەبێتە هۆی لاوازی موسڵمانان و گاڵتە پێكردنی كافران! بەهەر حاڵ من ئامۆژگاریم بۆ خۆم و ئەو جۆرە كەسانە

---

[◆] الحمد لله سەلەفیەكان ڕەددی هەموو باتڵێك ئەدەنەوەو قبوڵی ناكەن وە شاهێدیش كتاب ودەرسەكانیانە كە مەوجودە بەلاّم ئێمە خۆ هەڵناكێشین بەوەی چاكەی خۆمان بۆ خەڵك باس بكەین و بیكەینە منەت بەسەر خەڵك و بیانچەوسێنینەوە بەناوی ئەوەی ئێمە خزمەت ئەكەین! بەداخەوەش حیزبیەكان ڕەددی مولحیدەكانیان بەوە دایەوە دەستیان خستە ناو دەستی شوعی و هاوبیرانیان ودەنگی ئینتیخابیان بۆ كۆ دەكردنەوە!!!

ئەوەیە ئەڵێم موسڵمان بەدوای حەق ئەکەوێ وە حەق قبوڵ ئەکاو دانی پێدا ئەنێ تەنانەت ئەگەر لە جولەکەیەکیش حەق ببیستێ ئینکاری ناکا لێی! وە ڕەد کردنـــەوەی حـــەق خـــۆ بەگـــەورە زانینـــەو ســـیفەتی شـــەیتان و شوێنکەوتەکانیەتی! ئەگەر ئەو حەقە لە کەسێکی لـەخۆمان بـچوکتر و کـەم خزمەت تریش بێ ڕەد کردنەوەی تەکـەببورە! بۆیەشـە سـزاکەی گەورەیـەو ئەوەی میسقالە زەررەیەك تەکەببوری لە دڵ بێ هەڕەشـەی لێکـراوە بـەوەی ناچـێتە بەهەشـت! وە بـزانین هـەر چاکەیەکمان هـەبێ لای خـوا وون نـابێ پێویـستی بـە خـۆ دەرخـستن نیـە! بـە داخـەوە کەسـانێك هـەن لـە جیـاتی وەرگـرتنی حـەق هـەر بـەوە ناوەسـتن کـە ئـەو حەقـە وەرنـاگرن بـەڵکو خاوەنەکەی تۆمەتبار ئەکەن و ناوونـاتۆرەی بـۆ هەڵدەبەسـتن! ئـەڵێن خـۆی دەرئەخاو مەبەستی ڕیایە! یان ئەڵێن تۆ چیت کردووە کوا بۆ ئەوەت نەکردو ئەمەت نەکرد یانی تۆ بۆ ڕەخنەمان لێئەگری کە وەك ئێمەش خزمەتت نیە!؟ وە کە ئامۆژگاریـەکی بکـەی لـەوەی هەڵەیـەکی کـردووە هـەر چـەندەی ئـەو هەڵەیە گەورەش بێ! کە بڵاوی کردۆتەوە بە نوسین یـان بـە شـێوەیەکی تـر بڵاوی کردۆتەوە، کە ئاگاداری بکەیتەوە لـەو هەڵـەو ڕەددی بەیتـەوە، ئـەوە قەلس ئەبێ، ئەڵێ بۆ بەخۆمت نەوت، بۆ بە ئاشکرا ئامۆژگاریت کردم -لەگەڵ ئـەوەی کەهەڵـە بـڵاو بێتـەوە واجبـە ڕەددەکەشـی بـڵاو بێتـەوە ئەگـەر تـۆ هەڵەیەکت بەس بۆ خۆت بێ ئەو کات حەقتە ئەم قسەیە بکەی- وە چـەندین تانەت تێ ئەگرێ، بە سوکی ناوت ئەبا، وە بەڕیایی کردن تۆمـەتبارت ئـەکا! ئەتشکێنێتەوە بەوەی تۆ چیت کردووە بۆ ئیسلام!؟ وەك ئەوەی ئـەو خـۆی خزمەتی ئیسلامی کردبێ! نازانێ ئیسلام بە خورافات و بیدعە خزمەت ناکرێ بـەڵکو ئـەوە هـۆی لاوازی موسـلمانانە! کـە موسـڵمانان دوای ئـەو بیدعـەو خورافات و حیزبایەتیە کەوتوون و ئیسلامی ڕاستیان پـشت گـوێ خـستووە!

لەجیاتی بگەڕێنەوە بۆ قورئان و فەرموودەی سەحیح، خورافات و خەون و زەوق و بیدعەی سۆفی و خەواریج و موعتەزیلە بڵاو ئەکەنەوە! بەهەر حاڵ من لێرە ئامۆژگاریەکم هەیە بێ ناوهێنانی کەس بەڵکو پەندی لێ وەربگرین و لە بەرامبەری حەق ملکەچ بین، نەك حەق ڕەد بکەینەوە، لەبەر ئەوەی ڕقمان لە هەڵگرەکەیتی! وە بەئومێدی ئەوە کە خوای بەرز ئەم ئامۆژگاریە کورتە بکاتە هۆی ئەوەی ببێ بە شیفای ئەو کەسانەی نەخۆشی خۆ بەگەورە زانینیان هەیەو حەق ڕەد ئەکەنەوەو وەری ناگرن! وە با بزانین ئێمە لەسەرمانە هەر کەسێك موخالەفەی حەقی کرد ئەو موخالەفە ڕەد بکەینەوەو ملکەچ بین بۆ حەق نەك بێین ئەو فەلسەفەیە بکەین بڵێین ئەو کەسە پێشەوایەو خزمەتی ئیسلامی هەیە بۆیە نابێ ڕەددی هەڵەکەی بکەینەوە! وەك حیزبیەکان قەڵسن بە ڕەد دانەوەی بیدعەکانی سید قطب و سەرکردەو پێشەواکانیان! لەگەڵ ئەوەی ئەو بیدعانەیان بیدعەی گەورەن و خەتەری زۆرە بۆ موسڵمانان! بەڵام فەلسەفەی ڕەد کردنەوەی حەق بەکار ئەهێنن ئەڵێن تۆ چی ڕەخنە لەو ناودارانە ئەگری!؟ ئەوانە وایان کردو وایان کرد! وەڵامەکەی ئەی ئەوان چۆن ڕەخنەیان لە سەحابەی بەڕێز گرتووە!؟ بەڵکو تانەشیان لێداون! وە چۆن ئێوە تانە ئەدەن لە زانایانی ئەهلی سوننە بە ناحەقیش!؟ ئێمە بە حەق وەڵامی بیدعەو خورافاتی ئێوەو سەرکردەکانتان ئەدەینەوە ئەگەر شتێکیشمان وتیە موخالیف بێ بە حەق ئەوە فەرموو دەری خەن و بەڵگەی بخەنە ڕوو وە ئەگەر شتێکمان بۆیان هەڵبەستاوە ئەوە فەرموو ئینکاری بکەن و بە درۆمان بخەنەوە! بەڵام خۆتان باش ئەزانن کە ئەهلی سوننە لە هەموو کەس شارەزاترن بە حەق و نەرم ترو بە ڕەحم ترن بۆ خەڵك قەت نایەن وەك ئێوە بوختانی ناحەق بکەن بەرامبەری کەس و شتی بۆ هەڵبەستن بەڵکو لەگەڵ ئەو بیدعە گەورانەی تێی کەوتون و بڵاوی ئەکەنەوە،

ئـەهلی سـوننە لـە گـەڵتان بـە ڕەحمـن و بەدڵسۆزی نەسـیحەتتان ئەكـەن و حەقتان بۆ ڕوون ئەكەنەوە، خۆزگـە ئێـوەش بـە دڵـسۆزی وەرتـان بگرتایـەو ملكەچ بونایە بۆ حەق نەك بكەونە ئەو جۆرە فەلسەفانەوە كە ﴿مَا أَنْزَلَ اللَّـهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ﴾.

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ (206)﴾ البقرة واتە : ( وە ئەگەر پێی بوترێ تەقوای خوا بكە –لە خوا بترسەو خـۆت لـە سـزای خـوا بپـارێزەو واز لـە تـاوان بێنـە– ئـەوە دەمارگیری تـاوان ئـەیگرێ و خـۆ بەگـەورە ئـەزانێ تـەقوای خـوا ناكـا ئـەوە جەهەننـەمی بەسـە بـۆ سـزادانی وە جەهەننـەم خـراپترین ڕایەخـە بۆیـان – كەلەسەری ئەبن–).

وە پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـه وعلـی الـه وسـلم ئەفـەرموێ : ( إن أحـب الكلام إلى الله أن يقول العبد: سبحانك اللهم و بحمدك، و تبارك اسمـك، و تعـالى جدك، و لا إله غيرك، و إن أبغض الكـلام إلى الله أن يقـول الرجـل للرجـل: اتـق الله، فيقــول: عليــك نفــسك ) سلــسلة الاحاديــث الــصحيحة 2939 واتـــە: (خۆشەویـست تـرینی قـسان لای خـوا ئەوەیـە بەنـدە بڵـێ سـبحانك اللـهم و بحمدك، و تبـارك اسمـك، و تعـالى جـدك، و لا إلـه غـيرك، وە لـە ناخۆشـترینی قسان لای خوا –كە لەهەموو قـسان زیـاتر ڕقـی لێـیتی– ئەوەیـە پیاوێـك بـە پیاوێك بڵێ: تەقوای خوا بكە، ئـەویش بڵـێ: نەفـسی خـۆت بگـرەو ئاگـاداری خۆت بە –پەیوەندیت بەمن نەبێ–) .

وە هەر لە سلسلة الاحادیث الصحیحة كە لە ژێر تەخریجی ئەو فەرموودە ئـەو ئەسەرەش هەیە لە عبد الله كوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێ دەفەرموێ : (إن من أكبر الذنب أن يقول الرجل لأخيه: ( اتق الله )، فيقول: عليـك نفـسك، أنـت تأمرني ؟!) واتە: ( گەورە ترینی تاوان ئەوەیە كە پیاوێـك بـە براكـەی بڵـێ:

تەقوای خوا بكە، ئەویش بڵێ: ئاگات لـە نەفـسی خـۆت بـێ، تـۆ ئـەمر بـەمن ئەكەی ؟!) .

پەنا دەگرین بەخوا لـەوەی شـەیتان فـوو بكـا بـەلوتمان ئاوهـا تـەكـەببورمان هەبێ كە خەڵكی لە خۆمان بەكەمتر بزانین و بەشایانی ئەوەیان نەزانین پێمان بڵێن تەقوای خوا بكەو ئامۆژگاریمان بكەن!

وە پێغەمبەری خوا صـلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : ( لا يـدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر فقال رجـل إن الرجـل يحـب أن يكـون ثوبه حسنا ونعله حسنة قال إن الله جميل يحب الجمال الكبر بطر الحق وغمـط الناس ) رواه مسلم واتە : ( كەسێك ناچێتە بەهەشتەوە میـسقالە زەررەیـەك خۆ بەگەورە زانی لە دڵ بێت جا پیاوێك ووتی : پیاو حەز ئەكا جلەكەی جوان بێ وە پێڵاوەكەی جوان بێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم فەرمووی : بێگومـان خـوا جوانـەو جوانیـشی خـۆش ئـەوێ خۆبەگـەورەزانی ئەوەیە كە حەق ڕەد كەیتەوەو وەری نەگری وە خەڵكی بەكەم بزانی).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (ثلاث مهلكات: شح مطـاع وهـوى متبـع وإعجـاب المـرء بنفـسه) سلـسلة الاحاديـث الـصحيحة 1802 واتـە : ( سـێ شـت بـە هـیلاك بـەرن –توشـی هەلاكـەتت ئەكـەن– : ڕەزیلـی و چاوچـنۆكی –چاوبرسـێتیەكی– گوێڕایـەڵ كـراو وە ئـارەزووەكی شوێنكەوتراو وە ئەوەی كەسێك سەیری بەخۆی بێت –بـەخۆی بنـازی خـۆی پێ گەورە بێ و لە خۆ ڕازی بێ–) .

بەڵێ نەخۆشی خۆ بەگەورە زانین و بەچاوی كەم سەیر كردنی خـەڵك و حـەق وەرنەگرتن تاوانێكی گەورەیەو مرۆڤ توشی لەناوبردن و سزای خوا ئەكات! با وانەزانین خزمەتمان زیاترە لە موسڵمانان و خۆ بەگەورە بـزانین بەچـی دڵنیـا بین كە خوای گەورە چاكەی ئێمەی قبوڵ كـردووە ! ؟ وە بەچـی ئـەزانین كـە

ئەوانەی لە ڕووكەش لە ئێمە خزمەتیان كـەمترە خـوای گـەورە لێیـان خـۆش نەبووەو لە پێشی ئێمەن لە فەزل و تەقوا لەلای خوا! ؟ وا نەزانین ئەوەی زۆر دەر ئەكەوێ یانی ئەوە زۆر لە پێشە لای خوا ئەوە مـەرج نیـە! پێغەمبـەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( رب أشعث مدفوع بالأبواب لو أقسم على الله لأبره) رواه مسلم واتە : ( لەوەیە كەسی وا كە قژی تێك ئالاوە لە دەرگاكانا پاڵی پێوە ئەنێن –كەس حیسابی بۆ ناكا– ئەگەر سـوێند بخـوا لە سەر خوا –داوای لێبكـا شـتێكی پـێ ببەخـشێ– ئـەوە خـوا سـوێندەكەی دێنێتە دی سوێندی ناشكێنێ –چونكە لای خوا بەڕێزە–).

## ئەگەر جولەكە حەق بڵێ نابێ ئینكاری بكەی چ جای موسڵمان!

وعن عبد الله بن مسعود قال : جاء حـبر مـن اليهـود إلى الـنبي صـلى الله عليـه وسلم فقال : يا محمد إن الله يمسك السماوات يوم القيامة على أصبع والأرضين على أصبع والجبال والشجر على أصبع والماء والثرى على أصبع وسائر الخلـق علىأصبع ثم يهزهن فيقول : أنا الملـك أنـا الله . فـضحك رسـول الله صـلى الله عليه وسلم تعجبا مما قال الحبر تصديقا له . ثم قرأ : (وَمَـا قَـدَرُوا اللَّـهَ حَـقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالـسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّـاتٌ بِيَمِينِـهِ سُـبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ) متفق عليه واتـە : ( لە عبد الله ی كوڕی مسعود خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : زانایەكی جولەكە هات بۆ لای پێغەمبەر صـلى الله عليـه وعلى اله وسلم ئینجا ووتی : ئەی محمد صـلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم بـە تەئكید خوا ئاسمانـەكان ئـەگرێ لـە ڕۆژی قیامـەت لـە سـەر پەنجەیـەكی وە زەویەكان لە سەر پەنجەیەكی وە شاخەكان و دارەكان لـە سـەر پەنجەیـەكی وە ئاوو خۆڵ لە سەر پەنجەیەكی وە هەموو دروست كراوەكـانی تـر لـە سـەر پەنجەیەكی ئەوجا ئەیانهەژێنێ وە ئەفەرموێ : من مـەلیكم مـن (الله) م . جـا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێكەنی سەیری بە قسەی ئـەو

زانا جولەكەیە هات وە بۆ تەسدیقی قسەكەی پێكەنی . ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە : ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾).

**دەبا ئاگادار بین نەكەین پێچەوانەی قورئان و سوننەت بكەین و حەق ڕەد بكەینەوە لەبەر هەر بیانویەك بێت!**

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾ النساء 59 واتە : ( ئەی ئەو كەسانەی بڕواتان هێناوە گوێ ڕایەڵی فەرمانەكانی خوا بكەن وە گوێ ڕایەڵی فەرمانەكانی نێردراوی خوا پێغەمبەرەكەی بكەن وە هەروەها ئەوانەی كە خاوەن ئەمرن لەسەرتانەوە كە لەخۆتانن ) .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ النور 63 واتە : ( با بترسن ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانەكانی پێغەمبەری خوا ئەكەن لەوەی توشی فیتنە بن _توشی گومڕایی و هاوبەش دانان بن_ وە توشی سزایەكی توند بن _لە دونیاو دواڕۆژ_ ) .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَن يَعْصِ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَاراً خَالِداً فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ النساء 14 واتە : ( وە هەر كەسێك سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەكەی بكات وە سنوری كەخوا دای ناوە ببەزێنێ ئەوە خوا ئەیخاتە ناو ئاگرەوە هەتا هەتایە لە ناوی ئەبێ وە سزایەكی ڕیسواكەری بۆ هەیە ).

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ النساء(65) واتە : ( نا سوێند بە پەروەردگارت ئەوانە بڕوایان تەواو نابێ تاوەكو تۆ نەكەن بە دادوەر –حەكەم– لەوەی لە بەینیان ڕوو ئەدا پاشان لە

نەفسی خۆیان بێزاری و دڵ گرانی نەبینن لەو بڕیارەی تۆ بۆیانت داوە وە بە تەواوەتی مەل کەچ نەبن بۆ فەرمانەکانی تۆ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى . قالوا يا رسول الله : ومن أبى ؟ قال : من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقد أبى ) رواه البخاري واتە : ( هەموو ئوممەتی من ئەچنە نێو بەهەشتەوە ئیللا ئەوەی خۆی نەیەوێ ! ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم : کێ هەیە خۆی نەیەوێ بچێتە بەهەشت ؟ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەوەی گوێ ڕایەڵی من بکا ئەوە ئەچێتە ناو بەهەشتەوە وە ئەوەی سەرپێچی من بکا ئەوە خۆی نەیویستووە بچێتە بەهەشتەوە ) .

**کۆتایی:** وە کۆتایی بەو قسەیەی پێشەوا ابن تیمیە و ذهبي رحمهم الله دێنم کە ابن تيمية (رحمه الله) ئەفەرموێ : (والواجب على كل مسلم يشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله: أن يكون أصل قصده توحيد الله بعبادته وحده لا شريك له وطاعة رسوله، يدور على ذلك ويتبعه أين وجد، ويعلم أن أفضل الخلق بعد الأنبياء هم الصحابة، فلا ينتصر لشخص انتصاراً عاماً مطلقاً " إلا لرسول الله صلى الله عليه وسلم ولا لطائفة انتصاراً عاماً مطلقاً " إلا للصحابة رضي الله عنهم أجمعين، فإن الهدى يدور مع الرسول حيث دار، ويدور مع أصحابه) واتە : ( وە واجب لە سەر هەموو موسڵمانێك كە شاهێدی ئەدا بە لا اله الا الله وە بە محمد رسول الله : كە ئەسڵی مەبەست و نیەتی بە یەك كردنی الله بێ بە پەرستنی بە تەنها كە هیچ هاوبەشی نیە وە گوێ ڕایەڵی پێغەمبەرەكەی ، لە گەڵ ئەوە ئەسوڕێتەوە وە شوێنی ئەكەوێ لە هەر شوێنێ بێت ، وە ئەزانێ كە چاكترینی دروست كراوەكان لە پاشی پێغەمبەران سەحابەكانن ، جا دیفاع ناكاو شەخسێك سەرناخا سەرخستنێكی

عام و بێ ڕەها ، ئیللا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەبێ وە كۆمەڵێكیش سەرناخا سەرخستنێكی عام و بێ ڕەها ئیللا بۆ سەحابەكان خوا لێیان ڕازی بێ هەمویان ، بە تەئكید هیدایەت ئەڕوات و ئەسوڕێ لە گەڵ پێغەمبەر هەر چۆنی بڕواو بسوڕێ ، وە لەگەڵ سەحابەكانی ئەڕوات و ئەسوڕێ ) منهاج السنة (261/5) .وە ذهبي لە كتابی الكبائر ئەفەرموێ : ( قلت : واشر الكبر من تكبر على العباد بعلمه ، وتعاظم في نفسه بفضيلته ، فان هذا لم ينفعه علمه ، فان من طلب العلم للاخرة كسره علمه ، وخشع قلبه ، واستكانت نفسه ، وكان على نفسه بالمرصاد ، فلم يفتر عنها ، بل يحاسبها كل وقت ويثقفها : فان غفل عنها جمحت عن الطريق المستقيم واهلكته . ومن طلب العلم للفخر والرياسة ، ونظر الى المسلمين شزرا ، وتحامق عليهم ، وازدرى بهم : فهذا من اكبر الكبر ، ولا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر . ولا حول ولا قوة الا بالله ) الكبائر صفحة 79 بتحقيق محيي الدين مستو واتە : ( من ئەڵێم : خراپترینی خۆ بەگەورە زانی ئەوەیە كەسێك خۆی بەگەورە بزانێ بەسەر بەندەكان بە زانستەكەی ، وە لە نەفسی خۆی خۆی پێ گەورە بێ بەو فەزڵەی هەیەتی ، بێگومان ئەوە زانستەكەی سودی پێ نەگەیاندووە ، بە تەئكید ئەوەی داوای زانست بكا فێری بێ بۆ ئاخیرەت ئەوە زانستەكەی ئەیشكێنێتەوە ، وە دڵەكەی خاشع ئەبێ ، وە نەفسی جێگیر ئەبێ ، وە لەسەر نەفسی خۆی لە كەمین دەبێ ، وە لێی بێئاگاو بێتاقەت نابێ ، بەڵكو موحاسەبەی ئەكات هەموو كات وە بە ڕێكی ڕای ئەگرێ و ناهێڵێ خوار بێ : جا ئەگەر لێی بێئاگا بێ ئەوە بە سەریعی لایئەدا لە ڕێگەی ڕاست و بەهیلاكی ئەبات . وە ئەوەی داوای زانست بكا فێری بێ بۆ فەخر و ریاسەت ، وە سەیری موسڵمانان بكا بە لا چاوەكی –بەكەمی سەیریان بكا– ، وە تەكەلوف بێعەقڵی بەرامبەریان بكا –خۆی بی عەقڵ كا یان ئەوان بە بێعەقڵ بزانێ– ،

وە بەكەمیان بزانیّ : ئەوە لە گەورەترینی خۆ بەگەورە زانینـە ، وە كەسـێك ناچێتە بەهەشت میسقاڵە زەررەیەك خۆ بەگەورە زانی لە دڵدا بیّ . ولا حـول ولا قوة الا بالله ) .

**ئــیتر** موسـڵمان نـابیّ دەمـارگیری بـۆ كـەس هـەبێت و چـاوی لـە بەرامبـەر بیدعەكانی كوێر بكاو پاساو بۆ بیدعەو گـومڕایی بێنێتـەوە بـەڵكو هـەر كـاتیّ حەقی بینی لە هەر كەسێكەوە وەری ئەگریّ، خوای بەرز سـابتمان بكـات لـە سەر حەق و بمان پارێزی لە دواكەوتنی هەواو ئارەزوو .

**چاوەڕوانی ئەو كتابە بن بەم زوانە ان شاء الله :**

## ڕەددی قوتـابیەكی سەلەفی و شوێنكەوتەی ئەسەر بۆ ( كرێكار ) ی مامۆسـتای ئـاخیر زەمان و شوێنكەوتەی فیكر یان ( بـوخـار كردنی بیری بەچكە خەواریجێك وەك كەفی سەر ئاو لەبەر هەتـاو ).

## نوسینی : بـاوكی حارث